*Journal of Zankoy Sulaimani (JZS),part B,2001,Vol.7 ( 1 - 29 )*
گۆڤاری زانکۆی سلێمانی سالی ٢٠٠١، ژمارە (٧) بەش B لاپەرە (١ – ٢٩)

# عیسای هەکاری چەند لاپەڕەیەکی پرشنگدار لەژیانی یەکێک لەسەرکردە ناودارەکانی کورد لە شەڕی خاچیەکاندا

د. نەبەز مەجید ئەمین پروفیسۆری . ی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان/ زانکۆی سلێمانی /هەرێمی کوردستان / عێراق

## پوختە

لێکۆڵینەوە لەسەر کەڵە پیاو سەرکردە بەجەرگەکانی کورد کە خەباتیان کردۆتە سەر قافڵەی ژیانیان بەیەکێك لەو لێکۆڵینەوانە لە قەڵەم دەدرێت کە گرنگیەکی زۆری هەیە چونکە خوێنەر بە هۆیەوە دەتوانێت ژیاننامەی ئەوگەورە پیاوە مێژووییە بەڕێزانە بناسێت کە هەموو دەم ئەستێرەی درەوشاوەن بەسەر لاپەڕە بێگەردەکانی مێژووی کورد .

لەراستیدا هەر گەلێك لەسەر ئەم هەسارەیە دەژی خاوەنی کەسانی قارەمانی ئەوتۆن کە شایەنی ئەوەن تا هەتایە ناویان لەسەر نەخشەی بیرمان وون نەبێت ، و بە داستانە قارەمانیە‌تی‌یەکانیان بنازین و وێردی سەر زارین ، لە بواری جوامێری و لە خۆ بوردوییدا هەر بووترێتەوە ، بەڵێ شیاوی ئەوەن کە لەمیانەیانەوە نەوەکان شانازی بەرابردووی زێڕینیان بکەن ، هەر ئەوانەن ئەستێرەی هیوای گەل بۆ خەباتی بێ ووچان و کۆڵنەدان ، چونکە نەتەوەیەك بتوانێ ڕۆڵەی جەربەزەی ئاوا دلێرو چاو نەترس و سوارچاك وڕوناكبیر پەروەردە بكات لەتوانای بێپسانەوە دایە تا ژیان مابێت چەندین قارەمانی ئاوا پێبگەیەنێت .

گەلی کوردیش وەك هەر گەلێکی تری ڕۆژهەلات هەردەم سنگی خۆی کردۆتە قەڵغان و بەرپەرچی هەر هێرشێکی درندانەی داوەتەوە کە دووچاری بووە ، هەموو کات قوربانی و گیان بەخشین لەلایان پیرۆز تر بووە لەژێر دەستی و سەردانەواندن .

شەری خاچی‌یەکان[1] کە لەڕۆژهەلات هەلایسا نزیکەی دووسەد سالێکی خایاند واتە لەکۆتایی سەدەی یازدەهەمی زایینی تاچارەکی سێیەمی سەدەی سیازدەهەمی زایینی، ئەگەر چی چەندین سەدە بەسەریدا رایبواردووە کەچی تاکو ئێستاش بەردەوام باسی دەکرێت و جارجارە تەپ و تۆزی کۆنینەی لەسەر ڕوو دەماشرێتەوە .

شایانی باسە هەر کەسێك کەلەدەرگای مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست بدات بەگشتی و شەڕی خاچی‌یەکان بەتایبەتی وەبەکەلەبەرەکانیدا شۆڕبێتەوەو لاپەڕە مێژووییەکان شەن و کەو بکات یەکسەر ڕۆڵی گرنگی‌قارەمانیەتی کورد پێش دیدەی ڕۆشن دەکاتەوە ، لەخۆ بردوویی‌و ئازایەتی ئەم گەلە موچرکی شێر مەیدانی و وورە بەرزی لە جەستەیدا دەخرۆشێنێت کە بەرامبەر دژایەتی کردنی خاچی‌یەکان نواندوویانە . لەو پەرتووکانەش کە ئەم باسانەیان لەباوەش گرتووە : پەرتووکی (ذیل تاریخ دمشق) ابن القلانس و (الاعتبار) ی اسامة بن منقذ ، و (الروضتین فی اخبار الدولتین) ی ابو شامة ، و (الدرة المضیئة) و (الدر المطلوب فی اخبار بنی ایوب ) ی الدواداری ، و چەندین پەرتووکی تر .

لەدوو توێ ئەم پەرتووکانەدا تێکۆشانی کورد بەزەقی دیارە لەهەموو بوارەکانی ڕامیاری و سەربازی و ڕۆشنبیری و ئاینی دا ، بەتایبەتی لەبواری ئازایەتی و نەبەردیدا ، چونکە ووشەی کوردو ئازایەتی وەك دوو هاوڕێی بەوەفا هەردەم بەیەکەوە لەسەر زار دێنە ئاخاوتن ، تەنانەت زۆر جار ووشەی کورد مانای قارەمانیەتی دەگەیەنێت . یەکێك لەو ڕۆژهەلات ناسانەی کە بایەخیان بەمێژووی کورد داوە ، کورد بە " شۆڕە سواری ڕۆژهەلات " [2] لەقەڵەم داوە ، گەریدە علی سیدۆی : بە ئۆسکوتلەندی‌یە کۆنەکانی وەسف کردوون دەڵێ کانگای ئەمەکداری و ڕێزن [3] .

لێرەدا لەباسی گیان بەخت کردن و مێژووی ئازایەتی بەڵگە نەویستی کورد دەوەستم چونکە لاپەڕەی پەرتووکی جۆراو جۆری لەسەر

*A Special Issue Devoted To The Papers Presented In The First Scientific Conference of Zankoy Sulaimani (27-28th Sept.2000).*

چاپ كراوه ، ئەمەی سەرەوه سەرەتایەكە بۆ شۆڕبوونەوه بەرەو كرۆكی باسەكە ئەویش لەنزیكەوه ناسینی سەركردەیەكی هەڵكەوتووی كورده لە سوپای سەلاحەدینی ئەیوبی [٤] ، كە ناوی عیسای هەكاری یە ، میرێكی پایەدارو زانایەكی ئاینی یە كە بەیەكێك لە میره هەرەدیارو كاراكانی سەردەمی خۆی دادەنرێت.

لە كۆتایدا دەمەوێت پەنجە بۆ ئەوە درێـژ بكەم كە بەناسینی ئەم سەركردە قارەمانە زیاتر ئازایەتی سەردارە كوردەكانی سوپای سەلاحەدین و ئەم میرە لێ هاتووە ئاشنا دەبین ، وە ڕۆڵی ئەم سەركردە كوردانەمان لا یەكالا دەبێتەوە كە دژ بە خاچی‌یەكان گێڕاویانە ، ئەو جەنگەی كە بووە مایەی هەڵسانی لافاوی خوێن و سەرگەردانی و شەكەتی كردە دیاری بۆرۆژهەلاتی ئیسلامی و ئەورووپا ، چونكە سەركردەیەك بووە چالاكانە توانیویەتی ئەسپی خۆی لە گۆڕەپانی ئاینی و زانست و شمشێر بازی‌دا تاو بدات و شۆڕە سوارێكی دەگمەن و كەم وێنە بووە .

باسەكە بەسەر چوار بەشدا دابەش كراوە : لەبەشی یەكەمدا ئاماژە بۆ لەدایك بوون و چەكەرەبونی ژیانی و نازناو و ڕۆڵی بنەماڵەی میر عیساو هۆزی هەكاری لەشەڕی خاچیەكاندا و سیفاتەكانی و ماڵئاوایی لەژیانی‌دا كراوە .

لەبەشی دووەمدا باس لەرۆڵی ئەم كەڵە مێردە كوردە كراوە لەهێرشەكانی سەر میسرو پتەوكردنی پەیوەندی نێوان سەلاحەددین و نورالدین محمود و بەدیل گیرانی لەلایەن خاچیەكانەوە لەشەڕی ڕەملەدا .

لەبەشی سێیەمدا باسی لەهەوڵەكانی میر عیسا كراوە لەپێناو پێكهێنانی بەرەیەكی یەكگرتووی ئیسلامی دژ بەخاچیەكان و ڕۆڵی لەپتەوكردنی پەیوەندی نێوان میرەكانی سوپای ئەیوبی .

لەبەشی چوارەم و كۆتاییدا باس لە ڕۆڵی میر عیسا كراوە لەشەڕی خاچیەكاندا بەتایبەتی دوا بەدوای رزگاركردنی شارە كەناریەكانی وولاتی شام و سەركەوتنە مەزنەكەی ئەیوبیەكان لە رزگاركردنی قودس داو شەری مەزنی عكا .

## بەشی یەكەم

### ١- لەدایك بوونی میر عیسای هەكاری و چەكەرەكردنی ژیانی

هەرچەندە مێژوونووسان بایەخیان زۆر بەمێژووی ماڵئاواییكردنی میر عیسای هەكاری لەژیان داوه ، كەچی لە هەمان كاتدا ساڵی لەدایك بوونی ئەم میره لێ هاتووەیان فەرامۆش كردووەو هەر بەشاراوەیی یان هێشتۆتەوه و ناویان نەهێناوه ، لە وانەیە هۆكەش بگەڕێتەوه بۆ ئەمە كە مرۆڤی لەدایك بوو تابەسەر پەیڕەی ژیان هەنگاو نەنێ‌و زانست و ناودەنگ لە خەرمانی تێكۆشانی ژیانی نەداتە دەست كۆمەڵەكەی ژیاننامەی نابێتە سەر لەوحەی بە شوێن دا گەڕان و توێژینەوه لێ، جێگەی گومانیش نی‌یە كە گەلێك میر هەن مێژووی لەدایك بوونیان هەر بەشاراوەیی ماوەتەوه ، ئەم میرەی لە مەڕ خۆشمان یەكێكە لەوان .

شایانی باسە زانیاریمان دەربارەی قۆناغی بەرایی ژیانی و سەردەمی منداڵیەتی یەكجار كەمە تەنانەت ئەو سەرچاوانەش كە لە میر عیسا دواون بە تایبەتی پەرتووكەكانی ( التراجم ) كە بەسەرچاوەیەكی گرنگ دادەنرێت بۆ شارەزابوون لە هەڵسوكەوت و بەسەربردنی ژیانی ناودارەكان ، بە شێوەیەكی ئەوتۆ نین كە پەردەیان لەسەر ئەم لایەنە لادابێت و بە تێرو تەسەلی لێی دووابن بە جۆرێك لە كەسایەتی ئەو سەردەمەی شارەزا بین . بەلام وا پێ دەچێت كەلەسەردەستی خێزانێكی نیشتیمان پەروەرو بە رەووشت گۆشكراوە ، وەك هەموو ڕۆشنبیرەكانی ئەوسا لە چاووگەی رۆشنبیری ئیسلامی خۆی تێراو كردووه چونكە بە پێی باروودۆخی ئەو سەردەمە ئاینی ئیسلام تاكە دروشمی ژیان بووه لەلای موسڵمانان ، بە جۆرێك كە نەتەوه جۆراو جۆرەكانی بە یەكێتی و برایەتی بەیەكەوه گرێ داوه ، هەر وەك لەم ئایەتەدا دەردەكەوێت (ان اكرمكم عند الله اتقاكم) [١] . كەواتە بە گەڕانەوە بۆ نوسینەكانی مێژوونوسانی سەردەمی عیسای هەكاری دەبینین كەوا بایەخێكی ئەو تۆیان بە ژیانی پێش میرایەتی میر عیسا نەداوە هۆكەش لەبەر ئەوە بووە كە زیاتر گرنگیان بە تۆماركردنی باس و خواسی ناوداران داوه پاش دەركەوتن و دیاربونیان لەناو كۆمەڵ . هەر چۆنێ بێ گومان لەوەدا نی‌یە كە ئەم میرە كوردە

لەسەر خوانی چاکەو پیاوەتی پەروەردە بووە ، لای زانایانی بۆتان فێری خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و خواپەرستی و زانستی ئاینی بووە لەوانەش شێخ (ابو القاسم البرزی)یە [٢] . وە لەبەر ئەوەی وولاتی شام لەو سەردەمەدا جم و جۆڵی زانستی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەتی لە سەردەمی (نورالدین محمود) دا [٣] وە گرنگیان زۆر بە زانست و زانایان داوە بە رادەیەك بوو بووە ڕووگەیەك لە هەموو لایەکەوە زاناکان ڕوویان تێ کردووە و ، زاخاوی مێشکی خۆیان بە زانستی جۆراو جۆرداوەتەوە ، میر عیسای هەکاریش وەك یەکێك لەو زانست دۆستانە خۆی بێ بەری نەکردووە لە چنینی دەستە گوڵی هەمە ڕەنگی زانیاری و بەرەو ئەو هەوارە هەنگاوی هەڵهێناوە . وانەی زانستی لەلای شێخ و زاناو ناودارەکان فێر بووە لەوانەش (( الحافظ ابن طاهر ) و (الحافظ ابن القاسم ابن العساكر) ، هەروەها زانستی لای شێخ (ابن عصرون) [٤] وەرگرتوەو فێری بووە [٥] کە مێژوو نوسان بە پێشەنگی زانایانی فقهیات لە قەڵەم داوە [٦] بەم پێیە دەتوانین بە ڕاشکاوی یەوە پێ لەسەر ئەمە دابگرین کە ئەم میرە ناودارە لەسەر دەستی ناودارترین زانایانی سەردەمی خۆی لە جەزیرەو وولاتی شامدا پێ گەیشتووە ، لە دوایدا چووە بۆ حەلەب ، وە لەقوتابخانەی (الزجاجية) [٧] خوێندویەتی [٨] هەر لەوێشدا بووە بە زانەیەکی فقهی بە ناوبانگ و زۆربەی ژیانی لە پێناویدا تەرخان کردووە ، خۆی لەبۆتەی ئەم زانستەدا تواندۆتەوە . شایانی باسە هەر لەو قوتابخانەیەدا قازی (محمد الانصاری) ناسیوە وزانیاری لێ فێر بووە [٩] ، وە لەئاکامی ناسینی و بەیەك گەیشتنیان لەگەڵ (ئەسەدەدین شێرکۆ) [١٠] ، دا بۆتە پێشەنگی سەربازەکانی [١١]

## ٢- نازناوی میر عیسای هەکاری

هەکاری نازناوی میر عیسایە وە دەربارەی بنەڕەت و پێك هاتنی بنچینەیی ئەم نازناوە ، مێژوو نووسان گەلێ بیروو بۆچونی جیاجیایان هەیە . بۆ نمونە هەندێکیان بنچینەی ئەم نازناوە دەبەنەوە سەر مەڵبەندی نیشتەجێ بوونیان کەچی هەندێکی تر دەیبەنەوە سەر ناوی هۆز . مێژوونووسان (السمعانی ، ابن الاثیر ، ابن الجوزی)[١٢] وە هەندێکی تر دەڵێن ئەم نازناوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان دەگەڕێتەوە کە ئەویش وولاتی هەکاری یە ، کەچی هەندێکی تریان [١٣] دەڵێن ئەم نازناوە دەگەڕێتەوەبۆ ناوی هۆزەکەیان کە هەکاری یان پێ دەگوتن . هەر لەم بارەیەوە نابێت خۆمان لەوبیروڕایەی کە لەپەرتووکی (دائره المعارف الاسلامیه) دا هاتووە لاتەریك بگرین و بەسەریدا تێ پەڕین کە دەڵێت : بنەڕەتی ئەم نازناوە بۆباپیرە گەورەو دامەزرێنەریان دەگەڕێتەوە کە ناوی هاوکال (hawkal ) [١٤] وە لەو شوێنەدا گوزەرانی بەسەر بردووە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆر جار دەبێت کەسانی نمونەیی و بەناوبانگ و ناسراو بەشداری دەکات لە ناونانی شوێنی نیشتەجێ بوون ، لێرەدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە تاکو ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویمان نەکەوتۆتە بەردەست کە ڕاستی ئەو ڕایە پێکێنێ ، بەڵکو زۆربەیان هۆی هەڵبژاردنی نازناو دەگەڕێننەوە سەر ناوی جوگرافی شوێنی نیشتەجێ بوونیان هەروەکو بڵێی ئەم شوێنە هەم باپیرە گەورەو هەم بنەچەیان بێت . [١٥] ڕایەکی تریش هەیە کە لەگەڵ ئەو ڕایە یەکانگیر دەبێتەوەکە پێشتر لێی دوواین کە دەڵێت : هەکاری‌یەکان لە چەند هۆزێکی کوردی بچوك بچوکی یەك گرتوو پێك هاتوون ژمارەیان (٢٤) بیست و چوار هۆز دەبێت بەناوی ئەو شوێنەی کە لێی ژیاون ناونراوون ، ئەویش هەکاری‌یە [١٦] .

ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێش بێت ئەوەیە کە هەکاری‌یەکان خۆیان دەڵێن کۆنترین کوردن ، چونکە بارودۆخی ناوچەکەو هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی ناوچەکەو ئەستەمی گەیشتن پێی بەهۆی سەختی ڕێگاوبانی وای لێ کردوون کە ڕەسەنی‌ڕەگەزو بێ گەردی خۆیان بپارێزن و هیچ توخمێکی بیانیان تێکەڵ نەبێت ، هەر ئەو هۆیەش وای لێ کردوون کە گۆشەگیرو دوورە دەست بن لە تێکەلاو بوون و کارتێکردنی خەڵکانی تر . [١٧] شایانی باسیشە کە میرە هەکاری‌یەکان بە ڕەسەنایەتی و ئاکاری چاك و ڕەفتاری جوان لە نێو میرە کوردەکاندا ناوبانگیان دەرکردوە . [١٨] لە ڕاستیدا گەلێ گێڕانەوەو گوتەی وا هەن کە هەندێك کەس بۆ مەبەستی لەکەدارکردنی کوردایەتی ئەم هۆزە کوردە ووتویانە ، کە پێویستە شەن و کەو یان بکەین و لێیان بتوێژینەوە بۆ دەرخستنی ڕاستی بۆ مێژوو . بۆ نمونە : مێژوو نووس (المقریزی) دەڵێت : عەجەمەکان لە چەند هۆزو تیرەیەك پێك هاتوون [١٩] لەمانەش هەکاری‌یەکانن .

هەروەها دەڵێن لەکوری(عتبه بن سفیان بن حرب ) ن[٢٠] کەچی مێژوو نووسی کورد ی بەناوبانگ شەرەفخانی بەدلیسی نازناوی میرە کوردەکانی هەکاری دەگەڕێنێتەوە سەر خەلیفەکانی عەباسی[٢١] ، هەروەها (ابن خلکان) یش هەندێ لەمیرە هەکاریەکان لەوانەیش عیسا دەباتەوە سەر (علی بن ابی طالب)[٢٢] لێرەدا دەتوانین لە خوێندنەوەی ئەم گێڕانەوانەدا بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لەڕاستی بەدوورن و زۆر جار خۆیان قسەکان پووچ دەکەنەوە و پێچەوانەی یەکتر دەوەستن ، هەروەکو ئەو گومانەی کە (المقریزی) هێناویەتیە ناو دوو تۆی باسەکەی کاتێك کە دەڵێت <<وا دەڵێن>> ئەم ووتەیەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە سەر هەڵدانی دوودڵی و ڕاڕایی لە گێڕانەوەکەیدا ، ئەمە بێجگە لەوەی کە ناوی کورد بە چەند سەدەیەك لە پێش هاتن و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە وولاتی هەکاریدا هاتووە[٢٣] .

هەرچی دەربارەی راکەی بەدلیسییە کە هەکارییەکان دەباتەوە سەر نەسەبی خەلیفەکانی عەباسی ، ئەوا لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە هەندێك لە میرەکانی عەباسی شوێنی خۆیان جێ هێشتوەو بۆ وولاتی هەکاری کۆچیان کردووەو کردوویانە بەشوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە میرە هەکارییەکان لە وانەیش میر عیسا بۆ نەسەبی عەباسییەکان بگەڕێتەوە ، چونکە هەمان سەرچاوە دەڵێت هەندێك لەو میرە عەباسیانەی کە دوای هێرشی شومی هولاکۆ بەغدادیان جێ هێشتوەو بۆ ئەو ناوچەیە کۆچیان کردووە ، وە دەڵێن گوایە یەکەم میری دامەزرێنەری میرنیشینی هەکارییەکان کەلەسەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچی بەرامبەر سەدەی چواردەهەمی زاینی لە نەسەبی عەباسییەکان بووە[٢٤] ، کەچی میر عیسای هەکاری لە سەدەی شەشەمی کۆچی - دوانزەهەمی زاینی ژیاوە .هەرچی (ابن خلکان)یشە ئەوا هەر خۆی لە گێڕانەوەکەیدا ڕاڕایی لە دڵی خوێنەرو لێکۆڵینەوەران پەیدا دەکات ، بۆ نمونە لەو شوێنەدا کە باسی میر عیسا دەکات ، دەڵێت :.....لەکوری کوری براکەی گوێی لەم نەسەبە بووە - لێرەدا راناوەکە بۆ میر عیسا دەگەڕێتەوە - ئەمەش لەوانەیە بۆ داپۆشینی ئەو هەڵوێستە دژە بێت ، ئەم قسەیەی بۆ نەوەی براکەی گەڕاندبێتەوە ، چونکە هەر خۆی (ابن خلکان) لە پەرتووکی ( وفیات الاعیان) دا نووسیویەتی کە هەکارییەکان هۆزێکیکوردن بە بنەچە[٢٥] . لە ڕاستیدا نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە ئەو سەردەمەی کە میر عیسای تێدا ژیاوە هەندێك کەس ناز ناوی عەباسی یاخود عەلەوی یان بۆ خۆیان هەڵ بژاردووە بۆ مەبەستی تایبەتی و بەرژەوەندی خۆیان چونکە ئەو کەسانەی کە بەڕەچەڵەك ئەگەڕانەوە بۆ عەباسییەکان یاخود عەلەوییەکان ڕێزی زیاتریان لێ دەگیرا ، وە سەرنجی خەڵکی یان بۆ لای خۆیان راکێشاوە بەهۆی ئەم نازناو رەچەڵەکەوە .جا ئەگەر ئەم جۆرە پروپاگەندە یا کردارە شتێك بدەنە دەست ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کوردیش وەك زۆربەی گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی موسلمان ، بەڵکو زیاتریش ئاینی ئیسلامیان لاپیرۆز بووە ، بەرادەیەك نازناوی عەرەبی وایان هەڵبژاردووە کە لەگەڵ بارودۆخی ئەوکاف بگونجێت ، وە بەشێوەیەك پابەندی بووین کە پەیوەندیان بەرابردووی خۆیانەوە شیرازەی تێك بچێت ئەوەش شتێکی نامۆ نییە ، چونکە لەسەردەمێك بووە کە ڕەگی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام لە قولایی ناخی هەموو کەسێك ڕەگی داکوتیوە ، وێرای ئەوەش ئەو چەرخە گەلێك کێشەی ئاینی بەخۆیەوە بینیوە دیاری تریشیان غەزا کردن بووە لەپێناوی ئیسلام و بەرگری کردن دژی خاچییەکان.بەهەرحاڵ گەڕاندنەوەی نەسەبی هەکارییەکان بۆ عەباسیەکان و عەلەویەکان ئەمەویەکان بەهیچ شێوەیەك ناتوانی بەرامبەر راستی خۆی بگرێت ، چونکە زۆربەی زۆری سەرچاوەکان بە ڕاشکاوی و پێ لەسەرداگرتنەوە دەڵێن کەهەکاری یەکان بەبنەچە کوردن[٢٦] .

### ٣- بنەماڵەی میر عیسای هەکاری

ئاشکرایە کە ئەم کەڵە مێردە کوردە بەتەنها مێرێکی ئاسایی نەبووە ، بەڵکو وەك میرێکی لێهاتوو وە سەرکردەیەکی ئازاو نەبەرد لەنێو میرەکانی دەوڵەتی سەلاحی ناسراوە ، پایەیەکی دیاری هەبووە بەڵام جێی مەخابە کە مێژوو نوسان وەکو پێویست مافی خۆیان نەداوەتێ لەلالێکردنەوەی بنەماڵەی ئەم میرە نەبەردو دلێرە ، زۆر لایەنیان بەشاراوەیی هێشتۆتەوە وەك

بەسەرنەکردنەوەی ژیاننامەی باوکی و ناونەهێنانی خێزان و مالّ و مندالّی ، کە ئەمەیان لەوانەیەلەبەرئەوەبوبێت کە بێ مندالّ بووە ، ئەگینا هەر دەبوایە لەدەرگای ئەم باسەیان بدایە ، بەلاّم نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت کەباسی ئازایەتی و بە توانایی دوو برایان کردووە و ڕۆڵی چالاکانەیان لەسوپای ئەیوبی دژ بەخاچی‌یە کان بۆ دەرخستوین ئەوانیش (ظهیر الدین و مجد الدین) ن . دەربارەی (ظهیرالدین) ووتویانە شان بەشانی براکەی واتە میر عیسا لەسەرجەم شەرەکانی لەگەلّ خاچی‌یەکان بەشداری کردووە وەپشتگیری کردوون و لەگەلّ یەکدا بەدیل گیراوون لەشەڕی (رەملە) دا ، هەروەها جێ دەستی لەچاککردنەوەی مالّی پیرۆزی (قودس) ئاشکرا دیاربووە دووایی‌ی ئازادکردنی لە ژێر چەپۆکی خاچی‌یەکان [27] . وە دەربارەی ئەم ڕووداوانەش مێژوو نووسی بەناوبانگ ئەسفەهانی دەلّێت : (لەو کاتەی کە شاری قودس کالاّی ئازادی پۆشی و ئەستێرەی هیوا لە ئاسمانی سەرفرازیدا هەلّهات ، وە دڕی بەشەوەزەنگی ژێر دەستی دادا ، چیاو الدین ـ میر عیسایە ـ بەبیروڕا بەجێ و کاری وورد بین و ژیرانەی دەستی کرد بە چاککردنەوەی قودس و ڕێکخستنی کاروبارەکانی لە هەموو ئەو کارانەشدا ظهیر الدینی برای پشتیوانی کردووە بە جۆرێك کە تاکو ئێستا ش لێ دووان لێی تام و چێژێکی تایبەتی دەبەخشێت بە گوێگر ، تا لەشەڕی رەملەدا ، دوای شەڕکردنێی بێ وێنە بە دیل گیرا لەدووایدا لە ڕێکەتی مانگی شەعبانی سالّی پێنج سەدو هەشتاو پێنجی کۆچی شەهید بوو وە گیانی پاکی بەخشی بە خاکەکەی وە لەپێناوی بیرو باوەڕی چووە ریزی کاروانی سەروەری یەوە ) [28] . شایانی باسە براکەی تریشی ( مجد الدین) کەلّە مێردێکی نەبەردو میرێکی پایەداری سوپای ئەیوبی بووە خاوەنی چەندین هەلّوێستی شەرەفمەندانەیە لە بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی ئیسلامی دژ بە داگیرکەران [29] پشتگیری (الملك الافضل) [30] ی کردووە لەو کێشەیەی کە لەگەلّ (الملك العادل) دا[31] ڕوویدا وە لەپاش مردنی سەلاحەدین کە لەنێوانیاندا سەری هەلّداوە ، وە توانیویەتی بچێتە ناو شاری دمشق لە کاتی گەمارۆدانی دا لەلایەن (الملك الافضل) وە بەلاّم لە توانایدا نەبوو بمێنێتەوە لە ناوشارەکەدا بۆ ماوەیەکی زۆربەهۆی

نەگەیشتنی هێزی پشتگیری بۆی . [32] لە کۆتاییدا ئەم کەلّە مێردە هەکاری‌یە براکانی ئاسا شەڕکەرێکی بە تواناو کەم وێنە بووە لە سوپای ئەیوبیەکاندا ، (ابن خلکان) کە خۆی بینیویەتی دەلّێت (جل و بەرگی هەمان شێوەی پۆشاکی براکەی میر عیسا ـ کردۆتە بەر ، ئەویش جل و بەرگی سەربازی و عەمامە بووە ، تا لەمانگی زی الحجەی سالّی ٦٣٦ کۆچی مالّئاوایی یەکجارەکی لە ژیانی کردووە لە( المقطم ) [33] لە قاهیرە بە خاك سپێردراوە [34].

## ٤- ڕۆڵی هۆزی میر عیسا

هەکاری یەکان ڕۆلّێکی دیاریان هەبووە لە سوپای سەلاحی‌دا بەجۆرێك بە شێکی دیاری سوپاکەیان پێك هێناوە ، زۆر بەشیان ئەندامی کاراو لێ هاتوو و جەربەزە بووین ، لە گشت شەڕەکاندا سەربازی فیدا کارو گیان لەسەردەست بووین هەرگیز وورە بەردانیان نەزانیوە وە سنگیان کردۆتە قەلّغانی دوژمن و بە خوێنی ئالّیان خاکی پاکیان لە هێرشی درندانەی خاچی‌یەکان پاراستووە . هەروەها خە باتی بێ ووچانیان لە پێك هێنانی بەرەیەکی ئیسلامی یەککرتوودا هەمدیس بە وپەڕی مەزنی‌یەوە پەنجەی ئافەرینی بۆ رادەکێشرێت . هەکاری‌یەکان هەموو دەم جێگای متمانەو بڕوا بووین ، پایەکی دیاریان لەلای سەرکردەی بەرەی ئیسلامی یەککرتوو سەلاحەدین دا هەبووە ، بە جۆرێك لە زۆربەی کاتدا پشتی پێ بەستوون و پرس و ڕاوێژی پێ کردوون .[35] ئەوە تا ( سیف الدین علی بن احمد المشطوب) نازناوی میری گەورەیە بە رادەیەك بەتەنها ئەم کەلّە مێردە هەکاری‌یە لە سوپای ئەیوبیدا ئەم نازناوەی پێ بەخشراوە [36] وە براکەشی (الجناح اخو المشطوب الهکاری) لە زۆربەی شەرەکانی دژ بە خاچی‌یەکان بەشداری کردووە وەك میرێکی مەزن و پایەدار ئەرکی خۆی بینیوە لە سوپای ئەیوبیدا [37] ، هەمان شت دەربارەی کوڕەکەی (عماد الدین ابن المشطوب الهکاری) دەگوترێت ، کە وەك کەلّە مێردێکی ناودارو بەجەرگ ناسراوەو لە ڕیزی میرو مەلیکە پایە بەرزەکان دابووە و خاوەنی چەندین نەبەردی سەرکەوتوانەیە [38] هەروەها میر (بدر الدین ابراهیم الهکاری) کە سەلاحەدین داینـاوە بە والی قەلاّی (حمص) [39] هەروەها میر

(خوشـترین الهكـاری) كـه توانیویـەتی سـەركردەی بـەرزی خاچی‌یەكان (ابن بارزان) له شەڕی (مرج عیون) دا به دیل بگرێت له سالی ٥٧٥ كۆچی (٤٠).

له ڕاستیدا ئەم نەبەردانه چەند نمونەیەكن كه ڕۆلی مەزنی هۆزی هەكاریمان بۆ دەردەخـات لـەو سـەركەوتنانەی‌كه سـوپای سەلاحەدین لەزۆربەی شەڕەكانی دژ به خاچی‌یەكان به دەستی هێناوه بەلگەش بۆ زیاتر ڕوون كردنـەوەی ئـەم باسـه ئەوەیـه كه مێژوو نوسان گەلێ سەربردەو ڕووداوی ئەم هۆزەیان تۆمار كردووه كه چۆن بوونەته بەربەستی پۆلایین دژی خاچی‌یەكان .

## ٥-سیفاتەكانی میر عیسا

بەدەگمـەن مرۆڤێك هەلدەكەوێت كه گولستانی كەسایەتی بـه هەموو تەرزه گولێكی ڕەنگاو ڕەنگ برازێتەوه ، هێنده گەش بێ كه به هیچ جۆرێك خەزانی پایز دەروەستی نەیەت و به گەردەلولی بەرژەوەندی و سەرمایه و پارچه گرانبەهاو سەرنج ڕاكێش نەژاكێن . بەلێ مرۆڤێك كه ڕەوتی گەشتی ژیانی لەپێناوی شكۆمەندی بیروباوەڕی به هەموو هەلەت و هەلدێرو تفت و تالی‌یەوه تاخالی كۆتایی بەبێ هیچ لادانێكی نابەجێ دوایێ هێنا بێت ، چۆن ئـەم ڕێبازەی نابێته مەزارگەی نیشتمان پەروەری و هەلوێستی پۆلایین ! ئەی چۆن سنگی ئەو لاپەڕه پیرۆزانەی كه ژیاننامەی ئەم كەله مێرانەیان گرتۆته خۆ ، نابێته لانەی پێگەیاندنی بەچكه شێرانی هاوخوێنی ! وەنەبێت ئەم دەربڕینانـه ڕەمەكی‌یانه بێت ، بەلكو ئەوەتا لەگەلێ ناوهێنانی دا چەندەها زوبانی هەلوێست و دلسۆزی و سیاسەت بـەرزی و ئاكاری بـەجێو دەروناسـی و سوارچاكی و نەبەردی و خۆراگری ، دێنه گۆ و هاوار دەكـەن هەریـەكێكیان دەلێت منم میر عیسای هەكاری .. وەكو پێشـەنگێكی سـەردەمی خۆی نموونـەی بـەرزی خـەباتی تێكۆشانی بـووه ، لـه هـەموو نەبەردیەك دا شوێن پەنجەی بەجێ هێشتووه ، هەوەك لەشەڕی ڕەملەدا خۆی و براكەی به دیل گیران ، لەشەوه زەنگی دیلیەتی دا ڕقی پیرۆزی ئەستورتر بـوو، ئاسۆی هیـوای گەشتر بوو ، كێوی بیروباوەڕی زیاتر ڕوو لەئاسمان بـالای دەكرد . ووره بـەرزی ئـەم میره بـه چەشنێك بـووه كه هـەرگیز نووچدانی نـەزانیوه ، لـه دژوارترین هەلوێست دا ، خەنده لەسەر ڕووی نەكوژاوەتەوه و بەرەو لووتكەی مەبەست هەنگاوی گورجپرانەی بۆ هەلێناوه ، كاتی شـەهید بوونی براكەی و گـەمارۆدانی سـێیەمی مووسـلێ سووربوونی لەسـەر ئابلۆقەدانەكه هەلبژارد ، لـەكاتێكدا زۆربـەیان وورەیان بەرەو دۆلی ڕووخان لۆژ دەبووەوه و ئاوەژووی ڕاكەی ئەم بـوون ، زەق ترین بەلگـەن . هێنده بـڕوای بـەخۆی هـەبووه بەڕادەیەك لـەخۆی ڕابینیـوه سـەركەش تریـن كێـوی ئالـەباری هەرەس پـێ بهێنێو بـه گیـانێكی پۆلایـین ڕووبـەڕووی ببێتـەوه ، ئالـەبارترین هەلوێستیش لـەم ڕووەوه ڕازی كردنـی یـەك لـەدوای یـەكی ئـەو هـەموو بەرهەلسـتكارانەی سـەلاحەدین بـوو لـەكاتی وەرگرتنی وەزارەت دا . ئەی ئەگەر سیاسەت بەرزی و وورد بینـی و ژیری ئـەم میـره نەبووایـه چۆن چـەندین جـار وەك پەیامبـەر چ لەلایەن صەلاحەددین بۆ ( نورالدین محمود)و( بهلوان ) وه چ لەلایـەن (نـور الدیـن محمـود) ەوه لـەكاتی چوونـی بـۆ میسـر هەلدەبژێرا (٤١) . جگه لەمەش وەك سـەركردەیەكی سیاسـی بـەرز لەنێو ڕیزەكانی سـوپای ئـەیوبی‌دا ناسراوه ، هـەر لەبـەر ئەمـەش بووه صەلاحەددین لەهەموو كاروبارەكانی دا پـرس و ڕاوێـژی پـێ كردووه و جێی متمانەی بووه ، هاوەلی هەمیشەیی گشت سات و شەڕەكانی بووه ، بۆ چاككردنەوەو نوێ كردنەوەی قودس ، ئەمی بەرپرسیار كردووه ، كـه بەلگـەی ئاشكرای دلسۆزی و كارامـەیی ئەم میره دەنوێنێت ، به درێژایی ژیانی خۆی بۆ تواندۆتەوه و مـل كـەچی ئەركـەكانی بـووه و هـەرگیز پـاش گـوێی نەخسـتووه ، هەروەها قسه بەجێو هەلسوكەوته شیاوەكانی بۆتـه سـەرچاوەی خۆشەویسـتیو ڕێـز بـۆ ئـەندامانی سـوپاكەی ، هەمیشـه وەك بەربەستێكی دژوار وەستاوه له بەرامبەر لێـك تـرازان و تێكچوونـی شیرازەی نێو ڕیزی سوپاكەیان . هەربۆیـه گـەلێ لـه مێژوونووسـان خۆیان پێوه خەریك كردووه و هەریەكەیان لایـەنێكی كەسـایەتی ئـەم میرەیـان بـۆ خسـتوینەته ڕوو وبـیروڕای خۆیـان دەربـارەی دەربڕیـوه ، ئەمانـەی خـوارەوەش مشـتێكن لـه نموونـەی زۆری خـەروارێك : (ابـن الاثـیر) دەلێـت ( لـه شـەڕی ڕەملـەدا ئـازاترین قارەمانی مەیدانی شەڕ بووه ) (٤٢) .(ابن شداد) یش ووتویەتی : ( نـەخۆش بوونیـش نـەیتوانیوه بیروبـاوەڕی لاواز بكـات ، بـەلكو مردنەكەشی ئامـاژه بـه دلێری و پـاكی دەكـات (٤٣) . (ابـو فـداء) دەلێت : له ماقوولانی سوپای صەلاحی بووه (٤٤) . (السبكی) یش

دەلێت:(لەئازایەتی و پیاوەتیدا کەم وێنە بووە ، بەناوبانگ ترین میرەکانی دەوڵەتی ئەیوبی بووە ) [٤٥] هەروەها(درید عبدالقادر) یش ووتویەتی : (پیاوێك بووە لە هەرسێ مەیدانی ئاینی و زانستی و شەڕدا وەك سوارچاکێکی دلێر ئەسپی خۆی تاوداوە ) [٤٦] .(السعداوی) دەلێت: (یەکێك بووە لەو میرە بەرزانەی کورد کە مردنی کەلەبەرێکی گەورەی خستە نێو سوپاکەی) [٤٧] (ابوبکر جلال طه) ش ووتویەتی (ووتەکانی کاریگەریەکی گیانی هەبووە لەسەر دەروونی شامیەکان ، جێگەی ڕەزامەندی و لێ وەشاوەیی بووە لەنێو سوپای ئەیوبیدا) [٤٨] .(ئەمین زەکی بەگ )ی مێژوونووسی کوردیش دەربارەی ووتویەتی : (لەقسە کردندا زۆر زیرەك و قسە زان بووە ، لە مەیدانی زانستی ئاینیدا زۆر دەست ڕۆشتوو بووە ، [٤٩] .

## ٦-ماڵئاوایی کردنی لە ژیان

زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان وا ڕادەگەیەنن کە ئەم میرە لەساڵی ٥٨٥ ك /١١٨٩ ز لەژێر ڕەشماڵێکی (الخروبە) ی نزیك شاری عەککا بە دوا سەرنجی ژیاندا پێڵوی چاوی لێك ناوە ، لە کاتێکدا لەگەڵ سوڵتان صەلاحەدین دا بووە بۆ شەڕ کردن . بەم جۆرە ماڵئاوایی لە ژیان کردوە ، پاش ئەوەی خەرمانێکی لە ئازایەتیو فیداکاری بۆ جێ هێشتین ، لە پێناوی ئەو دایکەی کە تامەتایە شانازی بە ڕۆڵەی ئاوا قارەمان دەکات . ابن شداد دەربارەی کۆچکردنی ووتویەتی : (سوڵتان صەلاحەددین تەرمەکەی گواستەوە بۆ قودس و لەوێ بە خاك سپێردرا) [٥٠] .

## بەشی دووەم: میر عیساو هێرشەکانی سەر میسر

## یەکەم: ڕۆلی لەهەڵمەتی یەکەمی نوری یەکاندا ساڵی ٥٥٩ك / ١١٦٤ز بۆ سەر میسر

گومانی تیا نییە کە کەلەمێردێکی وەك میر عیسا ، خاوەنی زەمینەیەکی ڕۆشنبیری جۆربە جۆر و وورد بین پایەیەکی بەرزی دیارو کارای لە سوپای صەلاحیدا هەبووە ، وەك ڕاوێژکەر و هەڵسوڕێنەری کاروبارو و یاریدەدەری نزیکی صەلاحەددین لە زۆربەی شەڕەکاندا ناسراوە.کەچی بەداخەوە سەرچاوە مێژوویەکان لەباس کردنی ڕۆلی ئەم قارەمانە کەم تەرخەمیان کردوەو سەرەتای خەباتیان لەشەڕەکانی خاچیەکاندا فەرامۆش کردووە . لەگەڵ ئەوەش دا بە پێ داگرتنەوە دەتوانین شوێن پەنجەی ئەم خەباتکەرە بدۆزینەوە ، چونکە یەکێکی وەکو ئەم کە لەگەرمەی هەلایسانی ئەم شەڕە دژوارانە ژیابێت بەلگەنەویستە کەهەرگیز دوورە پەرێز و دەستەو ئەژنۆ نەوەستاوە . ئێستاش با سەرنجێك بدەینە بارودۆخیمیسر لەکاتی ئەم هێرشەداو ڕۆلی میر عیساشی تیایدا یەکالا بکەینەوە:خەلافەتی میسر بەدەست فاتمیەکانەوە بووە ، دوای لاواز بوونی دەسەلاتی خەلیفە ، وەزارەت جێگەیانی گرتەوە لە هەڵسوڕانی کاروباری وولات ، بەجۆرێك کەدەسەلاتی خەلیفە هەر بەناو بوو ، لەم بارەیەوە ( ابن واصل) دەلێت : (دەسەلاتی میسر بەدەست وەزارەت بوو ، خەلیفەکان بەبێ پرس و ڕای وەزارەت هیچیان بۆ نەدەلوا ) [١] ، وەزیر ( صالح بن رزیك ) کە (عمر العاضد) ی هەلبژارد بۆ خەلافەت هێشتا تەمەنی یانزە ساڵان بوو[٢] ، و بە مەبەستی لەژێر فەرمان دەرنەچوونی خێرا کچەکەی خۆی

لێ مارەکرد، بەلام لە ساڵی ٥٥٦ك/ ١١٦١ز کوژرا و کوڕەکەی هاتە جێی کەناوی ( رزیك) بوو ناسراو بە ( الملك العادل)[٣] ، ئەوەش تەمەنی وەزیرایەتی کورت بوو ، کاتێ کە (شاور بن مجیر) ی والی ( قەوس)لە (صعید)ی میسر لەسەر کورسی لادا ، شاور بە سوپایەکی بەهێزەوە بەرەو میسر چوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی (رزیك) لەم شەڕەدا سەرکەوتن بۆ شاور بوو (رزیك ) یشی بەدیل گرت و کوشتی و خۆی شوێنی گرتەوە لەساڵی ٥٥٨ك/١١٦٣ز و ناز ناوی ( امیر الجیوش ) واتە (میری سوپاکان )ی پێبەخشرا، بەلام ( ضر غام ) شۆرشی لەدژی پەرپا کرد ناچاری کرد لەمیسر دەرچێتە دەرەوە ، پەنا بۆ وولاتی شام ببات [٤] ،، وداوا لەنورالدین محمود بکات کەیارمەتی بدات و بیگەرێنێتەوە بۆ میسرو کورسی وەزارەتەکەی ( نورالدین محمود ) یش پەی بەگرنگی میسر کردبوو لەڕووی ستراتیژی و ئابوریەوە لەکاتی شەڕی خاچیدا[٥] ، لەبەر ئەمە بەتەنگ داواکەی (شاور) چوو ،

یەکسەر سوپایەکی بەهێزی لەژێرسەرکردەی ( ئەسەددەدین شێرکۆ) نارده سەر میسر ، کە بەسەرکردەیەکی لێهاتوو و بەجەرگ ناسرابوو لای نورالدین جێگەیەکی تایبەتی هەبوو بەڕادەیەك هاوبەشی بەڕێوە بردنی کاروبارەکانی دەکرد[٦] . لەسالی ٥٥٩ك/ ١١٦٤ز هێرشەکەیان بۆ سەر میسر دەست پێکرد ، شایانی باسە گەلێك لە گەورە میرەکان و سەرکردە لێهاتووەکانی بەشدار بوون لەوانە میر عیسای هەکاری [٧]، شێرکۆچووە ناو میسر و بەرەنگاری سوپای (ضرغام ) بووە وەو توانی سوپاکەیان بشکێنێ و (ضر غام) یش بکوژێت لەکاتێکدا کە هەوڵی ڕاکردنی دەدا(٨) بەم چەشنە وەزارەت کوتەوە دەست شاور . بەلام هەر کەوەزارەتی گرتەوە دەست لەهەموو بەڵێنەکانی کەپێشتر دابووی پاشگەز بووەوەو ، داواشی لەشێرکۆکرد کە میسر بەجێبهێڵێت (٩).کەشێرکۆ ناڕەزایی خۆی بەرامبەر داواکەی دەربڕی ئەم دەنگی خۆی گەیاندە خاچییەکان لە قودس، وداوای یارمەتی دانی سەربازی لە مەلیکی قودس کرد کەناوی ( ئاموری ) بوو ، ئەویش بەتەنگ داواکەی چوو، بە سوپایەکی بەهێزەوە کە خۆی سەرکردایەتی دەکرد ڕووی لەمیسر کردو هێزەکانی نوری یان گەمارۆ دا لە بلبیس [١٠] تا لە کۆتایدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە ئاموری و شیرکۆ میسر بەجێ بهێلن و چۆلی بکەن(١١) . بێ گومان میر عیسا هەروەکو ناسراوە ڕۆلێکی هەبووە بەلام سەرچاوەکان ئەم ڕۆلەیان بەڕوونی نەدرکاندووەو هەربەکورتی باسەکەیان دیزە بە دەرخۆنە کردوە ، تەنها ئەوە نەبێت ، کەمیرعیسا بەشداری لەم هێرشەدا کردوە[١٢] .

## دووەم :ڕۆلی لە هەڵمەتی دووەمی نورییەکان سالی ٥٦٢ ك / ١١٦٦ز بۆ سەر میسر

هەڵمەتی دووەمی نورییەکان لەسالی ٥٦٢ك / ١١٦٦ز دەستی پێکرد کاتێك کەسەرکردە ئەسەد دەدین شیرکۆ بە سوپایەکی دوو هەزار کەسی گەیشتە میسر[١٣] هەرکەشاور بەمەی زانی دووبارە پەنای بردەوە بەرخاچییەکانی بۆ یارمەتی ، دیسان (ئاموری )بەتەنگ داواکەی شاور هات و سوپایەکی بەهێزی ئامادە کردو بەرەو میسری ڕەوانە کرد[١٤] ، هەردوو سوپا کە لە ( صعید) بەرەنگاری یەکتر بوونەوە ، پاش شەڕێکی خەست ، خاچییەکان تێك شکان و لەگەڵ ژمارەی زۆری سەربازو چەك نەیان توانی خۆیان بەرامبەر هێزی نورییەکان ڕابگرن و بەزین (١٥). ئینجا شیرکۆبۆ ئەسکەندەریە بەرەو با کور کشاو لەترسی خاچییەکان کورە براکەی صەلاحەددین لەوێ جێهێشت و خۆشی لەگەڵ بەشێك لە سووپاکەی بۆ ( صعید) چوو ، لەو کاتەی کە شیرکۆ لە صعید بوو ، خاچییەکان بە پشتیوانی هێزێکی گەورەی میسرییەکان بەرەو ئەسکەندەریە کشان و گەمارۆیان دا ، کە شیرکۆە بەمەی زانی یەکسەر گەڕایەوە ئەسکەندەریە بۆ یارمەتی دانی صەلاح ددین تا هەردوو لا کەوتنە ( سازش) لەگەڵ یەکتری لە ئاکامدا گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە بازنەی گەمارۆ دانەکەیان دەشکێنن بەو مەرجەی هەردوو لا خاکی میسر جێبهێلن(١٦) . هەر چۆنێك بێت لەم هەڵمەتەدا نورییەکان نەیان توانی سەرکەوتن دەست بهێنن و ( شیرکۆ ) ش ناچار بوو بۆ جاری دووهەم بگەڕێتەوە بۆ وولاتی شام ، دیسان مێژوو نووسان بە درێژسی ڕۆلی میر عیسایان دەرنەخستووە کەلەم هەڵمەتەدا بینویەتی تەنها بەوەندە وازیان لێ هێناوە کە بەشداری کردووە [١٧] ، بەلام هەر چۆنێك بێت لەبەر ئەوەی شیرکوە بۆ هەڵسوڕاندنی بەشێك لەکاروبارە جەنگییەکانی پشتی پێبەستووە ، بۆمان دەردەکەوێت کە وەك سەرکردەو خەباتکەرو وورد بین ڕۆلی خۆی بینیوە .

## سێیەم: ڕۆلی لەهەڵمەتی سێیەمی نورییەکان لەسالی ٥٦٤ك / ١١٦٨ز بۆ سەر میسر

پاش ئەوەی میسر بووە ئامانجی چاوتێبرینی موسوڵمانەکان و خاچیەکان ، مەلیك ئاموری بەسوپایەکی زۆرەوە سالی ٥٦٤ ك/١١٦٨ ز بەرەومیسر بەرێ کەوت و شاری بەلبیسی گرت و گەیشتە (فسطاط) شاوریش ، هەر کەزانی توانای بەرگری کردنی نەماوە بۆیە یەکسەر فرمانی سوتاندنی دا ، پێش ئەوەی دەستی خاچییەکانی پێڕابگات (١٨).خەلیفە ا(العاضد) یش کەبەمەی زانی دەستە نەوەستا و بە نامەیەك داوای یارمەتی لە ( نورالدین محمود ) کرد ، (نورالدین محمود)یش یەکسەر دوای گەیشتنی ناەکە خۆشحالی خۆی دەربڕی و خۆی بۆ هێرشی سێیەم ئامادە کرد ، کەلەسالی ٥٦٤ك / ١١٦٨ز بەرەو میسر کشان . جا لێرەدا

ڕۆڵی ئەم میرە لێهاتووە بەڕوونی بەدەردەکەوێت ، پێش ئەوەی هێرشەکە لەشامەوە بەرەو میسربەڕێ بکەوێت ، ( نورالدین محمود ) میر عیسای هەکاری هەڵبژارد کە بۆ میسری بنێریت و دوو نامەی پێدا ڕەوانە کرد ، واپێ دەچوو نامەیەکیان لە بارەی شاورەوە بێت ، چونکە مەترسییەکی گەورە بوو لەبەردەم سوپای شامییەکان بەوەی کە لە دژی سوپای نورییەکان لەگەڵ خاچییەکان ڕێکەوت بوو ، میر عیسا خەلیفە ( العاضد ) ی سوێند داکە ئەم نهێنییە لای شاور نەدرکێنێ هەروەکو ابن الفرات لەم بارەیەوە دەڵێت :- (خەلیفە عاضدی سوێن دا کە ئەم شتە نهێنییانە لەلای شاور نەدرکێنێ)[19] ،هەرچی نامەی دووەم بوو بۆ وەزیر شاور بوو دەربارەی پێ زانینی هاتنی سوپای نورییەکان بۆ کۆمەکی میسرییەکان دژ بە مەترسی داگیرکاری خاچییەکان(۲۰) . گێڕانەوەی گەلێك لەمێژوو نووسان گەواهین بۆ ڕۆڵی کارای میر عیسا لەم هێرشەدا ، هەروەکو لەو (دانوساندن) ( المفاوضات) ە دا کەلەنێوان نوێنەری شاور ( – محمد بن مختار – ) و ( ئاموری ) مەلیکی–شمس الخلافە قودس دا ئەنجام درا ، واپێچووە کە دۆستایەتیشیان لە نێوان دا هەبوو بێت ، چونکە کە چووە لای ئاموری پێی ووتووە:_ سڵاو لە شمس الخلافە ، ئەمیش وەڵامی داوەتەوە :_ سڵاو لە مەلیکی زۆردار ، چی گەیاندویەتیە لامان، ئەویش لەوەڵامدا گووتویەتی زانیومانە کە میر عیسا هاتووە بۆ مارەکردنی کچی شاور لە صەلاحەددین و خوشکی صەلاحەددینیش بۆ مەلیك کامل[21]. لێرەدا مەبەستمان لالێ کردنەوەی ڕووی ڕاستی ئەم مەسەلەیە نییە ، بەڵکو مەبەستی سەرەکیمان لەم ڕووداوە ڕۆڵی میر عیسا یە کە لەم هێرشەدا بینیویەتی . لێرە دەبێت پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکەین کە بە هێزی کەسایەتی میر عیسا و ژیری و بە توانایی بۆتە هۆی ئەوەی کە وەك پەیامبەرێك لەلایەن نورالدین محمودەوە هەڵبژێرێت . پاش ئەوەی سوپای نوری گەورە ترین سەرکەوتنیان لە لاپەرەی مێژوو دا تۆمار کرد لەم هەڵمەتەدا . خەلیفەی فاتمییەکان پێشوازییەکی گەرمی لێکردن و لەگەڵ دانیشتوانی شاری میسر ، ئەم کارە شاوری پەست ونیگەران کرد بەتایبەتی لەڕێزلێنانی یان لەلایەن خەلیفە (العاضد) ە وە ، بۆیە هەڵسا بە پیلان گێڕان و داونانەوە بۆ میرەکانی سوپای نوری لە هەمان کاتیش دا میرەکانی سوپای نوری کە میرعیسا یەکێك بوو لێ یان لەگەڵ ئەسەدەدین شیرکۆە کۆبوونەوە بۆ مەبەستی لەناوبردنی شاور(۲۲) ، چونکە دەیان زانی کە ماکی خراپە کاری و ئاژاوە نانەوەیە . ئەسەدەدین شیرکۆە بڕیاری لەسەر کوشتنی (شاور) نەدا چونکە ئەم دەیویست بە هەر ڕێگەیەك بێت دڵی دانیشتوانی میسر ڕابگرێت ، وای دا دەنا کە ئەم کارە ڕیسەکەی لێدەکاتەوە خوری ، دەڵێن گوایە ئەسەدەدین شیرکۆە داوای خەرجی سوپاکەی لە شاور کردوە ، ئەمیش پشت گوێی خستووە ، میرعیساش چۆتە لای و ئاگاداری کردۆتەوە لەم هەڵوێستە یدا، کەچی ئەم گوێی پێنەداوە و چووەتە لای شیرکۆە بەو پەڕی دڵ خۆشییەوە وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدا بێت (۲۳) ، لەبەر ئەوە صەلاحەددین گرتی و لە ناوی برد(۲٤). پاش کوشتنی شاور یەکسەر شیرکۆ لەلایەن خەلیفەی فاتمییەکانەوە بە وەزیر هەڵبژێردراو کردی بە سەرکردەی گشتی سوپای میسر ، ناز ناوی ( مەلیکی سەرکەوتوو) ، (الملك المنصور ) یشی پێ بەخشی ، بەڵام مەخابن تەنها دوو مانگ تەمەنی وەزیریی بەسەر بردو لەجەمادی دووەمی سالی ٥٦٤ك/ ١١٦٩ز کۆچی دوایی کرد(۲٥). دوای مردنی شێرکۆ یەکسەر صەلاحەددین بە وەزیر هەڵبژێردرا. کەتەمەنی هێشتا لە (سیو دوو) سالان تێپەڕی نەکرد بوو ، دەربارەی بۆ وەزیرایەتی هەڵبژاردنیش گەلێ بیرو ڕای جیا جیا هەن ، بەڵام زۆربەیان لەمەدا یەکانگیر دەبنەوە کە میر عیسا ڕۆڵی سەرەکی لەم کارەدا بینیوە. چونکە دوای شیرکۆو ناکۆکی و دووبەرەکی لەسەر وەرگرتنی وەزارەت کەوتبووە نێوان ئەو میرانەی کەلەم هەڵمەتەدا بەشداری یان کردوە ، بەجورێك ئەگەر ئەم نەبوایە بە ئەنجامێکی ترسناك دا دەشکایەوە ، بەرژەوەندی صەلاحەددینیش بەرەو مەترسی یەکی تاریك ڕاپێچ دەکرد . میر عیسا بە هۆی بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر توانی بچێتە نێو دەروونی ئەو میرانەو ڕەزامەندییان وەربگرێت کە نەبنە بەربەست لە ڕێگای صەلاحەددین . بە ناوبانگترین ئەو میرانەش ئەمانەبوون (عین الدولە الیاروقی ، عزالدین جردیک )

ئەمانە لە تورکەکان بوون هەروەها میر (سیف الدین علی بن احمد المشطوب الهکاری ، شهاب الدین محمود االحارمی کە خالی صەلاحەددینە ، میر قطب الدین خسرو بن تلیل وابن ابی الهیجاوء الهڤبانی ) ئەمانەش لە کوردەکان بوون . بێ گومان ئەم کارە زیرەکی میر عیسا دەخاتە ڕوو چونکە ئەگەر یەکێك توانستی ژیری هێندە بەرز نەبێت ناتوانێت بچێتە دڵ و دەروونی ئەم هەموو میرانەو سەرنجیان بەرەو لای صەلاحەددین ڕابکێشێت . ابن الاثیر دەربارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی صەلاحەددین و بوونی بەوەزیر دەڵێت :( کۆمەڵێك لەمیرەکانی سوپای نوری کە لەمیسر بوون داوای وەزیرایەتی یان دەکردو داواکاری یان پێش کەش بەوەزارەت کردبوو ، لەوانەش ( الامیر عین الدولە الیاروقی ، الامیر قطب الدین خسرو بن تلیل ، سیف الدین علی بن احمد . خەلیفە العاضد یش...الهکاری ، شهاب الدین محمود الحارمی بە شوێن صەلاحەددینی دا ناردو بە وەزیر هەڵی بژاردو ناز ناوی (الملك الناصر ) یشی پێ بەخشی ، گەڕایەوە (واتە صلاح الدین ) بۆ ماڵی اسدالدین شیرکۆ بەبێ ئەوەی هیچ کامێك لەم میرانەی ئەم پلەیان بۆ خۆیان دەخواست ئاوڕی لێ بدەنەوە(٢٦) .ئێستاش با ڕۆڵی میر عیسا لەم بوارە بزانین ، کەچۆن وە بە چ شێوازێك توانیویەتی بەڕەچاو گرتنی باری دەروونی هەر یەکێکیان مامەڵەیان لەتەك دا بکات بۆ واز هێنانیان لەم خواستنە داو سەر بۆ صەلاحەددین دا بنوێنن . بۆ نموونە یەکەم جار چوو بۆ لای ( سیف الدین علی بن احمد المشطوب الهکاری)(ملك الاکراد ) واتە لە ( مەلیکی کوردەکان بووە ) و هەوڵی لەگەڵ داو پێی ڕاگەیاند کە ئەم پلەیە بە تۆ دەسگیر نابێت هەتا عین الدولە الیاروقی والحارمی وابن تلیل لە ئارادابن ، پاش هەوڵ دانێکی زۆر توانی بە سیاسەتی زیرەکانەی بیکا بە یەکێك لە لایەنگرانی صەلاحەددین و واز لە داواکاری‌یەکەی بهێنێت. دوای ئەو چوو بۆ لای میر شهاب الدین محمود الحارمی کە خاڵی صەلاحەددین بوو ، بە کەمەندی خزمایەتی خستیە داوەوەو پێی ووت :- صەلاحەددین کوڕە خوشکی تۆیە ، کوڕە خوشکیش هیچی بۆ خاڵی لە بەرچاو نی‌یە ، شیاویش نی‌یە خاڵ ببێتە بەربەستکەری خوشکەزای تالە کۆتایی‌دا ئەمیشی هێنایە سەر ئەو ڕایە کە ڕەزامەندی خۆی بۆ صەلاحەددین دەربڕێت و لا یەنگیری بێت(٢٧) . ئینجا چوو بۆ لای میر(قطب الدین ) خسرو بن تلیل کە کوڕی برای ( ابن الهیجاو) ی خاوەنی ( هەولێر ) بوو ، بە بەکار هێنانی شێوازی تایبەتی خۆی توانی لێی نزیك بکاتەوەو بەبیانووی ( نەتەوایەتی ) وورده وورده بۆ لای خۆی ڕایدەکێشاو پێی ووت:_ ئێوه کە هەردووکتان لە ڕەگەزی کوردن دروست نی‌یە بەربەرەکانی یەکتری بکەن و کارەکە بکەوێتە دەست تورکەکان ، بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و پێی ووت:_ زۆربەی میرەکان مل کەچی صەلاحەدین بووینە تەنها تۆو ( الیاروقی ) نەبێت تۆش هاو نەتەوەی ئەوی نابێت بە هیچ جۆرێك ببیتە بەربەرستکەری ، و بەڵێنی پێدا چەند بەشێکی تریش بخاتە ژێر دەسەڵاتی ، تا وورده وورده توانی ڕازی بکات و ئەویش بکات بە یەکیك لە هاو پەیمانەکانی صەلاحەددین(٢٨). لەکۆتایدا بۆ لای ( عین الدولە الیاروقی ) چوو کە بە کەللە ڕەقی ناسرابوو ، سەرەڕای ئەوەش ژمارە یان زۆر بوو ، ڕازی کردنی کارێکی وا سانا نەبوو ، سەرەتا گەلێك لەگەڵی خەریك بوو ، بەڵام ئەم هەر سوور بوو لەسەر داکۆکی کردنی بیروڕای خۆی کە بەهیچ جۆرێك ئامادە نی‌یە سەر بۆ ئەم کارە دابنەوێنێ ، گەڕایەوە بۆ وولاتی شام ، و چوو بۆ لای نورالدین محمود کەچی ئەویش ناڕەزایی خۆی لەم کارەیدا دەربڕی(٢٩). لێرەدا ئەوەی پێویستە بووترێ ئەوەیەکە ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی کە میر عیسا بەدەستی هێنا تەنها بۆ ئەو پلان و نەخشە ڕامیاری‌یانەی ناگەڕێتەوە کە پەیڕەوی کردوە بەڵکو بۆ وورد بینی و زیرەکی دەگەڕێتەوە کە چۆن توانیویەتی لەگەڵ هەر هەڵوێستێك دا مامەڵەیەکی تایبەتی لەتەك دا بکات (الحنبلی) لەم بارەیەوە دەڵێت : ( بە هەموو جۆرە شێوازێك لە تەکیاندا هەڵسوکەوتی کردوە بە پێی پێویست هەندێ جار نەرم و هەندێ جاریش توند) (٣٠) لە سە رووی ئەمانەشەوە ڕەوشت بەرزی و بەهێزی کەسایەتی و بەرزی ڕادەی ژیری و جۆری بیرکردنەوەی یاریدەدەرێکی باش بووین بۆی . بەڵگەش بۆ ئەم قسانەی سەرەوەمان گەواهی مێژوو نووسەکانن کە چەندین لاپەڕەیان لەسەر پڕکردۆتەوە . کاتێکیش کە زانی گەردە لوولی مەترسی خەریکە هەڵ بکات یەکسەر بە بەکارهێنانی نەخشەی زیرەکانەی خۆی توانی ئەم مەترسی‌یەش ڕابماڵێت ، لەپێناوی سەروەری و پایەداری ووشەی پیرۆزی ئیسلام بە گشتی و

پاراستنی صەلاحەددین بەتایبەتی . هەمدیس ئازایەتی خۆی دووپات كردەوە ، لەم خەرمانە هەولْ دانەشی ڕەوسەی سەركەوتنی دووری بەرپەرچی ئەو ئاژاوانەی دایەوە كەلەنێوان ریزەكانی سەركردەی سوپاكان خەریك بوو تەشەنە بكات كە لە دەرەنجامی هەڵبژاردنی صەلاحەددین بۆ پلەی وەزارەت چەكەرەی كردبوو .

## چوارەم : ڕۆڵی میر عیسا لە پتەوكردنی پەیوەندی نێوان نورالدین محمود و صەلاحەدینی ئەیووبی دا

دوای ئەوەی صەلاحەدین پلەی وەزارەتی گرتە دەست ، و هەموو كاروبارەكانی ڕێكخست و یەكالای كردەوە ، میر عیسا ی هەكاری بووە یەكێك لەڕاوێژكەرە هەرە بەرزو نزیكەكانی ، بەجۆرێك لە زۆربەی كاروبارەكانی دا جیّی متمانەی بووەو پشتی پیّبەستووە ، بۆ نموونە كە لە سالّی ٥٦٨ك / ١١٧٣ ز نورالدین و صەلاحەددین لەسەر ئەمە ڕێكەوتن كە هەردووكیان لەنزیك قەلای ( كرك ) كۆببنەوە بۆ پێكدا دانی خاچیەكان ، صەلاحەددین لەپێش وەخت گەیشتە شوێنی ناوبراو ، گەمارۆی قەلاكەی داو هەموو ئەوانەی كە لەخاچیەكان لەناوی دابوون كەوتنە ژێر دەسەلاتی ، بەلام هەركە بەهاتنی نورالدینی زانی بە مەبەستی یاریدەدانی دژی خاچیەكان ، كۆبوونەوەیەكی بە گەورە میرەكانی سوپاكەی كردو بڕیاری گەڕانەوەیان دا ، و بازنەی گەمارۆ دانەكەی تێكشاندو گەڕایەوە میسر و یەكسەر میر عیسای هەكاری ناردە لای بۆ پۆزش هێنانەوە لەسەر گەڕانەوەی بۆ میسر ، وە پێشی ڕاگەیاند كەهۆی گەڕانەوەكەی باوكی بووە چونكە كە جیّی هێشتووە نەخۆش بووە لە ترسی ئەوەش كە نەوەك دەسەلاتیان لە میسر لاواز بێت و لە دەستیان دەربچێت [٣١] . لەڕاستی دا صەلاحەددین لە هەلبژاردنی نوێنەرەكەی بەهەلەدا نەچووبوو وە هەروا ڕەمەكی یانە هەلی نەبژاردبوو ، بە لكو دەیزانی كە هەموو سیفاتێكی مرۆڤێكی ڕاستەقینەی لە كەسایەتی دا بەدی دەكرێت لە ڕەوشتیبەرز و دلسۆز بۆ گەل و نەتەوەكەی ، بەڕێز و ناسراو لای هەموو میرەكانی سوپاكەی ، خەباتكەرێكی كەم وێنە بە بیّ هیچ مەبەستێكی تایبەتی ..... هتد ، لەبەر ئەمە كە نورالدین گۆیّی لە قسەكانی بوو یەكسەر باوەڕی پی كرد . هەرچی ( ابن الاثیر )ە لەم بارەیەوە ووتوویەتی :( كە میر عیسا هاتە لای نورالدین و پەیامەكەی پیّ ڕاگەیاند ، نورالدین یەكسەر لە مەبەستی گەیشت ، بۆچی صەلاحەددین گەڕاوەتەوە میسر ، بەلام خۆی لە بەردەم میر عیسا وا پیشان نەدا ، بەلكو ووتی :_پاراستنی میسر لەسەروی هەموو شتێكەوە یە [٣٢] .

## پێنجەم : شەڕی ڕەملە و ڕۆڵی میر عیسا لەم شەڕەدا

هەروكو ئاشكرایە كە میر عیسای هەكاری دۆستێكی نزیكی صەلاحەددین بووەو لیّی جیانەبۆتەوە ، بۆ هەر شوێنێك چووبێت لەگەلی دا بووە پشتیوانی هەرە دلسۆزی بووە ، لە كاروبارەكانیدا پرس و ڕاوێژی پیّ كردوە ، لە زۆربەی شەڕەكانی دا ئەركی سەرەكی پیّ سپاردوە ، هەلوێستی جوامێرانەی تێدا دەرخستووە ، چالاكی ئەم میرە پلەیەكی تایبەتی هەبووە . بەرچاوترین ڕۆلیشی كە بووبێتە مایەی سەرنج ڕاكێشانی ڕای مێژوونووسان ، لەشەڕی ( ڕەملە) دا بووە ، هەروەكو زۆربەیان پەنجەیان بۆ ئەمە ڕاكیشاوە كە چۆن سنگی خۆی كردۆتە بەربەستی پۆلاین بۆ بە دەرنانی دوژمنە داگیركەرەكان كە ویستویانە خاكی پاكیان گلاو بكەن[٣٣] .

شەڕی ڕەملە شەڕێك بوو سیمایەكی تایبەتی خۆی هەبوو لەنێوان گشت شەڕەكانی تردا سەرەڕای نووشستی هێنانی موسولمانەكان تیایدا ، كە بووە هۆی جێهێشتنی شوێنەوارێكی خراپ لە دەروونی سەربازەكانی سوپای ئەیوبی ، چونكە تا ئەو كاتە تێك شكانی وەهایان بەخۆوە نەبینیبوو ، لەهەمان كات بە مەزنترین سەركەوتنی خاچیەكان لە قەلەم دەدرێت ، شایانی باسیشە بەدیل گرتنی میر عیسا لەم شەڕەدا لەلایەن خاچیەكانەوە بووە هۆی ئەوەی كە بەشی هەرە زۆری بەراتی تالاوی ئەم نووشستیەی بەربكەوێت ، وەلیّ ئەم كارەساتە جەرگ بڕە نەیتوانی تۆزقالێك لە وورە بەرزی و ئازایەتی ئەم میرە كەم بكاتەوە و هیوا بڕاوی بكات ، بەلكو بۆی بووە بەهێز ترین پالنەر لەسەر خەبات و كۆلّ نەدان بۆ پاراستنی خاكی

پاكی ئیسلامەتی . شەڕەكەش لە ڕووی چۆنیەتی هەڵگیرسانی ، بەم جۆرە دەستی پێ كرد ، كاتێك كە صەلاحەدین بڕیاری دا میسر بەجێ بهێڵێت و ڕوو لە وولاتی شام بكات بۆ بەربەرەكانی خاچیەكان ، بۆ ئەم مەبەستەش بەشێكی زۆری هێزەكەی ئامادە كرد كە خۆی سەركردایەتی دەكرد لەگەڵ كۆمەڵێكی زۆر لە گەورە میرە لێهاتوو و ڕاوێژكارەكانی بێ گومان میر عیساش یەكێك بوو لەوان ئەمەش لەڕێكەوتی جەمادی یەكەمی سالی ٥٧٣ك / ١١٧٧ز بوو ، دوای ئەوەی هێزەكەیان گەیشتە عەسقەلان ، توانیان دەستی بەسەردا بگرن و دوای كوشتنی ژمارەیەكی زۆر لەخاچیەكان ، ژمارەیەكی زۆریشیان لێ بەدیل گرتن و ئەمە و جگە لە دەسكەوتێكی بێ شوماری مالی ، كاتێكیش كە هیچ بەرگری كردنێكیان لە خاچیەكان بەدی نەكرد ، بەناو مۆلگاكانیان بلاو ببوونەوە بۆ دەسكەوتی تر ، لێرەدا سەربازەكانی ئەیوبی لەبەهێزترین هەلوێست دا بەدی دەكران ، بەڕادەیەك لەخۆیان ڕازی ببوون كە بێباكانە بەناو دوژمن دا وەربببوون ، تاكاتێك بەخۆیان زانی بەرەو ڕووی هێزەكانی خاچی بوون لەنزیك ( ڕەملە ) بەسەركردایەتی میر ( ارناط ) ی خاوەنی ( الكرك ) بە پشتگیری مەلیكی قودس ( بەلدوینی چوارەم ) كە توانیان ڕاویان بنێت تا بنكەكانی خۆیان . هەروەكو ابن شداد دەلێت ( فرنج هێرشی بۆ بردن خواش وای دانابوو كە شكستی بهێنن ، زۆر خراپ تێك شكان ، هیچ قەلایەك و پەناگەیەكیشان بەدەست نەكەوت كە خۆیانی لێبشارنەوە لەبەر ئەمە ڕویان لە شوێنەوارەكانی میسر كرد)، ئەوەی لەم شەڕەدا سەرنج ڕاكێشە ، ڕۆلی میر عیسایە كە بە هێزترین و نەبەرد ترین سەربازی گۆرەپانی جەنگ بەدی دەكرا ، هەرچی دەربارەی زیانی ئەم شەڕەش بوو ئەوا لە ژمارە نایەت بەچەشنێك ژمارەیەكی گەلێ زۆری موسولمانەكان شەهیدبوون ، هەتا صەلاحەددین خۆشی زۆر بەگران دەربازی بوو ، لە دەستیان ، بە جۆرێك خەریك بوو بەدیل بگیرێت ، ژمارەیەكیشیان لێبەدیل گیرا لەوانەش میر ضیاء الدین عیسای هەكا ری و براكەی الظهیرالدین بوو[٢٤] .

**بەشی سێیەم**

**خەباتی میر عیسای هەكاری پاش ڕەها بونی بۆ پێك هێنانی بەرەیەكی ئیسلامی یەكگرتوو دژ بە خاچیەكان**

**یەكەم : میر عیسا پاش ئازاد بوونی**

لە سالی ٥٧٥ ك / ١١٧٩ ز میر عیسا ڕەها بوو[١] لە جنگی خاچیەكان ، پاش ئەوەی سولتان صەلاحەددین شەست هەزار دیناری لە پێناویدا بەخشی ، بێ گومان ئەم هەلوێستە پایە بەرزی ئەم میرەمان بۆ دەخاتە ڕوو ، كە تا چ ڕادەیەك لە كارەكانی دا پشتی پێ بەستووە ، مانەوەی لەڕیزی سوپاكەی بە پێویست زانیوە . هەروەكو لەبەشەكانی پێشووشدا پەنجەمان بۆ ئەوە ڕاكێشاوە كە بەدیل گرتنی میر عیسا لەلایەن خاچیەكانەوە وەنەبێت توانیبێتی دلۆپێك لە دەریای جوانمەردی و ئازایەتی كەم بكاتەوە بەلكو ڕقی پیرۆزی ئەستورتر كردوە ، وەك شەركەرێكی كەم وێنە لە هەموو شەڕەكان پشتیوانی دلسۆزو بەجەرگی سولتان بووە . بۆ نموونە لەكاتی یەكەم گەمارۆ دانی مووسل دا[٢] لەسالی ٥٧٨ك / ١١٨٢ز / یەكێك بووە لە ئەندامەكانی ئەو نێر ژەیەی كە بۆ مەبەستی ( ووتوێژ ) ( المفاوضات ) لەگەل حاكمی مووسل عزالدین مسعود بە ئامادە بوونی نوێنەری خەلیفەی عەباسیەكان بە مەبەستی ئاشتبونەوەیان .[٣]

هەروەها كاتێك كە دەسەلاتدارانی «حەڕان»[٤] مظفر الدین كوكبری لەسالی ٥٨٠ك / ١١٨٥ ز پەیامبەرێكی ناردە لای صەلاحەددین بۆ مەبەستی دەست بەسەرا گرتنی مووسل ، ووتبووی كە ( شەست هەزار دینار ) یارمەتی پێش كەش بە سووپاكەی دەكات سەرباری خەرجی هێرشەكە[٥] . وە كاتێك گەیشتە ( حەڕان )، بینی مظفر الدین لە هەموو ئەو بەلێنانەی كە پێشتر پێی دا بوو پاشگەز بۆتەوە ، و گەلێك هەلسوكەوتی لێ بینی كە لەگەل بەرژەوەندی وولاتەكەی نە دەگونجا لەبەر ئەم هۆیانە بەدیلی گرت (٦) . بەلام میر عیسای هەكاری دەستی خستە كارەكە و داوای لە صەلاحەددین كردكە لە گەلی ئاشت بێتەوە ، ئەمیش لە وەلامدا پێی ووت :- «بچۆ بۆ لای و دلنەوایی بكە»[٧] ، میر عیسا داواكەی بەجێ هێناو چوو بۆ لای كوكبری و لەسەر ئەوە ڕێكەوتن كە بەرامبەر بە بەربوونەكەی واز لە هەر دوو قەلای «حەڕان و ڕەها» بهێنێت ، ئینجا گەڕایەوە بۆ لای صەلاحەددین و مشت و مڕەكەیانی پێ ڕاگەیاند ، ئەویش

فەرمانی ئازاد بوونی پیّدا و هەردوو قەلاكەشی لیّ وەرگرت بەلام لە كۆتای سالی ٥٨١ك / ١١٨٦ ز دووبارەدایەوە كوكبری و بۆ وە خاوەنیان [٨]. پاش ئەوەی صەلاحەددین توانی ئامانجی سەرەكی بەدەست بهێنێت ، ئەویش پێك هێنانی بەرەیەكی ئیسلامی یەكگرتوو بوو ، وە بەسەر هەموو بەرهەلستكارەكانی دا زال بێت ، بەهۆی پرس و را و ئالوگۆر كردنی بیرو باوەڕەكانیان لەگەل راوێژ كەرو میرە بەتواناكانی كە میرعیساش یەكێك بووە لیّ یان[٩] ، كە لە زۆر بۆنەدا رۆلی گرنگی بۆتە مایەی سەرنج راكێشانی مێژوو نووسان . لەسالی ٥٨١ك / ١١٨٦ز صەلاحەددین بۆ جاری دووەم هێرشێكی گەورەی بردەوە سەر مووسل بۆ گەمارۆ دانی ، كەمیر عیسا یەكێك بووە لە یاریدەدەرە هەرە نزیكەكانی ، وە كاتێك گەیشتنە «الاسماعیلیات» ی نزیكی مووسل دەستیان كرد بە گەمارۆ دانی [١٠]، بەلام لەبەر ئەوەی دانیشتوانی مووسل توانیان خۆیان بەرامبەریان رابگرن و بەرگری بكەن ، بریاری دا مووسل دابڕ بكات لە شوێنەكانی دەوروپشتی بەتایبەتی ئەو ناوچە شاخاوییانەی كە كەوتوونەتە باكورو باكوری رۆژهەلاتی واتە «وولاتی هەكاری» [١١] و ئەو ناوچانەی كە حەمیدییەكان تیایدا نیشتەجێن كە ئاكرێی ئێستا دەگرێتەوە لەگەل قەلای شووش و ناوچەكانی دەوروپشتی ، پاش ئەوەی هەمووی خستە ژێر دەسەلاتی خۆی ، میر ( المشطوب الهكاری ) ناردە ناوچەی هەكاری ، و كۆمەلێك لە میرەكانی تری كوردی ناردە ئاكرێ [١٢] . لەو كاتەی كە صەلاحەددین مووسلی گەمارۆ دابوو شای ئەرمەن ( ناصرالدین سكمان ) ی خاوەنی ( خەلات ) كۆچی دوایی كرد لە رەبیعی دووەمی ٥٨١ك / ١١٨٥دا، لەبەر ئەوەی هیچ كەسی نەبوو جێگیری بێت لە فەرمانڕەوای دا،( البهلوان )[١٣] چاوی بریە جێگەكەی ، ئەمەش وای لەكارگێرەكانی شارەكە كرد ، بە شوێن صەلاحەددین دا بنێرن بۆ مەبەستی فەرمانڕەوای كردنی شارەكەیان ، كە صەلاحەددینیش ئەمەی بیست بریاری دا مووسل بەجیّ بهێلێت و بەرەو(خەلات) بەرێ بكەوێت ، بەلام لە پێشەوە میر عیسای هەكاری نارد بۆ مەبەستی شارەزابوونیان لە بارودۆخی شارەكە ، لەكاتی گەیشتنی بۆ (خەلات) یەكسەر كۆ بوونەوەیەكی لەگەل وەزیر ( مجد الدین بن الموفق) سازدا ، ویستی لە خشتەی بەرێت بەوەی كەپیّی ووت :- كچەكەی «البهلوان» لەناو قەلایە ، لەوانەشە ئێستا ( البهلوان ) بگاتە جیّ ، راگرتنی دۆستایەتی نێوانیشمان لەبەرژەوەندی هەردوو لایە [١٤]. لەم قسانەی وەزیر دەگەینە ئەو دەر ئەنجامەی كە كارگێرەكانی خەلات بۆیە صەلاحەددینیان ئاگادار كردۆتەوە ، بۆ ئەوەی بەر هەلستكەرێكی ئەو تۆ بەرامبەر « البهلوان » دابنێن كە بە هیچ شێوەیەك دەرۆستی نەیەت و فەرمانڕەوایی لە چنگ دەربهێنێت چونكە پێشتر (البهلوان ) یان بۆ دەركەوت بوو كە كەس لەمان ناتوانێت بەرەو رووی بوەستێت و بەرگری بكات ، بەم جۆرەش ناتوانن هەرگیز ئەم دەسەلاتەی لیّ بستێنەوە ، مەگەر یەكێكی وەك صەلاحەددین نەبێت . بە هەر حال میر عیسا یەكێك لە پیاوەكانی هەلبژارد و بۆ مەبەستی ( سووسە ) گرتن ناردی بۆ لای ئەو قەلایەی كە ( بهلوان ) ی تیایە بەلام ئاشكرا دەبێت و دەیگرن ، تا ( بهلوان ) بریاری ئازاد كردنی بۆ دەر دەكات و داواشی لیّ كرد كە بگەرێتەوە لای میر عیسا و پێی رابگەیەنێت كە ئارەزووی ووتوویژی لەگەل دا هەیە ، میر عیساش یەكسەر دوای بیستنی ئەم هەواله ، صەلاحەددین ئاگادار دەكاتەوە ، ئنجا دوای وەرگرتنی رەزامەندی صەلاحەددین و لەگەل ئەو نوینەرەی كە سولتان بۆ مەبەستی ئامادە بوونی چاو پێكەوتنە كە نارد بووی دەچنە دیدەنی البهلوان ، دوای گەیشتنیان و ریز لینانیكی بیّ پایانیان[١٥] ، میر عیسای هەكاری لە پێناوی بە فیرۆ نەچوونی خوێنی بیّ گەردی موسولمانان و سەروەریەتی ووشەی پیرۆزی ئیسلام و خاكی پاكی ئیسلامەتی دەرگای ئاشتییانەی ئاوەلاكردو پەیوەندی دۆستایەتی لەگەلیاندا تازە كردەوە ، وەلی مەخابن ریكەوتنی كارگیرانی ( خەلات) لەسەر مارە برینی كچی بەهلەوات خیزانی پێشووی شای ئەرمەن بە یەكێك لە میرەكانی ئەم شارە بە نیوی «سیف الدین بكتمر» هەموو رەنج و كۆششی میر عیسایان پووچەل كردەوە ، ( البهلوان ) نیش پووزشی بۆ هینایەوە و هەندیّ كەل وپەلی گرانبەهای [١٦] لەگەل دا نارد ، لەم بارەیەوە ابن شداد ووتویەتی :- « بە مایەی پووچی و دەست بەتالی گەرانەوە »[١٧]. دووبارە صەلالحەددین بەرەو مووسل گەرایەوە

بۆ مەبەستی گەمارۆ دانی بۆ جاری سێیەم . ئەوە بوو لە سالی ٥٨١ك / ١١٨٥ز گەیشتە شوینیكی نزیكی مووسڵ بەناوی « كفر زمار » حاكمی مووسڵ عزالدین مسعود كە داكۆكی صەلاحەددینی لە بەكار هینانی هیزدا بەدی كرد بۆ سەردانەواندنی ، هەولی ئەدا كە سنوریك بۆ ئەو كوشتاری‌یەی نیوانیان دابنیت و بەریگای ئاشتیانە لە ریگای ووتوویژەوە كیشەكە چارەسەر بكات . بۆ ئەم مەبەستەش نیرژە یەكی (وفد) ئافرەتانی ناردە لای صەلاحەددین كە ئەندامانی لەمانە پیك هاتبوون « دایكی و خیزانی–كە كچی مامی نورالدین مەحمود دە »– لەگەڵ چەند ئافرەتیكی تری سەر بە كۆشكی فەرمانروا ، ویرای دەستەیەك لە ماقوولانی شار بۆ مەبەستی كارتیكردنیان لە سوولتان بۆ مەبەستی واز هینانی لە گەمارۆ دانەكە [18] ، پاش گەیشتنی نیرژەكەو ریزلینانیكی بێ پایانیان ، و گوی گرتن لییان صەلاحەددین كۆبوونوە یەكی بە ئەنجوومەنی راویژكاری جەنگ كرد بۆ مشت و مرو ئالوگۆركردن بیرورایان لەسەر چۆنیەتی پاسووخ دانەوەی نیرژەكە ، بێ گومان میر عیسای هەكاریش یەكیك بووە لە ئەندامە هەرە بەرزەكانی ئەنجوومەنەكە ، پاش مشت و مریكی زۆر زۆربەیان لەسەر بەتەنگەوە هاتنی داواكاری نیرژەكە ریكەوتن جگە لە میر عیساو میر ( المشطوب الهكاری ) نەبیت نارزایی خۆیان دەربری و ووتیان :– « دیارە عزالدین مسعود توانستی پاریزگاری مووسلی نەماوە ، مەگەر چۆن دەبیت هەلسوراندنی كاروباری شاریكی گەورەی وەك ئەم بخریتە دەست ئافرەتانەوە » ، صەلاحەددینیش رای ئەم دووە میرەی پەسەند كردو بەم چەشنە وەڵامی نیرژەكەی دایەوە :_ « داواكاری یەكەتان بەسەرچاو ، وەلی پیویستە بورژەوەندی چۆن بخوازی ئاوا بكەین ، داوای لی بووردنی لیکردن و بەكەساسی گەرانەوە »[19] .بەم شیوەیە لەسەر گەمارۆ دانەكەی بەردەوام دەبیت هەر چەندە سەركەوتنی لە چارەدا نەنووسرا بوو .

## دووەم : رۆلی میر عیسای هەكاری لە پتەوكردنی پەیوەندی نیوان میرەكانی سوپای ئەیوبیدا

هەروەكو زانراوە كە میر عیسا خاوەنی كەسایەتیەكی بەرز بووە ن پایەكی تایبەتی هەبووە لە نیو ریزەكانی سوپای ئەیوبی دا بە جۆریك گشتیان مل كەچی بیرو راكانی بووین ، بە هیچ كلۆجیك لاری‌یان لەقسە بەجێ كانی دا نەكردوە ، هیمنی و زرنگی و چۆنیەتی بەكار هینانی شیوازی جۆر بە جۆری شیاو لەگەڵ بەرامبەرەكەیدا ، ومامەلە كردنی ژیرانەی لە هەلویستكانیدا وای لی كردوە كە قسەكانی كاریگەی گیانی لەدەروونیان دا بچەسپینێ ، وەك دەروون ناسیك بە قولای ناخی گشت ئەو كەسانەدا رۆ چۆتە خوارەوە كە بزانیت چۆن و بەچ ریگەیەك لەگەلیان دا بیتە گۆ . هەر بۆ یەشە لەو كەسانە بووە كە جیگەی متمانەی سولتان بیت و لە زۆربەی كارەكانیدا بیكاتە سەرپشكی هەلسوراندنی ، وەك راویژ كەریكی دلسۆز و زرنگ بیرو راكانی پەسەند بكات . بۆ نموونە كە صەلاحەددین لە سالی ٥٨٢ ك / ١١٨٦ ز لە حەرران نەخۆش دەكەویت ، لە میسر دەنگ وا بلاو دەبیتەوە كە مرد بیت ، وە كە كورە براكەی « تقی الدین عمر » ئەم هەوالە دەبیسیت . لە هەلس و كەوتی‌دا وا پیشبینی دەكریت كە دەست بەسەر میسردا بگریت [20] . بۆ ئەم كارەش دیسان دەبینین صەلاحەددین میر عیسا هەلدەبژیریت و دەینیریت بۆ لای لە میسر ، لیرەدا مەزنی ئەم كە لەسەركردە یە دووپات دەبیتەوە ، كاتیكیش كە میر عیسا چووە لای بۆ پێ راگەیاندنی راسپاردەكەی سوولتان كە فرمانی دەركردنی بوو لە میسر ، (تقی‌الدین عمر) بەسیفەتی ئەوەی كە ئامۆزای صەلاحەدینە داوای دریژە پیدانی مۆلەتی كرد تا وەكو خۆی كۆ دەكاتەوە و ئامادە دەبیت ، كەچی میر عیسا شیلگیر بوو لەسەر دەركردنی و پێی ووت :– « برۆ لە دەرەوەی میسر خۆت ئامبلەم بكەرە »[21] تقی‌الدین لە میسر دەرچوو و بەرەو ووڵاتی شام بەرێ كەوت ، و دوای گەیشتنی چوو لای مامی و ئەمیش پیشوازی گەرمی لیکرد وەك ئەوەی هیچ رووی نەدا بێ ، لە بری میسر هەموو كاروباری حەماو منبج و كفر كاب و میافارقینی پێ بەخشی . میر عیساش توانی لەم كارەشیدا دەستە گولی سەركەوتن دەستگیر بكات .

## بەشی چوارەم: میــــر عیساو شەڕی خاچیەکـــــان

### یەکەم : ڕۆڵی میر عیسا لەرزگار کردنی خاکی ئیسلامەتی و ئازاد کردنی (بیت المقدس ) د ا

سەرکەوتنەکانی حطـین مێـژوو نووسـان گرنگیـان زۆر پـێ داوەو سیمایەکی تایبەتی خۆی هەیە ، چونکە ئەم شـەڕە دەروازەی بـۆ ڕزگـار کردنـی ((بیـت المقـدس)) ئـاوەلا کـرد و بـە ئـامێزی موسـوڵمانەکانی شـاد کـردەوە ، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو زەرەرو زیانە قورسەی کە خاچیـیەکان لـەم شـەڕەدا دووچاریـان هاتووە ، بە چەشنێك لەو کاتەی کە شوێن پێیان خاکی پـاکی ئیسلامەتیان گلاو کردوە ، لەم جۆرە زەرەرو زیانەیان نـەبینیوە وەکو لەم شەڕەدا بینیـان . هـەروەها بـەدیل گرتنـی دەستەیەك لەرابەرو سەرکردە سیاسیەکانی خاچی لەوانەش مەلیکەکەیان ((جای لوزنجان)) دوو ئەوەندەی تر گرنگی دا بەم شەڕە چونکە بە بەدیل گرتنی ئـەم دەستەیە لێك تـرازان کەوتـە نـاو ڕێـزی سـوپاکانیان [٢] بـەهۆی نـەبوونی گەورەیـەکی وا کـەبتوانێ کاروبارەکانیان هەڵبسوڕێنێت . لە ڕاستیدا سـەرچاوەکانی مێـژوو شتێکی ئەو تۆیان دەربارەی ڕۆڵی میر عیسـا بـۆ نـەدرکاندین کە شایستەی ئەم سەرکردە چەلەنگە بێت لـەم شـەڕە بەناوبانگـەدا ، بەڵکو بەوە دەرگایان لەسەر باسەکە داخستووە کە یاریدەدەری سوڵتان بووە لە هەموو شەڕەکانی ڕزگاری دا . لەگەڵ ئەوەش دا دەتوانین بە ڕاشکاوی یەوە پێ لەسەر بەشـدار بوونـی ئـەم میـرە دابگرین لە زۆربەی شەڕە کەناریەکانی وولاتی شام ، کە بـووە هۆی ڕزگاری کردنی زۆری شارەکان لە چنگی خاچیە کان ، هۆی ئـەم پـێ داگرتنـە شمـان یەکگرتنی ڕای مێـژوو نووسانە لەسـەر ئـەوەی کـە لەسـاڵی ٥٨٣ ك / ١١٨٧ ز دا هێزەکـانی سـوپای صەلاحی لە هـەموو لایەکـەوە ڕوویـان لـە باشـوری شـام کـرد لەوانـەش هێزەکـانی میسـرو حەلـەب و مووسـڵ بـوون ، بـۆ بـە دەنگەوە هاتنی ئەو بانگشەی کە صەلاحەدین بەناوی ((غەزا))[٣] ((جهاد)) وە لە نێو موسـوڵمانان بـەرزی کردەوە ، بێگومـان بۆ یەکێکی وەك ئەم میرە قارەمانە هەرگیز ناگونجێت خۆی لێ لاتەریك کردبێت ، سەرەڕای ئەوەش

کەخاوەنی چەندین داستانی نەمرانەیە لـە پێنـاوی پاراسـتنی خاکەکەی دژ بە خاچیەکان ، هەروەها بەشداربوونی لەشەڕکانی ڕزگاری عەککا و قودس و چەندانی تری پاش شەڕی حطین بۆمـان دەردەکەوێت کە بەشداری شـەڕی (حطـین) یشـی کـردوە ، بـەلام لەبەر ئـەوەی بەشدار بوونەکـەی وەکـو زۆربـەی میرەکـانی تـری سوپای صـەلاحی هێنـدە دیار نـەبووە کە بێتـە مایـەی سـەرنج ڕاکێشانی مێژوو نووسان . پاش ئەوەی شاری ( طبريـة) بـەرگی ئـازادی پۆشـی و هەناسـەی سـەرفرازی هەڵکێشـا سـوڵتان صەلاحەددین بە خۆی وهێزە کەیەوە بـەرەو شـاری عـەککا بـەرێ کەوتن و لە ڕۆژی ٢٨ ی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ٥٨٣ ك / ١١٨٧ ز گەیشـتەجێ ، لـە کـاتی گەیشـتنیان دا دانیشـتوانی شـارەکە پێشـوازیيان لێکـردو داوای زامنـی کردنی خۆیـان یـان لێکـرد ، ئەمیش بە تەنگ داواکەیانەوە هات و بەڵێنیشـی لەسـەر ئەمـە پێدان ، هەروەها لە بریاری دەرچوون و مانەوەیان خۆیانی کردە سەرپشك ، ئەوانیش دەرچوونیـان هـەڵبژارد . کـە موسـوڵمانەکان گەیشتنە ئەم شارە یەکسـەر بـەهاواری ئـەو دیلانـەوە چـوون کـە ژمارەیـان زیـاتر لـە ٤٠٠٠ کـەس دەبـوو ڕزگاریـان کـردن . ئنجـا صەلاحەدین شارەکەی دایە دەست کوڕەکەی ((ملیـك الافضـل))و هـەموو کاروبـاری (( الداویـة [٤] ))ی بـە مـیر عیسـا بەخشـی و کورەکەشی بە ئەمینداری دانـا [٥] . ئەگەرئـەم ڕێزلێنانـەی مـیر عیسـا شـتێك بگەیـەنێ ، ئـەوە پایـە بەرزیـەتی لەلایـەن سـووڵتانەوە ، لەلایـەکی تریـش بەشـداری کردنیـەتی بەشێوەیەکی وا کە شوێن پەنجەی دیاری هـەبێت لـە گشـت شەڕەکانی ڕزگاری دا ، بەڕادەیەك وای لە مێژوو نووسـان کردوە ڕە ە کاتی باس کردنیدا جۆرە مەزنیيەکی تایبەتیيان بە بەردا کردوە هەروەکو لەم ووتەیەی ((ابن حدید)) دا دەردەکەوێت کە دەڵێت :( ئـەوەی سەرنج ڕاکێشە لـەم بارەیـەوە ئەوەیـە کـە صلاحەددین هەموو کاروباری شاری عەککای بە پیـاوێك بەخشـی لە هاویارە نزیکەکانی بوو ، یەکێك بوو لە سوارە هەرە شەڕکەرو جـەر بـەزەکانی سوپاکەی ، ئـەویش دۆسـتی دێرینـی و زانای ئایینی میر عیسای هەکاری بووە [٦] دوای ڕزگاری کردنی

شاری عەککا و ریکخستنی کاروبارەکانی، صەلاحەددین بە خۆی بە هیزەکەیەوە بەرەو پیشەوە چوون و گەلیك لە شارە کەناری‌یەکانی تریان رزگار کرد وەك ( ناسرە و قیساریە و حەیفاو سفوری یە ... هتد) ئنجا کورە براکەی (حسام الدین لاشین) توانی شاری نابلوس بەبێ خوین رشتن ئازاد بکات ، خۆشی سویدا و عەسقەلانی رزگار کرد . تا رزگار کردنی شاری ( قودس) ی کردە سەردەستەی زنجیرە سەرکەوتنەکانی پیشوی . شایانی باسیشە یەکێ لەو میرانەی کە لەکاتی چوونی بۆ ئەم شارە پیرۆزە دا لەگەلی بوو میر عیسای هەکاری بوو ، هەر لەکاتی گەیشتنیان دا یەکسەر فرمانی پاکتاو کردنی ئەو شوینەوارانەی‌دا کە خاچی‌یەکانی پاش خۆیان بەجێیان هیشتبوو ، بەتایبەتی بەردی پیرۆز (الصخرە المقدسە) کە کلیسا و خانوو بەرەو شورەیان لەسەر بنیاد کردبوو ، هەروەها شوینەوارەکانی تری وەك ژووری راهبەکان و شوینی دانانی ئینجیل ... هتد ، میر عیساش سەرپەرشتی هەموو کارەکانی چاککردنەوەی کردو چوار دەوریشی بە پەنجەرەی ئاسن تنی(۷). لیرە دا دووبارە هۆشیاری و پایە بەرزی میر عیسا لەلایەنی سولتانەوە خۆی دەردەخات ، چونکە وا نەبووایە بە کارگیری چاککردنی کاروباری شاریکی پیرۆزی نەدەخستە بەر دەست . هیشتا لە ریکخستنی کاروبارەکانی قودس و چاککردنەوەی بەردی پیرۆز نەبوو بووە کە لەگەڵ صەلاحەددین بەرەو شاری(صور)چوون بۆ مەبەستی رزگارکردنی لە چنگی خاچی‌یەکان ، دەبیت ئەوەش بلیین کە میر عیسا لە ئەندامە هەرە بەرزەکانی ئەم چالاکی‌یە سەربازی‌یە بووە . لەو سەردەمەدا بەریوە بردنی ئەم شارە بەدەست ( کونراد دی مونتفرات ) ئیتالی بووە کە لە لە کۆتای سالی ۵۸۳ ك / ۱۱۸۵ ز بەرەو ئەو شارە چوو ، دوای پیشوازی کردنی لەلایەن دانیشتوانی‌یەوە بە حاکمی خۆیانیان هەلبژاردوە [٨] ، ئەمیش خەریك بوونی موسولمانەکانی بە قودسی بەهەڵ زانیوەوەو هەلساوە بە پتەو کردنی شورەکانی سەرباری پتەوی و سەقفی شورە سروشتی‌یەکەی خۆی ، هەروەکو گەریدە ابن جبیر لە کاتی گەشتەکەیدا بۆئەم شارە بە سێ سالْ پیش گەمارۆ دانی ووتویەتی :( شاری صور لە پتەوی دا لە قوستنتینە دەچیت )[٩] ، هەر لەو کاتەش دا ئەم شارە بۆتە مەلبەندی کۆبوونەوەی هەموو ئەو خاچی‌یانەی کە لە چنگی‌سەربازە موسولمانەکان هەلاتوون و ئەوانەش کە پاش رزگار کردنی شارە کە ناری‌یەکان دەرچوونیان هەلبژارد بوو، بەم جۆرە بۆی بوو بە شورەیەکی ئادەمی سەرباری شورەی پتەوی سروشتی خۆی(۱۰) .

لە رەمەزانی سالی ۵۸۳ ك / ۱۱۸۷ ز دا صەلاحەددین بە هاوریێیەتی میر عیسا گەیشتە ئەم شارە و چەك و پیویستیەکان یان ئامادەکردو دەستیان بە گەمارۆ دانی شارەکە کرد ، شایانی باسە لەبەر تەنگی مەیدانی شەرو [١١].

بەهیزی بەرگری کردنی خاچی‌یەکان و پتەوی شەرەکەی تا دەهات ئابلوقەدانەکە دریژەی دەکیشا [١٢] ، بە جۆریك زۆربەی میرەکانی سوپای هیوا براو کرد بەرادەیەك کە داوای دەست هەلگرتنی گەمارۆ دانەکەیان خستە بەردەم صەلاحەددین ، تەنها میر عیسا نەبیت بەرهەلستی ئەم رایەی کردو پیشنیاری بەردەوام بوونی کرد تا رزگار کردنی شارەکە ، هەندیك لە میرەکانی وەك ( حسام الدین ) و عزالدین جردیك النوری[١٣] پشتگیری یان کرد لەسەر سوور بوونی کارەکەیان هەتا صەلاحەددین خۆشی هەمان رای میر عیسای هەبوو ، رووی دەمی لە سەربازەکانی کرد و پێووتن ( هیندەمان نەماوە ، سەرکەوتن نزیکە ، ئارام بگرن )[١٤] بەلاّم لەبەر زۆری ئەو کەسانەی کە دەیانەویت ئابلوقەدانەکە تیك بشکینریت ، فرمانی تیکدانی داو هەموو کەل و پەلە قورسەکانیشیان بۆ بیروت گواستەوە و ئەوانەش کە هەلنە دەگیران بۆ ئەوەی دوژمن سوودی لی نەبینیت فەرمان سوتاندنی‌یانی‌دا [١٥]. بەم جۆرە موسولمانەکان نەیان توانی بگەنە ترۆپکی سەرکەوتن ،،

دوای‌شەری حطین یەکەم بەزین یان بوو لە مەیدانی جەنگی دا وەلی بە خالی وەرچەرخانیکی گرنگیش لەقەلەم دەدریت لە میژووی بزووتنەوەی لەشکری صەلاحی دا . لە کۆتایشدا دەبیت ئاماژە بۆ ئەو هەلویستە نەبەر دانەی میر عیسا بکەین دەرحەق بەم شەرە و شەرە کەناری‌یەکانی تر ، کە هەموو ژیان و توانستی

خۆی له پێناوی بەرگری کردنی خاچی‌یەکاندا تواندۆتەوه ، هەمیشه وەك سەربازێكی دلسۆزو سەركردەیەكی ئازا ڕۆڵی خۆی بینیوه ، ڕوونترین بەڵگەش سوور بوونی لەسەر ئابلوقەدانی شاری ( صور) ه ، لە کاتێکدا زۆربەی زۆریان داوای پاشەکشێیان کرد .

## دووەم : شەڕی مەزنی عەککای ساڵی ٥٨٥ك / ١١٨٩ ز

زنجیره سەرکەوتنەکانی سوپای ئەیوبی له شەڕی حگین و ڕزگار کردنی ( البیت المقدس) ، بووە هۆی ڕودانی تۆی دوو بەرەكی و رق و کینه له ناخی خاچی‌یەکان ، هەر لەبەر ئەوەش بوو مەلیك ( جای لوز نجان) بەخۆی و هێزەکەیەوه بەرەو شاری عەککا بەڕێ کەوت بە مەبەستی گەمارۆ دانی(١٦) لە هەمان کاتیش دا و بە مەبەستی هوروژاندنی هەستی نەتەوه ئەوروپی‌یەکان دژی موسولمانەکان و پشتگیری کردنی بەرەی خاچی‌یەکان ، حاکمی صور هەڵسا بەناردنی نێر ژەیەکی پیاوه ئاینی‌یەکان بۆ ئەوروپا ، ئەوه بوو هێزی پشتگیری کردنیان تا دەهات زۆرتر دەبوو تا گەیشته نزیکەی (٢١) هەزار شەڕ کەر(١٧) . صەلاحەددینیش که بەمەی زانی بە خۆی و بە هێزێکی زۆرەوه بەرەو هەمان شار بەڕێ کەوت بۆ گەمارۆ دانی و ڕزگار کردنی لە چنگی خاچی‌یەکان . بەم جۆره شاری عەککا به دوو ئەلقه گەمارۆ درا ، تا ماوەیەکی زۆر به بێ پێکدا دان لەسەر ئەم بارو دۆخه مایەوه جگه له چەند دەست وه شاندنێکی بچووکی نێوان سەربازەکانی هەردوو لا نەبێت ، ڕۆژی ٢١ی ڕەمەزانی ساڵی ٥٨٥ ك / ١١٨٩ ز ، به یەکەم ڕۆژی شەڕ کردنی نێوان ئەم دوو هێزه دا دەنرێت ، سوپای خاچی‌یەکان کەوتە جوولە بۆ بەرەو ڕوو بوونەوەی موسوڵمانەکان ، که صەلاحەددین به مەی زانی سوپاکەی خۆی کۆك و ئامادە کرد به پێی نەخشەی تایبەتی خۆی بەسەر سێ دەسته دابەشی کرد ، لەسەر هەریەکێکیان چەند کەسێکی دانا ، بۆ بەشی ناوەڕاست میر عیسای هەکاری هەڵبژاردو خۆشی سەرپەرشتی ئەتلابەگانی(١٨) دەکرد و هانی شەڕ کردنی دەدان ، لەسەر تاقمی دەست ڕاستیش هەردوو کوڕەکەی ( ملیك الافضل و ملیك الظاهر ) و چەند میرێکی تری دانا ، هەرچی تاقمی دەسته چەپ بوو ( سیف الدین علی الهکاری ) و کۆمەڵێك له میرەکانی

مەهرانی و هەکاری‌یەکانی بۆ تەرخان کرد(١٩) . بەم جۆره شەڕێکی درێژ خایەنی لە نێوانیان دا بەرپابوو ، پاش شەڕ کردنێکی زۆر و قوربانی دانی بێ شوماری موسوڵمانەکان توانیان هێزەکانی دوژمن لە هەموو لایەکەوه تێك بشکێنن و بەسەربەرزی و شادمانی‌یەوه بووکی سەرکەوتن له ئامێز بگرن . هەرچی خاچی‌یەکان بوون لەم شەڕەدا زەرەرو زیانێکی زۆریان بۆ مایەوه . بێ گومان هیچ سەرکەوتنێکیش بێ قوربانی دان نابێت . بەم جۆره خوێنی گەشی ژمارەیەك له سەربازه ئازاکانی هێزی صەلاحی ئەم سەرکەوتنه مەزنەیان لەسەر لاپەڕەی مێژوو دا تۆمار کرد لەوانەش میر( خلیل الهکاری ) و براکەی میر عیسا ( ظهیر الدین الهکاری) بوو(٢٠) . لەم بارەیەوه ابن شداد که خۆی لەم شەڕەدا ئامادە بووه و پاش شەهید بوونی براکەی میر عیسای بینیوه و دەڵێت :(پاش شەهید) بوونی براکەی میر عیسام بینی ، له کاتێکدا که خەڵك پرسەو سەره خۆشی‌یان لێ دەکرد ئەم پێکەنینی دەهات و پێی دەووتن ( ئەمڕۆ ڕۆژی ئاسوودە گی‌یه نەك شین وگرین)(٢١) . شایانی باسه براکەی میر عیسا ، میر ظهیر الدین لە گشت شەڕەکان دا پشتگیری کردوەوه ، لە شەڕی ڕەملەدا بەیەکەوه بەدیل گیراون ، هەروەها شوێن پەنجەی له چاککردنەوەی ( قودس ) دا دیاره ، هەروەکو (العما د الکاتب ) ئاماژەی بۆ کردوەو که دەڵێت :( دوای ئەوەی شاری قودس گوڵی هیوای بۆن کردو هەناسەی سەر فرازی هەڵمژی ، خۆری سەرکەوتنی .. تێدا هاڵهات و دڕی به شەوه زەنگی ژێر دەستی دا دا ، میر ضیاء الدین به بیرو ڕا بەجێ و کەم وێنەکانی هەموو کاروبارەکانی ڕێکخستنەوەی شارەکەی سەر له نوێ بنیاد کردەوه ، له هەموو شیاندا براکەی لێی دابڕنەبووەو بەردەوام لە تەکیا بووه و یارمەتی پێش کەش کردوەو دڵسۆزی بۆ نواندوه ، پشتیوانی یەکی بێ وێنەی بووه به چەشنێك تا ئێستاش لێ دوان لەسەری جۆره تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیه تا له شەعبانی ساڵی ( ٥٨٥ك ) گیانی خۆی له پێناوی خاك و نشتمان دا بەخشی ). لەمەوه بۆمان دەردەکەوێت که ڕۆڵی میر عیسا تا چ ڕادەیەك کاریگەر بووه له گشت شەڕەکانی ڕزگاری دا ، وەك پشتیوانێکی

هەمیشەیی لەگەڵ سوڵتان بووەو هەمیشە وەك ئەندامێکی کارا و وورد بین بە دەرکەوتووە

## دەرئەنجام

لێکۆڵینەوەی سەرکردە کوردەکان لە مێژوودا بایەخێکی گرنگی هەیە و کتێبخانەکانمان پێویستی زۆریان پێی هەیە ، بە تایبەتی دەست نیشان کردنی رۆڵی سەرکردە کوردەکان لە شەڕی خاچیەکاندا ، چونکە ئەگەر رۆڵی ئەمانە نەبوایە و خاچ پەرستەکان سەرکەوتنیان بە دەست بهێنایە ، ئەوا ئیمرۆکە گەلانی رۆژهەلات ، بە تایبەتی نەتەوەی عەرەب لە بارودۆخێکی تردا دەژیان . هەر ئەم رۆڵە گرنگەشە وامان لێدەکات بە چاوێکی پر لە بایەخ و دووربینییەوە سەیری سەرکردەکانی سەدەکانی ناوەراست بکەین ، چونکە هەر چۆنێك بێت مایەی شانازی و سەربەرزی ئێمەی کوردە ، لەبەر ئەوەی دڵسۆزانە و ئازایانە بۆ کێشەکە سوتابوون ، ناپاکیان لەگەڵ بیروباوەرو ئاین و وولات نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەی ئەو شوێنانەی کە لێی ژیاوون وشەڕیان لێکردووە دژی خاچیەکان لە نەژاددا وولاتی خۆیان نەبووە ، بەلام ئەو کاتە هەموو وولاتی ئیسلام وولاتی ئەوان بووە و بە پیرۆزیان داناوە . گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە وەدایە کە رووشێوەی کەسایەتێکی ناوداری کوردی بخاتە روو کە بەگرنگترین کەسایەتی هەکاریەکان لەو سەردەمەدا دەژمێردرێت و لە بارودۆخێکدا کە بە دژوارترین سەردەمی خاچیەکان لە قەڵەم دەدرێت. هەروەها لە میانەی باسەکە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە میر عیسای هەکاری کەسایەتێکی بەهێزو دەست والا بووە وگشت فەرمانرەواکان رێزی تایبەتیان بۆی هەبووەو بۆچونەکانی پەسەند بووەلایان . باسەکە دەرخستنی رۆڵی سەربازی و ئاینی کەسایەتێکی کوردی هەکاریە لە شەڕی خاچیەکاندا و رۆڵی ئەم میرە مەزنەیە کە لە سەپاندنی دسەلاتی کوردی ئەیوبی لە میسر دوابەدوای مردنی ئەسەددەدین شێرکۆ .هەروەها باسەکە توانستی دبلوماسی میرعیسا دەردەخات لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان صەلاحەدین ونورالدین محمود لە هەمان کاتیشدا پتەوکردنی پێوەندی نێوان میرەکانی بنەماڵەی ئەیوبی .

## پەراوێزەکان

## پەراوێزی پێشەکی

(١) شەڕی خاچیەکان : بەو هەڵمەت و هێرشە سەربازیانە دەوترێت کە دەوڵەتانی ئەوروپا ، بەگشت هێزو توانایانەوە لە ماوەی دوو سەدەدا کردیانە سەر رۆژهەلاتی ئیسلامی تاوەکو بیخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیان و خێرو سامانی ناوچەکە بۆ خۆیان ببەن ، لە ئەنجامی کارلێکی کلیسەو دەرەبەگ ، لەلایەکەوە بۆ وەگیر هێنانی دەسەلاتی مطلقیپاپا بۆ سەر جیهانی مەسیحیەکان ، لەلایەکی تریشەوە بۆ وەدەست هێنانی ئامانجی خانەدان و سەرکردەو جوتیار و رەش و رووتی ئەم دەوڵەتانە ، هەروەها هەلێکی لەبار بۆ بۆرژواکانی ئەوروپا رەخسا بەبەشداری کردن لەم هێرشانەدا بۆ دەست بەسەرداگرتنی بازرگانی دەریای ناوەراست .(قاسم عبدە قاسم : ماهیە الحروب الصلیبیە ، ل٥٧ ـ ٥٨ ،محمد عروس المطوی: الحروب الصلیبیە فی المشرق و المغرب ، ل ١٩).

(٢) مینورسکی : الاکراد ، ترجمە : د. معروف خزندار ، ل ٦١

(٣) من عمان الی العمادیە أو جولە فی کردستان الجنوبیە ، ل ٢٢٩ .

(٤) سەلاحەدینی ئەیوبی : ناوی یوسف کوری نەجمەدین ئەیوبە ، لەبنەماڵەیەکی بەرەگەز کورد لەشاری تکریت لەساڵی ٥٣٢ ك /١١٣٨ م چاوی بەژیاندا هەڵهێناوە ، بە یەکێك لەکوردە پێشەنگەکانی رەوادی دەژمێردرێت ، (٥٧) پەنجاو حەوت ساڵ ژیاوە، زۆربەی لە شەڕی خاچیەکاندا بەسەربردووە ، تاساڵی ٥٨٩ ك /١١٩٣ ز لە دمشق کۆچی دوایی کردووە .(بۆ زیاتر روون کردنەوە بروانە: النوادر السلگانیە او سیرە صلاح الدین ، ل ٦ ،: وفیات الاعیان ٦/١٣٩) .

## پەراوێزەكانی بەشی یەكەم

(١) سوره الحجرات ، (٤٩)، ايه (١٣) .

(٢) الكامل ، ٤٢/١٢، ابو الفدا : المختصر ، ٣/ ٧٧،،البدايه و النهايه ، ٢٩٧/١٢ ، طبقاتالشافعية ٢٩٠/٤ ، العسجد المسبوك ، ل ٢٠٨ ،ابو القاسم البرزى : ناوى محمد كورى ئەحمد كورى عەكرەمە يە بە(ابن البرزى ) ناسراوە ، فەقیهێكی شـافعی و پێـش نوێـژی جزیـرەی (ابـن عمر) بووە، زانستی فقهی لە سەر دەستی شێخ (ابن القاسم الفارقی) وەرگرتوەو لە دووایدا چووە بۆ بەغداو ، وانەی زانستی لەلای گەلێك لە گەورە زانایانی ئەو شارە خوێندووە لەوانەش (ابن الحامد الغزالی) یـە ، لـە دوایـدا گەڕاوەتـەوە بـۆ جزیـرەو لـەوێ وەك مامۆسـتایەكی زانستی و ئایینی وانەی ووتۆتەوە ، لەمەیدانی زانست و ئایین دا دەستێكیبالآی هەبووە ، تا لەساڵی ٥٦٠ك/١١٦٥ ز ماڵ ئاوایی لـە ژیـان كردووە . (وفيات الاعيان، ١١٧/٣) .

(٣) نور الدين محمود زنكی : كوری عماد الدين زنكییە لە پاش مردنی باوكی فـەرمان ڕەوای حەلـەبی گرتۆتـە دەسـت ، وەپـاش مردنـی براكەی سيف الدين بووە بە فەرمان ڕەوای موسلیش ، وە لەساڵی ١١٥٣/٥٤٩ ز دیمەشقیشی خستۆتە پاڵ ئـەو شـوێنانەی كـە بـەڕێوەی بـردوون ، وەهـەروەها میسـریش لـە سـاڵی ٥٦٤ ك/ ١١٦٨ ز ، سـەركردایەتی بـەرەی ئیسـلامی كـردووە لـە بـەرگری كردنـی مەترسـی خاچییەكان تا لەساڵی ٥٦٩ك /١١٧٣ ز كۆچی دوایی كردووە . المنتظم : ٢٤٨/١٠،:سنا البرق الشامی، ل ١٥٠- ١٥٤ .)

(٤) ابن العصرون : ناوی شرف الدين ابو سعد عبدالله ابن احمد الموصلی الشافعیيە ، بە یەكێك لە پیاو ماقوڵ و ناودارەكـانی سـەردەمی خۆی دەژمێردرێت ، لە موسل خوێندویەتی وە لە سنجار جێ نیشین بووە لەپاشان گواسـتویەتیەوە بـۆ حەلـەب لـەوێوە بـۆ دمشـق لای نورالدين محمود ، پایەو ڕێزێكی تایبەتی هەبووە بە ڕادەیەك كە چەند خوێندنگایەكی لە حەلەب و حمص ، حما، بعلبك ی بـۆ كردۆتـەوە كەوانەی تیادا بڵێتەوە ، چەند جارێكیش بۆتە قازی سنجارو نصێبین و حەران و چەند شارێكی تـر لـە شـارەكانی دیاربكر ، تـا لەسـاڵی ٥٨٥ ك /١١٨٩ لە دمشق ماڵئاوایی لە ژیان كردووە .(وفيات الاعيان ، ٢٥٦/٢ ، نور الدين محمود الرجل و التجربه ل ٨٤_٨٥ ) .

(٥) طبقات الشافعية ، ٢٩٠/٤

(٦) نور الدين محمود الرجل و التجربه ، ل ٨٤

(٧) قوتابخانەی ((الزجاجيه)) لە بەناوبانگ ترین قوتابخانەكانی حەلەب دەژمێردرێت ، بدر الدولـه سـليمان بـن ارتـق ، خـاوەنی حەلـەب دروستی كردووە لە ساڵی ٥١٧ ك .( الاعلاق الخطيرة ، ص ١ ق ١ ل ٩٦)(: الحياه العقليه فى عصر الحروب الصليبيه ، ل ٧٠) .

(٨) وفيات الاعيان ، ١٦٥/٣، طبقاتالشافعية، ٢٩٠/٤

(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

(١٠) ئەسەددەدین شێركۆ : كەڵە مێردێكی كوردی نەبەردە و یەكێك بوولە سەركردە هـەرە گـەورەكانی نـور الديـن محمـود ، لـە زۆربـەی شەڕە ناودارەكان لەگەڵ خاچییەكان و دوژمنانی نورالدين محمود بەشداری كردووە و سەركەوتنی بەدەست هێناوە ، دوا خزمەتی گەورەو پیرۆزی بەرامبەر بە دەوڵەتی نوری لە شام گرتنی میسرە شایانی باسە شێركو مامی سەلاحەدین بووە .بۆ زیاتر ڕوون كردنەوە لەسەر ژیاننامەی ئەو كەڵە مێردە كوردە مەزنە بروانە : وفيات الاعيان ، ١٧٣/٢ ـ ١٧٤ .

(١١) وفيات الاعيان ، ١٦٥/٣ ، طبقات الشافعية ، ٢٩٠/٤ ،الاعلام ، ١٠٧/٥

(١٢) الانساب ، ل ٤٩٠ ، المنتظم ، ٩، ٧٩ ، اللباب فى تهذيبالانساب ، ٣٩٠/٣ ، هەروەها ابو الفدا : تقويم البلدان ، ل ٢٧٥ ، العسقلانى : لسان الميزان ، ٣٠٦/٢ .

(١٣) معجم البلدان ، ٥/ ٣٩٠ وفيات الاعيان ، ٣٤٥/٣ ، تاريخ ابن الفرات مجلد ٤ ص٢ ل ٩٨

(١٤) The Encyclopaedia of Iislam ,Vol, II, P. 226

(١٥) عشائر العراق الكرديه ، ١٣/٢ ـ ١٤ .

(١٦) ئەم هۆزانەش ( تەیاری ، توبی ، جەلادی ، پینیاتیش ، ئەلتوش ، ئەرتوش ، یـاش ، بـازی ، سـاتی ، ئۆزامـاری ، جۆلـه مـێرگی ، جبلوو ، دیز ، سیلیانك ، شمزیدین ، شابان ، برات سیونانی) بۆزیاتر روونكردنەوه بروانـه : (كوردەكـانی ئیمبراتۆریـەتی عوسمـانی ، ل ١٢٢) .

(١٧) خلاصته تاريخ الكرد ، ل ٤١ The Encyclopaedia of Islam ,Voll .II,P. 226

(١٨) الشرفنامه ، ل ١٢٥ .

(١٩) مەبەستی لەم هۆزانەیه ( الگورانيه ، الهندبانيه ، الشنويه ، الشاهنمبانيه السرجليه ، المهرانيه ، الزرزاريه ، الكيكانيه ، الجاك ، اللر ، الدنبليه ، الرواديه ، الديسنيه ،الهكاريه ، الحميديه ، الوركجيه ، المروانيه ، الجلاليه ، و الشنبكيه ، والجـوى). السـلوك فـى معرفـه دول الملوك ، ٣/١ ـ ٤

(٢٠)هەمان سەرچاوه هەروەها بروانه ، الخطط، ٨٣/٣ .

(٢١) الشرفنامه ، ل ١٢٥ .

(٢٢) وفيات الاعيان ، ٤٩٧/٣ .

(٢٣) له زۆر كۆنەوه كوردەكان له وولاَتی هەكاری نیشتەجێ بووین له تەك ساسانییەكان بەشـداری ئـەو شـەرانەیان كـردووه كـه لەگـەلْ عەرەبە موسلمانەكان روویداوه له ناوچەی هەكاری و دەوروبەریدا (تاريخ ماردين ،دەست نووس ل٢٣٦ ـ٢٣٧،زێرینیای ئامێدی ،ل ٤٧)

(٢٤)الشرفنامه ، ل ١٢٥ ، اماره بهدينان ، ل ٤٦ .

(٢٥) وفيات الاعيان ، ٣٤٥/٣ .

(٢٦) الفارقى : تاريخ الفارقى ، ل٥٥ ، الحموى : معجم البلدان ، ٤٠٨/٥ الكامل ، ١٤/١١ ـ ١٥ ، النوادر السلطانية ، ل ١١٠ ، مراه الزمان ، ج ٨ ق ١ ل ٢٧٨ ، الروضتين ، ٢/ ٢٠٩ ، مفرج الكروب ، ٢/ ٢٩٦ ذيل مرئ‌ه الزمان ، ٢٢٥/٢ ، مسالك الابصار ، السفر الثالـث ، ل ١٣٣ ، صبح الاعشى ، ٣٧٨/٤ ، تاريخ ابن الفرات ، م٤ ج٢ ل٩٢ ، اوضح المسالك (مخطوط) ل ٢٤٤ ، سياحتنامه ، ل ٢٠٨ ـ ٢٠٩ ، الكرملـى : تاريخ الكرد ، مخطوط ، ل ١ ، مينورسكى : الاكراد ، ل ١٧

محمد امين زكى : خلاصه تاريخ الكرد ، ل ٤١٩ ، حسين حزنى موكريانى : ئاوڕێكى باشەوه ، ل٣٢ ،
The Encyclopaedia of Islam , Vol , II,P.226

(٢٧)الاصفهانى : الفتح القسبى ، ل ٥٧٩

(٢٨) هەمان سەرچاوه .

(٢٩) وفيات الاعيان ، ٣/ ١٦٦ ، مشاهير الكرد ، ٩٤/٢

(٣٠)الملك الافضل : ناوی ( ابو الحسن علی ) یه كوڕی گەورەی سەلاحەدینه له سالَی ٥٦٥ ك له قاهیره له دایك بووه و لـه سـالَی ٦٢٢ ك له دیمەشق كۆچی دوایی كردووه . (وفيات الاعيان ، ٩٥/٣) .

(٣١) الملك العادل : ناوی ( سيف الدين محمد ) ده ، له سالَی ٥٤٠ ك له دایك بـووه بـرای سـەلاحەدینه ، بەشـداری هێرشـەكانی سـوپای نوری كردووه بۆ سەر میسر لەگەل شێركۆی مامی ، تا لەسالَی ٦١٥ ك ، كۆچی دووایی كردووه ، (وفيات الاعيان ، ١٦٦/٤)

(٣٢)الكامل ، ١٤٣/١٢ ، ابن العديم : زبده الحلب ، ١٤٣/٣ ، ابن واصل : مفرج الكروب ، ٩٦/٣ .

(٣٣) المقطم : ناوی ئەو چیایەیه كه له میسردایه ، ( معجم البلدان ، ١٧٦/٥ ) .

(٣٤)وفيات الاعيان ، ١٦٦/٣ .

(٣٥) ابن واصل : مفرج الكروب ، ١٧١/٢ ، ابن خلدون : العبره ٣٠٣/٥

(٣٦) وفيات الاعيان ، ١٨٣/١ ، اليونينى : ذيل مرآة الزمان ، ٢٢٤/٢.

(٣٧)الكامل ، ٨٥/١٢ ، النوادر ، ل ١٦٩ ، ٢٢٩ ، تاريخ ابن الفرات ، ج٢ م٤ ل ١٩ ، ٨٢

(٣٨) اليونينى : ذيل مرآة الزمان، ٢/ ٢٢٤ .

(٣٩)البندارى : سنا البرق الشاهى ، ل٢٧٧ ، العرينى : الشرق الادنى ( الايوبيون ) ل ١٦٢ .

(٤٠)الاصفهانى : البرق الشامى ،مخطوط ، ج٣ ل (١٣٠ ا) . جب : صلاح الدين الايوبى ، ل ١٦٨ .

(٤١)مشاهير الكرد: ٧٧/١٠

(٤٢) الكامل : ١٢ : ٤٢

(٤٣)النوادر : لا ١٦

(٤٤) المختصر : ٣: ٧٧

(٤٥)طبقات الشافعيه : ٤: ٢٩٠

(٤٦)سياسه صلاح الدين الايوبى : لا ٢٧١

(٤٧)التاريخ الحربى المصرى : لا ٢٣٣

(٤٨)صلاح الدين الايوبى اسد القارتين : لا ٣٠

(٤٩)مشاهير الكرد : ٧٧٠١

(٥٠)النوادر السلطانية، لا ١١٦هەروەها بروانە : المندرى : التكمله لوفيات النقله ، الخ ، لا٢١٣ – لا٢١٥ ، الزهبى: دول الاسـلام ، ١٣٤/٢ ، السبكى : طبقات الشلفعيه ، ٢٩٠/٤ ، محمد امين زكى : مشاهير الكرد ، ٧٧/١ و الخرويه : قەڵایەكی كەنارەكانی شـامە بەسـەر عـەككا دا دەڕوانێت ( معجم البلدان ) ، ( ٣٦٢/٢ ) .

## پەراوێزەكانی بەشی دووەم

١. مفرج الكروب : ١ : ١٣٨ .

٢. الكامل ، ١١ : ٢٥٥ / المختصر ، ٣ : ٣٧ / ابن خلدون ، العبر ، ٤ : ١٦١ .

٣. الكامل ، ١١ : ٢٩٠ / المختصر ، ٣ : ٤٠ / العبر ، ٣ : ١٦٢ / الحريرى : الاخبار السنيه / لا ٨٢ .

٤. الروضتين ، ١ : ٣٣١ / الاخبار السنيه ، لا ٨٢ .

٥. لەبارەی ئەو هۆیانەی كە پاڵیان بە ( نورالدين محمود ) ەوە نا كە بەتەنگ داواكەی شاور بچێت و هێرش بباتە سەر میسر ، سەیری : محمود ياسين التكريتى ، االايوبيون ، لا ٦٢ ، ستيفن رانسيمان ، تاريخ الحروب الصليبيه ، ترجمه الباز العرينى ، ٢ : ٦٧٣ / محسن محمد حسين ، الجيش الايوبى ، رساله دكتورا لا ٤٧ – ٤٩ ، بكە .

٦. ابن الاثير ، الباهر ، لا ١٦٨ .

٧. وفيات الاعيان ، ٣ : ١٦٥ / البدايه والنهايه ، ١٢ :٣٣٤ / طبقات الشافعية ، ٢٩٠: .

٨. الكامل ، ١١ : ٢٩٩ / شفاء القلوب ، لا٢٦٧ / زبده الحلب ، ٢ : ٣١٧ عاشور ، الحركه الصليبيه ، ٢ :٦٨٣ .

٩. ابن تغرى بردى / النجوم الزاهره ، ٥ : ٣٤٧،شاور پەیمانی بە نورالدين دابوو كە سێیەكی سەرانەی میسر بۆ ئەو دەبێـت ،(شـێركۆ)ش لەگەڵ سەربازەكانی جێ نیشین دەبێت لە میسر (اتعاظ الحنفا،٣:٢٧٣).

١٠.بلبيس : شارێكی سەر ڕێگای شامە كە دووری نێوانی لەگەڵ فسطاط دە فرسەخە : (معجم البلدان ، ١: ٤٧٩ ).

١١. الباهر ، لا١٢٢ / مفرج الكروب ، ١: ١٣٩ / المختصر ، ٣ : ٤١ العبر ، ٤: ١٦٣ / الايوبيون ، لا٦٢ .

١٢. التكلمه لوفيات النقله ، م١ لا٢١٥ / وفيات الاعيان ، ٣ :١٦٥ البدايه والنهايه ، ١٢: ٣٣٤ / العسجدالمسبوك ، لا ٢٠٨ .

۱۳.

۱٤. الباهر : لا ۱۳۳ / ابن الوردی ، تاريخ ابن الوردی ،۲ : ۱۰۲ ، شذرات الذهب ، ٤ : ۲۰۳ / الاخبار السنيه ، لا۸۷ .

۱٥. الكامل ، ۱۱ :۲۹۹ / الروضتين ،۱:۳٦٤ / مفرج الكروب /۱ : ۱٤۹ .

۱٦. سبط ابن الجوزی ، مراه الزمان ، ۸ : ۲٦۹ / الروچنين ، ۱: ۳٦٥ الحركه الصليبيه ،۲:٦۸۸ ، حسن حبشمی ، نورالدين و الصليبيون ، لا ۸۹ – ۹۰ .

۱۷. الباهر ، لا ۱۳٤ / مؤنس ، نورالدين محمود ، لا ۳۰۳ –۳۰٤ / الاخبار السنيه لا ۸۹– ۹۰ .

۱۸. الكامل : ۱۲ : ٤۲ / وفيات الاعيان ،۳ : ۱٦٥ / العسجد المسبوك لا ۲۰۸ .

۱۹. تاريخ ابن الوردی ،۲ : ۱۰٦ / تاريخ ابن الفرات ، ج[۱] م[٤] ص/[۲٤] النجوم الزاهره / ٥: ۳٥۰ / الحركه الصليبيه ،۲ : ٦۹۸ .

۲۰. ابن الفرات : تاريخ ابن الفرات ،ج۱ م٤ لا۲۳٦ . المقريزی : اتعاظ الحنفا ، ۳ / ۲۹۲ ، الحريری : الاخبار السنيه فی الحروب الصليبيه ،لا[۹٤].

۲۱. هەمان سەرچاوە

۲۲. تاريخ ابن الفرات ج۱ م٤ ص۲۰ .

۲۳. ابن الاثير : الباهر ، لا ۱۳۸ . تاريخ ابن الفرات،ج۱،مج٤،لا۳۱ .

۲٤. تاريخ ابن الفرات ، ج۱،مج٤،ل۳۱

۲٥. الباهر ، لا۱۳۸ .

۲٦. النوادر ،ص٤۰ ،شفاو القلوب ،لا٤٤ .

۲۷. الباهر / لا۱٤۲

۲۸. الكامل ۳٤٤/۱۱/الروضتين ،٤۰٦/۱ /تاريخ ابن الفرات ج۱ مج٤،لا٥٦

۲۹. الباهر،۱٤۲ ،مفرج الكروب ،۱٦۹/۱ ،وفيات الاعيان ، ۱٥٤/٦–۱٥٥

۳۰. الروضتين ، ٤۰۷/۱ ،المختصر٤۷/۳،النجوم الزاهره ،۱۸/٦

۳۱. شفاء القلوب ، ص٦٦ .

۳۲. الكامل ، ۳۹۳/۱۱

۳۳. هەمان سەرچاوە ی پێشوو. مەبەستی ابن الاپیر ئەوەیە(صەلاحەددین کەڕایەوە میسر لەترسی ئەوەی نەوەك نور الدین محمود لەمیسری لابدات چونکە ئالۆزیەك لەپەیوەندیەکانی نێوانیان هەبوو ) .

۳٤. الكامل ،٤٤۲/۱۱/النوادر،لا٥۳ سنا البرق ، لا ۲٥۸–۲٥۹ ، مفرج الكروب ،٦۱/۲ المختصر ، ٦۰/۳ /الدواداری ،الدر المطلوب،٦۳/۸ الذهبی ، دول الاسلام ، ۱۳٤/۲ ، خطط الشام ، ٥۲/۲ .

۳٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

۱. المختصر ، ۳ :٦۰ / دول الاسلام ، ۲ : ۳٤ / طبقات الشافعيه : ٤ : ۳۳۹ / البدايه والنهايه ، ۱۲ :۲۹۷ / شفاء القلوب ، لا ۹۳

۲. بۆ زیاتر شارەزابوون دەربارەی گەمارۆ دانی یەکەم سەیری : ابن شاهنشاه الايوبی ، مضمار الحقائق فی سر الخلائق ، ( لا ۱۰٦ – ۱۱۰ ) بکە ، الكامل ، ۱۱ / ٤۸٤ – ٤۸۷ .

۳. سنا البرق الشامی ، لا ۲۰٥ .

٤.حران : شاریکی گەورەی بەناو بانگە لەسەر ریگای مووسڵ و شام ورۆم : معجم البلدان ، ۲ : ۲۳٥ .

٥.الكامل ، ۱۱ : ٥۱۱ / مفرج الكروب ، ۲ : ۱٦٥ / العبر ، ٥ : ۳۷٥ محسن محمد حسين ، اربيـل فى العـهد الاتـابكى ، لا ۱۳۱ / عبدالقـادر ، مظفرالدين كوكبرى ، لا ۸٦ / الجميلى ، دولة الموصل بعد الاتابكة ، لا ۱٥۳ .

٦.مفرج الكروب ، ۲ / ۱٦٥ ، العبر ، ٥ / ۳۷٥ ، محسنمحمد : اربيل فى العهد الاتابكة ، فى / الموصل ،لا ۱۳۲ .

۷.مضمار الحائق ، لا ۲۱۳ .

۸.الكامل ، ۱۱ / ٥۱۱ ، البدايه والنهايه ، ۱۲ / ۳۱٥ – ۳۱٦ ، الجميلى : دولة الاتابكة في الموصل ، لا ۱۰۳ .

۹.المشطوب الهكارى ، لا ۳۱۰ .

۱۰.النوادر السلطانية ، لا ٦۸ ، دريد عبدالقادر نورى : سياسة صلاح الدين : لا ۲٤٦ .

۱۱.الروضتين ، ۲ / ٦۲ ، مفرج الكروب ، ۲ / ۱٦۷ ، محمود ياسين : الايوبيون ، لا ۱۳٤ .

۱۲.هەمان سەرچاوەی پیشوو .

۱۳.البهلوان : پالەوان ناوی ( شمس الدين محمد بن ايلدكز ) ە ، خاوەنی ئازربایجان بووە ، بۆ مەرامی دەست بەسەرا گرتنی(خەلات) ، کچەکەی لە شای ئەرمەن مارە کردوە ، کاتیکیش کە زانیویەتی شاە مردووە ، ئەم چووە بۆ خە لاط بۆ دەست بەسەرا گرتنی .

۱٤.مضمار الحقائق ، لا ۲۲۱ .

۱٥.مراة الزمان ، ح۸ ق۱ لا ۳۸٤ ، شفاء القلوب ، لا ۱۱٥ .

۱٦.النوادر السلطانية ، لا ٦۹ .

۱۷.الكامل ، ۱۱/ ٥۱۲ ، الروضتين ، ۲ / ٦٤ ، سعداوى : التاريخ الحربى المصرى ، لا ۱٦۱ .

۱۸.الكامل ، ۱۱ / ٥۱۲ ، مفرج الكروب ، ۲ / ۱۷۱ ، العبر ، ٥ / ٥۸۱ .

۱۹.الكامل ، ۱۱ / ٥۲٤ .

۲۰.الكامل ، ۱۱ / ٥۲٤ ، العبر ، ٥ / ٦٦٦ .

۲۱.الكامل ، ۱۱ / ٥۲٤ .

## پەراویزەکانی بەشی چـــــوارەم

۱–النوادر السلطانية ، لا٥۳٦ .

۲–بۆ زیاتر شارەزابوون دەربارەی ئەم شەرە بروانە : محسن محمد : الجيش الايوبى فى عهد صلاح الدين ، لا ۳۸۳ – ۳۹٦ دريد عبدالقادر ! سياسه صلاح الدين ، لا ۲۸٦ – ۳۰٤ .

۳– النوادر السلطانية : ۷٤ – ۷٥ ، مفرج الكروب ، ۲ / ۱۸٦ ، حامد غنيم : الجبهة الاسلامية الموحـدة ، ۲ / ۱۰٦ ، البزاوى : العلاقـات السياسية الاسلامية ، لا ۲۲۰ .

٤– الداويه : ریکخراویکی سەربازی ئاینیيە ، لە سالی ٥۱۳ ك / ۱۱۱۹ ز دامەزراوە ، ئامانجی ئەم ریکخـراوە لـە سـەرەتادا پاراستنی حەجاجە مەسیحیيەکانی نیـوان یافـاو قـودس بـوو ، بـەلام دوایـی گۆرا بـۆ بنکەیـەکی ئـاینی دەمارگیری و تیرۆرست دەرحـەق بـە موسولمانەکان ( فيلب حتي : تاريخ سورية و فلسطين ، ۲/ ۲۳۷ هامش رقم (۲) ، المطوي ، الحروب الصلبية ، ٦۹ – ۷۱ ) .

٥–شفاو القلوب ، لا۱۲٤ ، الدر المكلوب ، ۹٤/۷ الحريرى : الاخبار السنيه ، لا ۱٥۰ ، التأريخ الحربى المصرى ، لا۱۸۷ .

٦–عصر صلاح الدين الايوبى ، لا۱۳۷ .

۷– الفتح القس ، لا ٥۷۹ ، مفرج الكروب ، ۲ / ۲۲۹ ،الدر المطلوب،۹۰/۷ .

٨- الاخبار السنيه ، لا١٦١ / زابوروف:- الصليبيون فى الشرق ، لا١٩٣ .

٩-رحله ابن جبير ، لا ٢٤٩ .

١٠- عاشو : الناصر صلاح الدين ، لا ٢١٤ .

١١-الفتح القسى ،لا١٥٣ .

١٢-الروضتين ، ١١٩/٢ ، مفرج الكروب ، ٢٤٦/٢ .

١٣-هەمان سەرچاوەی پیشوو .

١٤-لاخبار السنيه ، لا١٦٢ .

١٥-الحركه الصلبيه ، ٢ : ٨٤١ ، عبدالقادر يوسف ، علاقات بين الشرق والغرب ، لا ١٤٣ .

١٦- الكامل ، ١٢ : ٣٣ / النوادر ، لا ١١٤ - ١١٥ / الاخبار السنيه ، لا ١٧٦ و جـاى لوزنجـان:يـەكيك بـوو لـە مەليكەكانـــــى(البيت المقدس) كە صەلاحە ددين بەديلى گرت ، شمشير دەر نـەهينانى لـە رووى موسـولمانان كـردە مـەرجى ئـازاد كردنـى ، و ئەگـەر لـەم بەلينەشى پاشگەز بووەوە ، فرمانى كوشتنى بۆ دەردەچيت : ماجد : الناصر صلاح الدين:لا ١٥٧ / علاقات بين الشرق والغرب ، لا ١٤٢ .

١٧- مفرج الكروب ، ٢ : ٢٨٨ / باركر ، الحروب الصليبيه ، لا ١٠٩ / الناصر صلاح الدين ، لا ٢٥٦ : ئەنجامەكەشى ئەوە بوو ، ئـەوروپا لە گەورەترين هەلمەتدا دەرچوون كە لە ميژوودا بە هەلمەتى خاچى سێيەم ناسراوە .

١٨- الاطلاب : كۆی (( طلب )) ە ، ووشەيەكى كوردىيە بۆ يەكەم جار لە ميسرو شام لەسەر دەمى صەلاحەددين بەكار هاتووە، واتە ئەو ميرەی كە دوو سەد سوارەی لە مەيدانى شەردا لەبەر دەست بيت ، هەروەها بە سەركردەی سەد يا حەفتا كەسيش دەووتريت ، بەلام ئيستا ماناى ئەم زاراوەيە گۆرانى بە سەر دا هاتووە و ( كتيبة ) ى سەربازى دەگريتەوە (السلوك ،ط ق١ لا٢٤٨ ) .

١٩- النوادر ، لا ١١٠ / مفرج الكروب ، ٢ : ٢٥٦ / التأريخ الحربى المصرى ، لا ٢٨٨ .

٢٠- الفتح القس ، لا ٥٧٩ / النوادر ، لا ١٠٩ / مفرج الكروب ٢ : ٢٩٩ ، الاخبار السنية ، لا ١٨١ .

٢١- النوادر ، لا ١١٢ .

## سەرچاوەكان

### يەكەم - سەرچاوە كۆنەكان

بن الاثير : عزالدين ابن الحسن على بن محمد بن عبد الكريم الجزرى ( ت ٦٣٠ هـ / ١٢٣٢ م ) .

١- التاريخ الباهر فى الدوله الاتابكيه ( الموصل ) ، تحقيق : عبد القادر طليمات ، دار الكتب الحديثة ، القاهره ، ١٩٦٣ م .

٢- الكامل فى التاريخ ، دار صادر -دار بيروت ، بيروت ، ١٩٦٦ م .

٣-اللباب فى تهذيب الانساب ،الجزء الثالث ،دار صادر-دار بيروت،بيروت بلا تاريخ .البدليسى:شرف خان ( الفه فى اواخر عام ١٠٠٥ هـ).

٤-الشرفنامه ، ترجمه عن الفارسيه: ملا جميل بندى روزبيانى ، مطبعة النجاح ، بغداد ، ١٩٥٣ م .

البندارى : قوام الدين الفتح بن على ( ت ٦٤٢ هـ /١٢٤٣ م )

٥-سنا البرق الشامى ( تلخيص البرق الشامى للعماد الكاتب الاصفهانى ) تحقيق :د .رمضانششن ، دار الكتاب،بيروت١٩٧١م.

ابن تغرى بردى : ابو المحاسن جمال الدين يوسف بن تغرى بردى الاتابكى (ت ٨٧٤ ه / ١٤٦٩ م) .

٦-النجوم الزاهرة فى ملوك مصر و القاهرة ، مطبعة دار المكتبة المصرية ، الطبعة الاولى ، القاهرة ، ١٩٣٥ م .

ابن جبير : محمد بن احمد الكنابى الاندلسى ( ت ٦١٤ ه /١٢١٧ م ) .

٧–رحلة ابن جبير ، طبعة جديدة ، دار مكتبة الهلال ، بيروت ، ١٩٨١ م .

ابن الجوزى : عبد الرحمن بن على بن محمد ( ت ٥٩٧ ه/ ١٢٠٠م ) .

٨–المنتظم فى تاريخ الملوك و الامم ، جزء (٩–١٠) مطبعة دائرة معارف العثمانية ، حيدر اباد ، الدكن ، الهند ، ١٣٥٩ ه .

الحميرى : محمد بن عبد المنعم ( ت ٩٠٠ ه – ١٤٩٤ م )

٩–الروض المعطار فى خبر الاقطار ، تحقيق : احسان عباس ، دار القلم للطباعة ، بيروت ، ٢٩٧٥ م .

الحنبلى : احمد بن ابراهيم ( ت ٨٧٦ ه / ١٤٧٢ م ) .

١٠ – شفاء القلوب فى مناقب بنى ايوب ، تحقيق : ناظم رشيد ، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٨ م .

الحنبلى : عبد الرحمن بن محمد مجير الدين العليمى ، ( ت ٩٢٨ ه / ١٥٢١ م ) .

١١–الانس الجليل بتاريخ القدس و الخليل الجزءالاول ، مطبعة الحيدرية ، النجف الاشرف ، ١٩٦٨ م.

الحنبلى : ابو الفلاح عبد الحى بن العماد ( ت ١٠٨٩ ه / ١٦٧٨ م ).

١٢– شذرات الذهب فى اخبار من ذهب ،مطبعةالقدس ، القاهرة ، ١٩٣٢ م .

ابن خلدون : عبد الرحمن بن محمد ( ت ٨٠٨ ه /١٤٠٦ م) .

١٣– العبر و ديوان المبتدا و الخبر فى ايام العرب و العجم و البربر و من عاصرهم من ذوىالسلطانالاكبر ، طبعة بيروت ، المجلد الرابع ، دار الكتاب اللبنانين ، ١٩٦٨ م .

ابن خلكان : ابو العباس احمد ( ت ٦٨١ ه /١٢٨٢ م )

١٤– وفيات الاعيان و انباء الزمان ، تحقيق : محمد محى الدين عبد الحميد ، مكتبة النهضة المصرية ، القاهرة ، ١٩٤٨م .

الدوادارى : ابوبكر عبدالله بن البيك (ت ٧٣٥ ه / ١٣٣٤ م )

١٥– كنز الدرر و جامع الغرر،الجزءالسابع باسم (الذر المطلوب فى اخبار ملوك بنى ايوب)تحقيق:سعيد عبد الفتاح عاشور،القاهرة ،١٩٧٢م .

الذهبى : شمس الدين محمد بن عسمان ( ت ٧٤٨ ه ١٣٤٧ م ) .

١٦– دول الاسلام ، تحقيق فهيم محمد شلتون و محمد مصطفى ابراهيم ، الهيئة المصرية العامة لكتاب ، القاهرة ، ١٩٧٤ م .

١٧– العبر فى خبر من عنبر ، الجزء الخامس تحقيق : صلاح الدين المنجد ، مطبعة حكومة الكويت ، الكويت ، ١٩٦٦ م .

سبطد ابن الجوزى : شمس الدين يوسف بن قزاوغلى التركى ( ت ٦٥٤ ه / ١٢٥٦ م ) .

١٨– مرآة الزمان فى تاريخ الاعيان ، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية ، حيدر اباد الدكن ، الهند ، ١٩٥١ م .

السبكى : تاج الدين عبد الوهاب بن فقى الدين (ت ٧٧١ ه / ١٣٦٩ م) .

١٩– طبقات الشافعية الكبرى ، الجزء الرابع ، الطبعةالاولى ، الحسينية ، القاهرة ، ١٣٢٤ ه

ابو شامة: شهاب الدين عبد الرحمن اسماعيل المقدس ( ت ٦٦٥ ه/ ١٢٦٦ م) .

٢٠– الروضتين فى اخبار الدولتين النورية و الصلاحية ، الجزءالاول ، القسم الثانى، تحقيق : محمد حلمى احمد ، مراجعة د. محمد مصطفى زيادة المؤسسة المصرية العامة للتأليفو الترجمة و الطباعة و النشر ، القاهرة ، ١٩٦٢ م .

ابن شاهنشاة : محمد بن فقى الدين عمر ( ت ٦١٧ ه / ١٢٢٠ م ) .

٢١– مضمار الحقائق وسر الخلائق ، و تحقيق : حسن جشى ، دار الهنا للطباعة، طبععالم الكتب ، القاهرة ، ١٩٦٨ م .

ابن شداد : القاضى بهاءالدين (ت ٦٣٢ ه / ١٢٣٤ م)

٢٢– النوادر السلطانية و المحاسن اليوسفية ، ( سيرة صلاح الدين ) تحقيق : جمال الدين الشيال ، الدار المصرية للتاليف و الترجمة ،

القاهرة ١٩٦٤ م .

ابن شداد : عز الدين محمد بن على بن ابراهيم ( ت ٦٨٤ ه / ١٢٨٥م ) .

٢٣- الاعلاق الخطيرة فى ذكر امراء الشام و الجزيرة ، قسم الحلب ، القسم الاول ، تحقيق : دومبنيك سورديل ، المعهد الفرنسى ، دمشق ١٩٥٣ م .

الاصفهانى : ابو عبدالله محمد بن حامد عماد الدين الكاتب ( ت ٥٩٧ ه / ١٢٠٠ م )

٢٤- الفتح القسى فى الفتح القدسى ، تحقيق و شرح و تقديم محمد محمود صبح ، الدار القومية للطباعةو النشر ، القاهرة ، ١٩٦٥ م .

ابن العديم : كمال الدين عمر هبة الله (ت ٦٦٠ ه/ ١٢٦١ م)

٢٥- زبدة الحلب من تاريخ حلب ، تحقيق : سامى دهان ، المطبعة الكاثوليكية ، بيروت ، ١٩٦٨ م .

الغسانى : ابو العباس اسماعيل بن العباس بن رسول ( ت ٨٠٣ه/ ١٤٠٠ م )

٢٦- العسجد المسبوك و الجور المحكوك فى طبقات الخلفاء و الملوك ، تحقيق : شاكر محمود عبد المنعم ، دار البيان ، بغداد ، دار التراث الاسلامى بيروت ، ١٩٧٥ م .

الفارقى : احمد بن يوسف بن على بن الازرق ( ت ٥٧٢ ه / ١١٧٦ م)

٢٧- تاريخ الفارقى ، تحقيق:بدوى عبد اللطيف عوض ، مراجعة محمد شفيق عزبال ، الهيئة العامة لشؤن المطابع الاميرية ،لقاهرة ١٩٥٩م .

ابو الفدا : عماد الدين اسماعيل بن محمد ( ت ٧٣٢ ه/ ١٣٢١ م )

٢٨- تقويم البلدان ، بعتناء رينود و البارون مان كوكين ديسلان ، دار الطباعة السلطانية باريس ، ١٨٤٠ م .

٢٩- المختصر فى إخبار البشر ،المطبعة الحينية المصرية ، القاهرة ، بلا تاريخ .

ابن الفرات : ناصر الدين محمد بن عبد الرحيم ( ت ٩٠٧ ه/ ١٤٠٥ م ) .

٣٠- تاريخ ابن الفرات ، المجلد الرابع ، الجزء الاول ، عنى بتحرير نصة و نشرة ، حسنين محمد الشماع ، مطبعة حداد ، البصرة ،١٩٦٧م

القلقشندى : ابو العباس احمد بن على ( ت ٨٢١ ه /١٤١٨ م )

٣١- صبح الاعشى فى صناعة الانشا ، نسخة مصورة عن الطبعة الاميرية و منديلة ، مطابع كوستانوماس و شركاءه ، القاهرة ، ١٩٦٣ م

ابن كثير : اسماعيل بن عمر الدمشقى ( ت ٧٧٤ ه /١٣٧٣ م )

٣٢- البداية و النهاية فى التاريخ ،مطبعة مكتبة المعارف بيروت - مكتبة النصر رياض ١٩٦٦ م .

المقريزى : تقى الدين احمد بن على ( ت ٨٤٥ ه / ١٤٤١ م)

٣٣- السلوك لمعرفة دول الملوك ، الجزء الاول ، القسم الاول ، صححة ووضع حواشية : محمد مصطفى زيادة ، دار الكتب المصرية ، القاهرة ، ١٩٣٤ م .

٣٤- المواعظ و الاعتبار بذكر الخطط و الاثار . ( و يعرف اختصارا الخطط ) ، دار الكتاب اللبنانى ، بيروت ١٩٦٧ م .

٣٥- اتعاظ الحنفا باخبار الائمة الفاطمينالخلفا تحقيق:د. محمد حلمى محمد احمد،الجزء الثالث،مطابع الاهرام التجارية القاهرة ، ١٩٧٣ م

المنذرى : زكى الدين ابو محمد بن عبد القوى ( ت ٦٥٦ ه /١٢٥٨ م )

٣٦- التكملة لوفيات النقلة ، تحقيق : بشار عواد معروف ، المجلد الاول ،مطبعة الاداب النجف ، ١٩٦٨ م .

ابن الواصل : جمال الدين محمد بن سالم ( ت ٦٩٧ ه / ١٢٩٨ م)

٣٧- مفرج الكروب فى اخبار بنى ايوب ، تحقيق : جمال الدين الشيال ، الجزء الثانى ، المطبعة الاميرية ، القاهرة ، ١٩٥٧ م .

ابن الوردى : زين الدين عمر ( ت ٧٤٩ ه /١٣٤٨ م .

٣٨- تاريخ ابن الوردى المسمى ( تتمة المختصر فى اخبار البشر ) تحقيق : احمد رفعت البدراوى ، الجزء الثانى،الطبعة الاولى ، دار المعرفة ، بيروت ١٩٧٠ م .

ياقوت : شهاب الدين بن عبدالله الحموى الرومى البغدادى ( ت ٦٢٦ ه / ١٥٢٨ م )

٣٩- معجم البلدان ، دار صادر - دار بيروت ، بيروت ، ١٩٥٥ م .

البونينى : موسى بن محمد بن قطب الدين ( ت ٧٢٦ ه / ١٣٢٦ م )

٤٠- ذيل مرآت الزمان ، المجلد الاول ، الجزء الثانى ، مطبعة دائرة المعارف العثمانية ، حيدر آباد الدكن ، الهند ، ١٩٥٤ م .

## دووەم - سەرچاوە تازەكان

باركر : ارنست

٤١- الحروب الصليبية ، ترجمة السيد الباز العرينى مطبعة لجنة البيان العربى ، القاهرة ، ١٩٦٠ م .

البدوى : احمد

٤٢- الحياة العقلية فى عصر الحروب الصلبية بمصر و الشام ، دار النهضة المصرية للطبع و النشر ، القاهرة ، ١٩٧٢ م .

بيومى : على

٤٣- قيام الدولة الايوبية بمصر ، دار الفكر الحديث للطبع و النشر ، الطبعةالاولى ، القاهرة ، ١٩٥٢ م . التكريتى : محمود ياسين

٤٤- الايوبيون فى شمال الشام و الجزيرة ، دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨١ م . جب : هاماتون آ . ر

٤٥- دراسات فى حضارة الاسلام ، ترجمة د. احسان عباس و اخرون ، تحرير ستانفورشو و وليم بولك ، دار العلم للملاين ، بيروت١٩٦٤م

الجميلى : رشيد

٤٦- دولة الاتابكة فى الموصل ،الطبعة الاولى ، دار النهضة ، بيروت ، ١٩٧٠ م .

ابو حديد : محمد مزيد

٤٧- صلاح الدين الايوبى و عصرة ، مطبعةدار الكتب المصرية ، القاهرة ، ١٩٢٧ م .

الحريرى : سيد على

٤٨- الاخبار السنية فى الحروب الصليبية ،الطبعة الاولى ، المطبعة العمومية ، مصر ، ١٨٩٩ م .

حسين : محسن محمد

٥٣- اربيل فى العهد الاتابكى ، مطبعة اسعد بغداد ، ١٩٧٦ م .

٤٩- الجيش الايوبى فى عهد صلاح الدين ، رسالة دكتوراة ، بغداد ، ١٩٨٠ م . خليل : عماد الدين

٥٠- نورالدين محمود الجل التجربة ، الطبعة الاولى ، دار القلم ، دمشق - بيروت ، ١٩٨٠ م . زابوروف : ميخائيل

٥٢- الصليبيون فى الشرق ، ترجمة الياس شاهين ، دار التقدم ، موسكو ، ١٩٨٦ م . الزركلى : خير الدين

٥٣- الاعلام ، قاموس التراجم ، الجزء الخامس ، الطبعة الخامسة ، دار العلم للملايين ، بيروت ١٩٨٠ م .زكى : محمد امين

٥٤- خلاصتة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان ، الجزء الاول ، ترجمة محمد على عونى ، الطبعة الثانية ، مطبعة صلاح الدين ، بغداد ، ١٩٦١ م .

٥٥- مشاهير الكرد ، الجزء الاول ، نقلتة الى العربية كريمتة ،مطبعة التفيض الاهلية ، بغداد ، ١٩٤٥ م .سعداوى : نظير حسان

٥٦- التاريخ الحربى المصرى فى عهد صلاح الدين ، مطبعة لجنة البيان العربى ، القاهرة ، ١٩٥٧ م . الصائغ : سليمان الموصلى

٥٧- تاريخ الموصل ، الجزء الاول ، المطبعة السلفية ، القاهرة ، ١٩٢٣ م . طليمات :عبد القادر احمد

٥٨- مظضر الدين كوكبرى امير اربل ، سلسلة اعلام العرب ، القاهرة ، ١٩٦٣ .عاشور : سعيد عبد الفتاح

٥٩- الحركة الصليبية صفحة مشرقة بتاريخ الجهاد العربى فى العصور الوسطى ، الجزءالثانى ، الطبعة الاولى ،مطبعة لجنة البيـان العربـى ، القاهرة ، ١٩٦٣ م .

٦٠- الناصر صلاح الدين ، الدار المصرية للتاليف و الترجمة ، القاهرة ١٩٦٥ م .

٦١- مصر و الشام فى عصر الايوبين و الممالك ، دار النهچه العربيه للگباعه و النشر ، بيروت ، ١٩٧٢ م. عبده : قاسم

٦٢- ماهية الحروب الصلبية ، عالم المعرفة ، الكويت ، ١٩٩٠ م . العرينى : السيد الباز

٦٣- الشرق الادنى فى العصور الوسطى ( الايوبيون ) القسم الاول ، مطبعة مينيستا بريس ، بيروت ،١٩٦٧ م . العمروسى:محمد المطوى

٦٤- الحروب الصليبيةفى المشرق و المغرب ،الطبعة الاولى ، دار الكتب الشرفية ، تونس ، ١٩٥٤ م . كرد على : محمد

٦٥- خطط الشام ، الجزء الثانى ، مطبعة الحديثة ،دمشق ، ١٩٢٥ م . الطورانى : على سيدو

٦٦- من عمان الى العمادية ( او جولة فى كردستان الجنوبية ،مطبعة السعادة ، القاهرة ، ١٩٣٩ م . لامب : هارولد

٦٧- شعلة الاسلام ، ترجمة محمود عبداللة يعقوب ، مراجعة د. جمال الدين الشيال ،مطبعة الارشاد ، بغداد ، ١٩٦٧ م .ماجد : عبد المنعم

٦٨- الناصر صلاح الدين الايوبى ، الطبعة الثانية ، مطابع بيبلوس الحديثة ، بيروت ١٩٦٧ م . مؤنس : حسين

٦٩- نور الدين محمود ، الشركة العربية للطباعة و النشر ، الطبعة الاولى ، القاهرة ، ١٩٥٩ م . مينورسكى : البروفيسور ن . ف

٧٠- الاكراد ، ملاحظات و انطباعات ، ترجمة عن الروسية د. معروف خزندار ، مطبعة النجوم ، بغداد ، ١٩٦٨ م. نورى : دريد عبد القادر

٧١- سياسة صلاح الدين الايوبى ، مطبعة الارشاد ، بغداد ، ١٩٧٦ م . هةورى : ا . ب ( ابوبكر جلال طه )

٧٢- صلاح الدين الايوبى ( اسد القارتين ) ، مطبعة سلمان الاعظمى ،بغداد ، ١٩٦٧ م . اليوسف : عبد القادر احمد

٧٣- علاقات بين الشرق و الغرب بين القرنين الحادى عشر و الخامس عشر ، منشورات المكتبة المصرية، صيدا، بيروت ، ١٩٦٩ م .

# عيسى الهكارى سيرة مجاهد صفحة ناصعة من حياة أحد قادة الكرد في الحروب الصليبية

د.نەبەز مجيد امين / كلية العلوم الانسانية / جامعة السليمانية / اقليم كوردستان/ العراق


## الخلاصة

لايزال تعبير الحروب الصليبية شائع الى الآن في الاستعمال اليومي، على الرغم من أن هذه الحروب قد مضت عليها مـا يقـارب تسـعة قـرون ، والتي استغرقت حوالي قرنين من الزمان ، ابتداءً من آواخر القرن الخامس الهجري/الحادي عشر الميلادي، حتى أوائل العقد الاخير من القـرن السابع الهجري/الثالث عشر الميلادي ،فعلى امتداد هذين القرنين وعلى الجبهة الاسلامية حدثت تغيرات سياسية ووقعت تطورات عديدة،ودارت أحداث كثيرة شكلت في مجموعها تأريخ المواجهة الـتي تصـدى بهـا المسـلمون للعـدوان الصليـبي الاوربـي،وعلـى الجـانب الصليـبي تتـابعت الاحداث وتطورات كثيرة شكلت التيار العام للعدوان الصليبي الاوربي في سنواته المختلفة لذلك فأن فشل الغزو الصليبي للمشرق ليس حدثـاً عابراً في تأريخنا الاسلامي بل انه يعتبر حدثاً بعيد المدى في تحديد مسار الصراع بين الشرق والغرب . فأذا كانت في ماضينـا عـبرة في يومنـا هذا فهذه العبرة هي سيرة مجاهد في سبيل الحق المرابط من أجل وحدة المسلمين والاراضي الاسلامية ، فهذا البحث هو صفحات مشرقة مـن تأريخنا الكردي في العصر الاسلامي الذي اضطلع فيه الامير الفقيه ضياءالدين عسى الهكارى بدور كبير له أهميته وخطورته في مرحلة نضال المسلمين ضد الصليبين . لسنا في حاجة الى الاشارة الى اخلاص الكرد للدين الاسلامي، منذ اعتناقـهم لهـذا الديـن الحنيـف ولحـد الان بـل ان مانبغيه هو تسليط الضوء على سيرة أحد أمراء جيش صلاح الدين البارزين ، هو الامير الفقيه ضياءالدين عيسـى الهكـاري الـذي لعـب دوراً بيراً في قيادة وادارة جيش صلاح الدين ، فأنه كان رجل العلم والسيف والقلم . ورافق صلاح الدين في حله وترحاله الى توفى في ساحة الجـهاد ضد الغزاة الصليبين .


# Essa Al-Hakari the Biography of a Fighter-a Dean Sheet of a Kurdish Leader's Life in the Crusades Wars

Dr.Nabaz Majeed Amin
Sulaimani University Kurdistan Region - Iraq


## Abetract

*This expression ((the crusades wars)) is still widely used even after nearly nine centuries , these wars lasted nearly two centuries , from the fifth century of Al-Hegira , the twelfth century A.D, till the beginning of the last decade of the seventh century of Al-Hegira ,the thirteenth century A.D, during these tow centuries many devebpments ,events and political changes had happened in the Islamic front in a way that .they formed the confrontation history that the muslims used to face the European .crusade's aggression . In the crusade's side many continued in a way that they formed the general movement of the European crusade's aggression in different years , therefore the failure of the crusade's aggression on the East is not a passing event in our Islamic history, but it can be xpected as a far –reaching event for determining the struggle's path between the east and the west. Today if we have an example from our past time, in fact this example is the biography of a fighter for the sake of uniting the muslims and the muslims and the Islamic areas. This research is a shining page of our kurdish history during the Islamic ear during which the juris prudent prince ((Dia Al-deen Essa Al-Hakari)) participated with a great role that had its importance in the stage of the muslim's struggle against the crusades. There is no need to point at the kurd's loyality for the Islamic religion , since embracing the Islamic religion till now ,our purpose is shedding the light on the biography of one of the prominent princes of Salahadeens army . (( the jurisprudent prince Dia Atdeen Essa Al-Hakari)) Who playect a great role in leading Salahadeen's army .and he was a man of science, sward and pen .he accompanied Salahaden in his travellings till he died in the battle field (jihad field) against the crusade's aggressors .*


**Received 24/5/2000 .Accepted 52/6/2000.** وەرگیرا لە ٢٥/ ٦/ ٢٠٠٠دا. پەسەند کرا لە ٢٨/ ٨/ ٢٠٠٠ دا.

*Journal of Zankoy Sulaimani (JZS), part B,2001,Vol.7 ( 31 - 63 )*
گۆڤاری زانکۆی سلێمانی سالی ٢٠٠١، ژماره (٧) بەش B لا پەڕە (٣١ – ٦٣)

# وەسیەت لە شەریعەتی ئیسلام و یاسادا

**دکتۆر. محەمەد ئەحمەد گەزنەیی پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**کۆلێجی ماف / زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر / هەرێمی کوردستان/ عێراق**

## پوختە

ئەو نامەیە باس لە وەسیەتدەکات لە شەریعەتی ئیسلام وە یاسای باری کەسایەتی و بریتیە لە پێشەکی ودووبەش وکۆتایی .

پێشەکیەکە :– بریتیە لە پێناسەی وەسیەت وتایبەتمەندیەکانی ، وجیاوزکەکانی ، وحوکمی.

بەشی یەکەم :– بریتیە لە ستوون ومەرجەکانی وەسیەت .

بەشی دووم : – بریتیە لە حوکم وئاسەوارەکانی وەسیەت ، و وەسیەتی پێویست .

کۆتایی : بریتیە– لەو شتانەی وەسیەت پووچەڵ دەکەنەوە.

## پێشەکی

وەسیەت بە کوردی واتا : راسپێری، قەوینتی[1] .

لە زمانی شەرعدا زۆر پێناسەی هەیە،هەندێ دەڵێن:بەخشینی مافە پاش مردن[2] ، هەندێکی تر دەڵێن:ئەومافەیە کەسێ لەمالی خۆی پیویست دەکات پاش مردن[3]، هەندێ دەڵێن:بەخشینی ماڵە یان سودێکە پاش مردن[4]

تایبەتمەندەییەکانی وەسیەت :

١– وەسیەت بە لێنێکی سادەیە هەرکاتێ خاوەنەکەی حەزبکات تا مردن دەتوانیلێی پەشیمان بیتەوە ، بەلاَم بەمردنی وەسیەتکار دەچەسپێ ، چونکە بە میراتەوە بەستراوە[5] .

٢– مەرج نیە خاوەن بەڵێن دەستی بەسەر شتەکە دابشکی وبتوانی بیدات بە بەڵێن پێدراو، چونکە وەسیەت بۆکراو لەسەر خۆیتی دەستی بەسەردابگرێ[6] .

٣– پێویست ناکات کەوەسیەتپێکراو لەکاتی وەسیەتکردن هەبی ،چونکە ئەگەر نەشبێ هەر دروستە،بۆیێ دروستە کەسێ وەسیەت بکات بەبەر و بومی رەزێ بۆماوەی چەند سالێ[7] ،هەروها پێویست ناکات بەوە کە بزاندرێ چەندە وچۆنە،بۆیێ دروستە کەسێ وەسیەت بکات بەشیری ناو گوانی مەڕ یا بەبەرخەکەی ناو سگی[7] .

٤– وەسیەت دروستە هەتا بەوشتانەش کە شەرع بەماڵیان دانانێ بەومەرجەی بەکارهێنانی دروستبێ وەکو تاژی یاسەگی پاسەوانی و کەلەشی مرداربو بۆخواردنی سەگ ودالآش و زبڵ بۆکیمیای زەوی و پێستەی دەباغ نەکراو[8]

٥– وەسیەت لەگەڵ رێسای بەخشین وبەکارهینانی ماڵ نا گونجێ،چونکە بەخشینێکە هەڵپەساردراوە تا پاش مردن،وە

مردنیش هۆی نەمانی خاوەنێتی مرۆڤە بۆ شت ،کەواتە بەخشینێکە هەڵپەساردراوە تا کاتێ کەئەو خاوەن ماڵ نیە کەواتە نابێ ،بەلاّم بە فەرمانی شەرع بەجۆرێکی تایبەتمەند دروستکراوە بەپێچەوانەی ڕێسا [٩].

جیاوکەکانی وەسیەت :

وەسیەت لەبەخشین جیاوازە لەچەند شتێکدا :

١- مەرجە بۆ چەسپانی بەخشش پێبەخشراوەکە قەبولی بکات و وەری بگرێ لەکاتی بەخششدا ، بەلاّم وەسیەت قبول کردن و وەرگرتنی لەپاش مردنی خاوەن وەسیەتەکەیە نەك لەکاتی وەسیەت کردن.

٢- بەخشش پاش وەرگرتنی دەچەسپێ وخاوەنەکەی ناتوانی بەخششەکە هەڵوەشێنێتەوە تەنها لەچەند حالەتێك نەبێ،بەلاّم وەسیەتکار هەمو کات تا مردن دەتوانی وەسیەتەکە هەڵوەشێنتەوە.

٣- مەرجە بەخشش چەندوچۆنی زاندراوبێ لەکاتی بەخشین ،بەلاّم وەسیەتپێکراو مەرج نیە هەبی لەکاتی وەسیەتکردن وەئەگەر هەشبێ مەرج نیە چەندوچۆنی زاندراوبێ.

٤- دروستە وەسیەت بەمەرجێك یا کاتێکی داهاتو بەسترابێ ،چونکە بەسروشتی خۆی هەڵواسراوە بەپاش مردن، بەلاّم بەخشش بەڕای زۆربەی زانایان نابی هەڵواسرێ بەمەرج یا کاتی داهاتووەوە [١٠].

٥- بەخششپێدراو ئەبێ هەبی و ناسراویشبی لەلای خاوەن بەخشش،بەلاّم لەوەسیەت مەرج نیە وەسیەتبۆکراو زاندراوبێ،بۆیێ وەسیەت بۆمنداڵی ناوسکی دایکی(کۆرپەلە)دروستە بەلاّم بەخشینی بۆ دروست نیە،چونکە وەسیەت جۆرە جێگرییەکە، بۆیی پێویست بەشیاویی وەسیەتبۆکراو ناکا [١١].

تێبینی: پێویستە ئەوە بزانین کە بەخشین لەنەخۆشی مردن حوکمی وەسیەت وەردەگری لەوە ئەگەر لەسێیەکی ماڵ پتربی لەسەر ڕەزامەندی میراتگر رادەوەستی،ئەگەر رازی نەبن لەسێیەك پتری نادرێتێ.

جیاوازی وەسیەت لەفرۆشتن:

ئەوجیاوازیانەی لەگەڵ بەخشین هەبو لەگەڵ فرۆشتنیش هەیە لەگەڵ هەندێ جیاوازییتر.

٢- فرۆشراو مەرجە مالّبی بەپێی شەرع ،بەلاّم وەسیەتپێکراو مەرج نیە مالّبی ،بۆیێ هەرچی دروستبی دەستی بەسەردابگیرێ وەسیەتی پێدەکرێ وەکو:سەگ وتاژی وزبل ومرداروپیستی دەباغ نەکراو،بەلاّم ئەوشتانە فرۆشتنیان دروست نیە .

٣- لە فرۆشتن فرۆشیار بەرامبەر وەردەگری ،بەلاّم لە وەسیەت وەسیەتکار بەرامبەر وەرناگری .

بەلاّم پێویستە ئەوە بزانین ئەگەر فرۆشیار خاتری کڕیاری گرتبوو دەبی بەشی خاترگرتنەکە لە سێیەکی مالّی فرۆشیار پتر نەبی ئەگەر فرۆشتنەکە لە کاتی نەخۆشی مردن بی،و ئەگەرپتربوو ئەوە ڕەزامەندی میراتگری پێویستە وەك بە خشین .

جیاوازی وەسیەت لەمیرات:

١- لە میرات مافەکانی مردو دەگوازرێتەوە بۆمیراتگر بەحوکمی شەرع و هیچ پەیوەندی بەویست و خواستی میراتلێگیراو نیە،بەلاّم لەوەسیەت بەویست وخواستی وەسیەتکار مافەکە دەدرێ بەوەسیەت بۆکراو .

٢- جیاوازی ئاین بەرگرە لەمیرات لەیەکترگرتن ،بەلاّم بەرگری لەوەسیەت بۆیەکترکردن ناکات،دروستە موسڵمان وەسیەت بۆ نا موسلمان بکات و،هەروها نا موسڵمانیش وەسیەت بۆ موسڵمان بکات .

٣- وەسیەت ئەگەر بۆ چەند کەسبوو ئەوە هەرکەس ئەو بەشەی دەدرێتێ کە وەسیەتکار بۆی دیاری کردوە،وئەگەر بۆی دیاری نەکردبن ئەوە وەك یەك بەسەریان دابەش دەکرێ بەبێ جیاوازی لەنێوان نێر ومێ، بەلاّم لە میرات نێر دوو بەشی مێ وەردەگری .

٤- مافی میراتگر هەردەم بەشێکە لەگشت، وەکو:سێیەك یا چارێك ، بەلاّم مافی وەسیەتبۆکراو هەندێ جار بەشێکە لەگشت وەهەندێ جار شتێکی جیاکراوەیە بەگێرەی دانانی وەسیەتکار .

٥- وەسیەت دەکەوێتە پێش میرات لەجێبەجێکردندا .

لەگەڵ ئەو جیاوازیانەش هەردوك وەك یەکن لەشتێکدا، ئەویش ئەوەیە کە میراتگر و وەسیەت بۆکراو مافەکانیان دەکەوێتە دوای مردنی میرات لێگیراو و وەسیەتکار .

## جیاوازیوەسیەت لەبەکرێدان

لەگەڵ ئەوەش کەوەسیەت بەسوود شێوەی بە بەکرێدان دەچی، بەلاَم جیاوازییان هەیە لەچەند شتدا :

١- بەکریدان بەرامبەری کرێ وەرگرتنە ،بەلاَم وەسیەت بێبەرامبەرە .

٢- بەکرێیدان بەڕای زۆربەی زانایان دەبی ماوەکەی دیارکرابی چەندە،بەلاَم ماوە دیاری کردن لە وەسیەت مەرج نیە بەلای کەس، بۆیێ دروستە بۆ ماوەی تەمەنی وەسیەتبۆکراوبی یا هەتاهەتەبێ

حوکمی وەسیەت :

**لەبارەی حوکمی وەسیەتەوە دوو بۆچون هەیە١- زامیریەکان دەڵێن:وەسیەت واجبە لەسەر هەمو کەسێ کەماڵی لەپاش بەجێ بمێنێ بۆنەوخزمانەی لەمیرات بێبەشن[١٢] .**

٢- زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە وەسیەت کردن سوننەتە بەکەمتر لەسێیەکی ماڵ،بەومەرجەی میراتگر پێویستنەبن ،بەلاَم ئەگەر پێویست ونەداربوون،ئەوە وەسیەت نەکردن باشترە،چونکە بۆ ئەوان خێرترە[١٣] .

٣- هەندێ دەڵێن:ئەگەر میراتگر هەژارونەداربوون سوننەتە بەکەمتر لەسێیەکی ماڵ،بەلاَم ئەگەر دەوڵەمەندبوون باسێیەکی تەواوبکات[١٤] .

ئەوەحوکمی وەسیەت بۆکردنە ،بەلاَم وەسیەت پێکردن (سەروەسیەت) یانی کەسێ لەجێگای خۆی دابنێ پاش مردن[١٥] بۆ ئەنجامدانی ئیشێ یا سەر پەرشتی منداڵەکانی، ئەوە حوکمی وەکو حوکمی ئیشەکەیە کەپێی سپاردراوە بەوجۆرەی خوارەوە:

١- واجبە وەسیەت بکات بەو قەردانەی لەسەریتی،بەتایبەتی ئەوانەی بەڵگە نامەی پێویستیان نیە ،چونکە ئەگەر وەسیەتیان پێ نەکات مافەکە ناگاتەوە دەست خاوەنی ،هەروها وەسیەت کردن بەسکات (زکاە) دەرکردن لەماڵەکەی ئەگەرسکاتی تیا مابو.

٢- وەسیەت حەرامە بەشتی گوناح وەکو ئەوە کەوەسیەت بکات پاش مردن شینی بۆبگێڕن .

٣- ئەگەر وەسیەتی سوننەتی کردبوو سوننەتە وەسیەت بەکەسێکی شایستە بکات بۆجێبەجێکردنی .

هەروها ئەگەر راسپاردەکە مەکروهبی وەسیەتەکەش مەکروهە ، ونەگەردروستبی ئەویش دروستە .

## بەڵگە لەسەر رەوایی( مشروعیە )ی وەسیەت

قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر و رای هەموو زانایانی ئیسلام و عەقڵ شایەدن لەسەر رەوایی وەسیەت :

١- قورئان دەفەرموی (نوسراوە لە سەرتان هەرکاتێ مەرگ بەسەریەکێکتانی دادا گەر ماڵی لەپاش بەجێدەما وەسیەت بکات بۆ باوك ودایك و نێزیکانی خۆی بەجۆرێکی باش و شیاو ئەوەش مافێکی پێویستە لەسەر کەسانێکی لەخوا ترس[١٦] )

بەگێرەی ئەو ئایەتە لەسەرەتادا وەسیەت واجببوو بەلاَم واجببوونەکە رەشکراوە بەئایەتەکانی میرات ،بۆیی بەسوننەت مایەوە[١٧] .

هەروها خوا دەفەموی:میرات دەکەوێتە(دوای ئەنجامدانی وەسیەت وقەرزدانەوە بەومەرجەی وەسیەت و دان بە قەرزدانەکە بۆزیانی میراتگران نەبی[١٨] ) .

لەو ئایەتدا خوا وەسیەتی پێش قەرز خستیە بۆ ئەوە تێمان بگەیێنی کە وەسیەت زۆرخێرە، چونکە پلەی قەرز دانەوە لەپێش وەسیەتە

٢- پێغەمبەر ـ د ـ دەفەرموی ( مروڤی موسولمان گەر شتێکی هەبی وەسیەتی پێ بکات مافی ئەوەی نیە دوو شەو بنۆێ مەگەر وەسیەتەکەی لای خۆی نووسیبی[١٩] ) فەرمودەش لەو بارەیەوە گەلێ زۆرە .

٣- هەمو زانایانی فیقهی ئیسلامی رێکن لەسەر ئەوە کە وەسیەت خێرە ،چونکە هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە تا ئێستا خەڵك وەسیەت دەکات و،نەشمان زانیوە تا ئێستا هیچ زانایەك لاری هەبووبێ لە دروستبونی وەسیەت[٢٠] .

٤- هەروها بەگێرەی عەقلیش دەبی دروستبێ ، چونکە مرۆڤ بەمردن کردەوەی کۆتایی دێ و،چاك وایەکۆتاییەکەشی بە کردەوەیێکی خێربی، وەسیەتیش کردەوەیێکی خێرە .

## حیکمەتی رەوایی وەسیەت

حیکمەتەکە ئەوەیە:کە سودی وەسیەتکاری تێدایە،هەروها سودی وەسیەتبۆکراویشی تێدایە، وجارجارە ش سودی کۆمەڵیشی تێدایە

١- سودی بۆ وەسیەتکار ئەوەیە:کە پاداشی خێرەکەی پێدەبڕێ لە پاشە رۆژ(قیامەت) هەروا لەوێنەیە چاکەیکەسێکی لەسەربی

بیەویٚ تۆڵەی بۆبکاتەوە،بەوەسیەت بۆکردنی بەبڕێ ماڵ،هەروها لەوانەیەدڵینێ لەکاتی ژیان ماڵەکەیخۆی ببەخشی،چونکە لەوانەیە پاشان خۆی پێویستبێ وپەشیمانیش دادی نادا،بەلاٚم وەسیەت وانیە،چونکە هەرکاتێ حەزبکات دەتوانی لیٚی پەشیمان بیتەوە تا مردن،پاش مردنیش پێویستی بەماڵ نابی .

٢- سودی بۆ وەسیەتبۆکراو ئەوەیە:ماڵێکە ودەستی دەکەوی و پێویستیێکی خۆی پیٚ جیٚبەجیٚ دەکات .

٣- سودی بۆکۆمەڵ ئەوەیە: ئەگەر وەسیەتەکە بۆشتێکی گشتی بیٚ وەکو: مزگەفت یا قوتابخانە یا بۆکردنەوەی ریٚگا یا دروستکردنی پرد،ئەوە کۆمەڵ سودی لیٚوەردەگریٚ .

## سروشتی (تەبیعە تی) وەسیەت

أ ـ وەسیەت تیٚکەلاوە لە دووشت:

١- بە خاوەنکردنی ماف یا ماڵ،چونکە وەسیەتکار بەهۆی وەسیەتەکە وەسیەتبۆکراودەکات بەخاوەنی ماڵێك یا مافێك.

٢- جیٚگری یا میراتگری:چونکە ماڵ وەرگرتنەکە دەکەویتە دوای مردن،وە دوای مردنیش هەرجیٚگر(میراتگر) مافی هەیە لە ماڵی مردو،چونکە مردو مافی نامینیٚ تا بیبەخشیٚ یا بیفرۆشیٚ،لیٚرە جیٚگریەکە خۆی دەنویٚنی لەوەکە چاو پۆشی دەکریٚ لەمەرجەکانی وەسیەت،بۆیێ دروستە بۆمندالٚی ناوسکی دایکی وبۆشتیگشتی، هەروا دروستە بەوشتانەیلەکاتی وەسیەت نیەنە یا زاندراونیە یا بەپێی شەرع ماڵ نینە .

ب ـ وەسیەت کردەوەییێکی یەکلایەنەیە:چونکە تەنها پێویستی بەویست و خواستی وەسیەتکارهەیە، هەربەویست ورەزامەندی ئەو وەسیەت دادەمەزریٚ، وەهەروها بە ویستی ئەو هەڵدەوەشیٚتەوە، چونکە ویست ورەزامەندی وەسیەتبۆکراو هیچ دەوری نیە لە دامەزرانی وەسیەت، تەنها دەوری ئەوەی هەیە دەتوانی ماڵەکەی نەویٚ پاش مردنی وەسیەتکار بەومەرجەی کەشیاویی بەخشینی (اهلیەالتبرع)ی هەبیٚ، بەلاٚم ئەگەر ئەوشیاویەی نەبی یا سودێکی گشتیبیٚ ئەوە مافی نەویستنیشی نیە[٢١] .

## بەشی یەکەم :ستونەکانی وەسیەت ومەرجەکانی

وەسیەت یەك ستونەیهەیە،ئەویش دەربڕینی ویست و رەزامەندی وەسیەتکارە،ئەودەربڕینەش قالبێکی تایبەتمەندی نیە،بەلکو وەسیەتکار دەتوانی بە قسە دەری ببڕیٚ، وەکوئەوە بلیٚ:وەسیەتم بۆ فلان کرد بەوشتە یا ئەوشتە بدەن بەفلان کەس پاش مردنم یا ئەوشتە بۆفلان کەسە پاش مردنم .

هەروها بە نوسین دەبیٚ،وەکوئەوە: ئەوقسانەی پیٚشەوە بنوسیٚ، بەومەرجەی لەدڵەوەش ویستی وابی،چونکە نوسینی بەبیٚویستن بەکەلك نایی[٢٢] .

وەبەئیشارەش دەبیٚ، بۆ ئەوکەسانەی لاڵن،وەبەلای مالیکیەکان زوبان کراوەش بەئیشارە وەسیەتی دروستە،وەبەلای شافیعیەکان و ئیمامیەکان لەکاتی زوبان بەسترانیش هەر بەئیشارەت دروستە،بەلاٚم حەنەفیەکان و حەنبەلیەکان بەئیشارەی کاتی زوبان بەستران رازینین[٢٣] ، وەئیشارەت ئەگەر هەموکەس تیٚدەگەییشت ئەوە راشکاوە(سەریحە)،بەلاٚم ئەگەر هەر پیاوی زیرەك تیٚدەگەییشت ئەوە بە کینایەت دائەندریٚ[٢٤] .

یاسای وەسیەتی میسری لە ماددەی(٢) ئیشارەتی پیٚپەسندە بەومەرجەی کە نە توانای قسەی هەبی و نە توانای نوسین، بەلاٚم یاسای خیٚزانی عیڕاقی ئەو مەسەلەی جیٚهیشتوە بۆفیقەزانان و دادوەران(قەزا) .

ئایە وەسیەت کردەوەییکی شکلیە ؟

وەسیەت خۆی کردەوە ییکی رەزامەندیە:پێویست بەهیچ شکل وقالبیٚ ناکات، بەلاٚم بۆ چەسپاندنی و سەلماندنی هەندیٚ جار پێویست بەبەڵگەی نوسراو دەکات،لەو بارەیەوە ماددەی(٦٥)یاسایخیٚزانی ئەڵیٚ: ((١- وەسیەت تەنیا بەبەڵگەی نوسراوی بەئیمزا یا بەمۆر یا پەنجەمۆری وەسیەتکار ئیشی پیٚدەکریٚ، بەلاٚم ئەگەر وەسیەتپیٚکراوەکە عاردبیٚ یا خانووبەرەبیٚ( ماڵی نەگۆستراوە) یا ماڵیٚبیٚ بگواستریٚتەوە بەلاٚم بەهاکەی پیٚنج سەد دینار پتربی،پێویستە وەسیەتەکە لەلای دادنوس بڕوای پیٚبدریٚ. ٢- سەلماندنی وەسیەت بە شایەدی دەکریٚت ئەگەر بەربەستیٚکی ئاشکرای واهەبی ریٚگا لەبەڵگەنامەی نوسراو بگریٚ)) وەماددەی

(٦٦)دەڵێ: (( وەسیەتنامەی رێکخراو لەلایەن دادگا وفەرمانگە تایبەتمەندەکان شیاوە بۆجێبەجێکردنی ئەگەر کەسیی پەیوەندار تانەی لێ نەدات))
لەوردو ماددەیە بۆمان دەردەکەوی کە وەسیەت دەرۆیێندرێ بە شایەتی ئەگەر بەربەست هەبێ رێگا لەبەلگەنامەی نوسراو بگرێ جا وەسەتپێکراوەکە ماڵی نەگواستراوبێ یا ماڵیگواستراوبی،هەر وەکو لەبڕیاری دادگای تەمیز هاتووە ( ژمارە: ۲۲۱/ هیئە عامە اولی/ ۹۷۷ دەڵێ:(( ئەگەر لەنەخۆشی مردن کەسێ ماڵی بەخشی ئەوە پێویست بە تۆمار ناکات لەلای دادنوس با پەیوەندیشی بەماڵی نەگۆستراوەبی)) هەروها لە بڕیاری(( ژمارە:۲۸۲/شرعیە اولی/۹۷۲لە۲۸/٤/۹۷٤دەڵێ:(( دروستە وەسیەت بسەلمێندرێ بەبەلگەی تایبەتی نەنوسراو ئەگەر وەسیەتکار داوای دادنوسی کرد بۆ ئەو خەستەخانەی لێی نوستووە بەلاّم مردن تینی بۆهێنا پێش تەواوکردنی،ئەوە بەرێگروبەربەست دادەندرێ لەوەدەستهینانی بەلگەی نوسراوو، دروستە بەشایەد بسەلمیندرێ ))[٢٥].بەلاّم لەبارو دۆخی ئاسایی،وەسیەتپێکراو ئەگەر نەگواستراوە بو یا گواستراوەبو بەلاّم نرخەکەی لە پێنجسەت دینار پتربو[٢٦]،پێویستە بۆسەلماندنی نوسراوبێ و ئیمزا کراوبێ یا مۆرکراوبی یا پەنجەمۆرکراوبێ لەلایەن وەسیەتکارو،لەلایەن دادنوس بڕوای پێدرابێ،بەلاّم دەبێ ئەوەش بزانین کەئەو بڕوا پێدانە وەسیەت ناکات بەکردەوەییکی شکلی، چونکە دادگای تەمیزلەبڕیاری (ژمارە:۲۱۷و٦۷۳ / شرعیە/ ۹۷۰لە۲۰/۱۰/۹۷۰) دەڵێ: ((بڕواپێدان بەوەسیەت لەلایەن دادنوس مەرج نیە بۆدامەزرانی وەسیەت،بەلکو بۆسلماندنیەتی[٢٧] )) بەلاّم ئەگەر وەسیەتپێکراو ماڵی گواستراوەبو ونرخەکەشی لە پێنجسەت دینار پترنەبو،بەسە بۆیکە نوسراوبی و لەلایەن وەسیەتکار ئیمزاکرابی و دوو شایەد ئیمزایان لەسەرکردبێ، پێویست بەبڕوا پێدان ناکات لە دادنوس بەگێرەی ماددە(٤٢)لە یاسای سەلماندن (ئیسبات)ی سالی ۱۹۷۹.

هەروها ئەگەر وەسیەتپیکراو ماڵی نەگواستراوەبو، پێویستە لەفەرمانی ماددەی(۳٤۹)یاسای تومارێ ماڵی نەگواستراوە(اتسجیل العقاری) دەرنەچی، ئەویش دەڵێ(( ۱- ئەو وەسیەتنامانەی پەیوەندن بەماڵی نەگواستراوە چ وەسیەتەکە بەماڵەکەبی یا بە نرخەکەی بی یا بەبەروبومەکەیبی پاش مردنی وەسیەتکار تۆماردەکرێ بە پشتبەستن بەبڕیاری نەگۆڕی دادگا یا بەلگەی شەرعی و،ئەو وەسیەتانەی لای دادنوس کراون ئەگەر پێوەندداران لاریان لێینەبی. ۲- ئەگەر ناڕەزایی هەبولەسەرئەو وەسیەتنامانەی بڕیاری دادگایان لەسەرنیە، داوا لە ناڕەزا دەکرێ بچیت بۆ دادگای تایبەت لە ماوەی سیی رۆژ لەبەرواری پێڕاگەیاندن، ئەگەر دادگا هیچ وەلامێکی راگرتنی تۆماری نەنارد لەو ماوەیەدا، ئەوە وەسیەتەکە تۆماردەکرێ بەگێرەی بەلگەنامەکەی پێشو. ۳-وەسیەت تۆمارکردن پێویست ناکات بەرەزامەندی میراتگران،مەگەر لەسێیەکی ماڵ پتربی،لەوکاتە پێویستە رەزامەندیان وەربگیرێ بۆتۆمارکردنی پترەکە. ٤- دروستە وەسیەت نیشانە بکرێ لەتۆماری ماڵی نەگواستراوە لەژیانی وەسیەتکار،لەوکاتە دروست نیە هیچ گۆڕاکاری ئەنجام بدرێ لەسەر ئەو مافە وەسیەتپیکراوە تا وەسیەتەکە پوچەلدەکرێتەوە بەگێرەی یاسا ))
لەوە بۆمان دەردەکەوی کەوەسیەت پاش مردنی وەسیەتکارتۆمار دەکرێ ،وپێویست بەرەزامەندی میراتگرناکات لەسێیەك یا کەمتر،وەئەو وەسیەتانامانەی لای دادنوس کراون تۆماردەکرێن، کەواتە وەسیەت بۆدروسبوونی پێویست بەتۆمار ناکات، بەلکو تۆمارکردن مەرجە بۆ چەسپاندنی خاوەنماڵیەتیوەسیەتپێکراوە بۆوە سیەتبۆکراو،کەواتە تۆمار مەرج نیە،بەلکو بەلگەیە.

## باسی دووەم : مەرجەکانی وەسیەتکار

### مەرجی یەکەم

ئەبێوەسیەتکار لێهاتویی وەسیەتی هبێ : بەلاّم زانایان ناکۆکن لە سەر مەرجەکانی ئەو لێهاتونە

١- هەندێ دەڵێن بەسە وەسیەتکار ژیربی وچاك وخراپ لەییك بکاتەوە ، ئەوە بۆچونی مالیکیەکان و حەنبەلیەکانە ،وە قسەییکی شافیعیەکانە وبۆچونێکی شیعەئیمامیەکانە[٢٨]

٢- هەندێکی تر دەڵێن: پێویستە لێهاتویی بەخشینی هەبێ یانی ژیر وبالغبی، ئەوە بۆچونی حەنەفیەکانە و رای پەسندی

شافیعیەکانە وبۆچونی زاهیریەکان وشیعە زەیدیەکانە وەرای پەسندی شیعە ئیمامیەکانە[29] ، یاسای خێزانی بەبۆچونی دوهەمی وەرگرتیە ،چونکە لەمادەی(٦٧)دەڵێ:(( مەرجە وەسیەتکار لێهاتویی بەخشینی یاسایی هەبێت)) هەروها یاسای وەسیەتی میسری لە ماددەی(٥)دەڵێ:(( مەرجە وەسیەتکار لێهاتویی بەخشینی هەبی بەگێرەی یاسا )).

## بەڵگەی بۆچونەکان

بەڵگەی بۆچونی یەکەم کردەوەی یارانی پێغەمبەر و عەقڵە:

١-کردەوەی یاران:دەگێرنەوە :منداڵێکی دە سالان وەسیەتی بۆخاڵەکانی کردبو و ، کێشەکە بەرزکراوە بۆلای ئیمامی عمر- ز- ئەویش رەزامەندی لەسەردا ،وە هەروها جارێك بە ئیمامی عمریان گوت:منداڵێکی نەبالق میراتگرەکانی لەشامن ماڵێکی زۆریشی هەیە لێرە تەنها کچە مامێکی هەیە،فەرموی: باوەسیەتی بۆبکات،ئەویش وەسیەتی بۆکرد[30]

٢- مندال قەدەغە دەکرێ لەکار وکردەوەی ماڵێ لە ترسی ماڵ بەفیڕۆدان ،وەسیەتیش ماڵ بە فیڕۆدانی تێدانیە،چونکە تا لەژیانبێ ماڵەکەی لەبەر دەستی خۆیتی وەدەتوانی پەشیمان بیتەوە و،ئەگەرمردش ئەوە پێویستی بەخێری قیامەتە، ئەوەش بەوەسیەت دەست دەکەوی[31] .

ئەوبەڵگەیە بیهێزە چونکە منداڵ قسەی وەرناگیرێ ترس هەبی لە ماڵ بەفیڕۆدان یا نەبی،[32]

بەڵگەی بۆچونی دوهەم : وەسیەت بەخشینی ماڵە ، منداڵیش لێهاتوییبەخشینی نیە، هەروها بەڵێنی منداڵ نابیتە هۆی پێویست بەجێبەجێکردن بۆیی ئەگەر وەسیەتی دروستبی واتە نا چارمانکرد بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێبکات ، ئەوەش راست نیە[33] هەروها منداڵ هیچ گوناهی نیە و ئەرك وپێویستی شەرعی لە سەرنیە هەر خۆی شایانی رەحمەتی خوایە ، پێویستی بە خێر و وەسیەت نیە،بۆی رای دووەم پەسندترە.

بەو پێیە وەسیەتی شێت و بێهوش دروست نیە بەقسەی هەمویان.

بەلام ئەوانەی کردەوەێ یاساییان لێ قەدەغەیە وەسیەتیان دروستە یان نا؟ بۆ پتر روونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە دەڵێن:ئەوانە دوو جۆرن :

١-جۆرێکیان قەدەغەکردنیان لەبەر مافی خەلکە وەکو:موفلیس،ئەوانە وەسیەتیان دروستە،بەلام ئەگەر لەکاتی مردنیش هەر موفلیسبون ئەوە وەسیەتەکە جێبەجێناکرێ، چونکە بە قەدە ر ماڵەکەیان قەردارن یا پتر،کەواتە قەردەکان هەموماڵەکە دەخۆن ، هیچ نامێنێتەوە بۆوەسیەت،چونکە پلەی قەرد دانەوە لە پێش پلەی جێبەجێکردنی وەسیەتە.

٢- جۆری دووەمیان:قەدەغەکردنیان لە بەر نەزانی و ماڵ بەفیڕۆدانە(سفه) ئەویش وەسیەتی دروستە،بەلای مالیکیەکان حەنبەلیەکان وقسەیێکی شافیعیەکان وزاهیری و ئیمامی[34] ، یاسای شارستانی(المدنی) بەورایەی وەرگرتووە لە ماددەی (١٠٩/ف٢) کەدەڵێ:(( وەسیەتی سفیە بە سێیەکی ماڵی دروستە)) هەروا یاسای وەسیەتی میسری لە ماددەی(٥)دەڵی(( ئەگەر وەسیەتکار قەدەغەی لەسەربو لەبەر( سفە)دروستە وەسیەتی بەئیزنی ئەنجومەنی حیسبی)) کەواتە ماددەی(٦٧)یاسای خێزانی تەواودەکرێ بەماددە (١٠٩)قانونی شارستانی .

### مەرجی دووەم

پێویستە وەسیەتکار بەدڵیخوی وەسیەتەکەیکردبێ،کەواتە ئەگەر وەسیەتکەی بە توبزی پێکرابو یا بەگەمەبو دروست نیە،چونکە بەدڵخوازی خۆی نەبوە[35] .

### مەرجی سێیەم

دەبی وەسیەتپێکراو لە کاتی وەسیەتکردندا تایبەتمەندبی بەوەسیەتکار،کەواتە وەسیەت بەماڵی خەلك دروست نیە بەلای زۆربەی زانایان[36] . بەلام شافیعیەکان دەڵێن:دروستە بەگێرەی بۆچونێك[37]، بەلام ئەگەر بڵێ:وەسیەتم کرد بە ماینی فلانکەس ئەگەر بوم بە خاوەنی، ئەوە دروستە بەلای زۆربەی شافیعیەکان[38] .

## بەڵگەی بۆچونەكان

بەڵگەی زۆربەی زانایان لەسەر دروست نەبوونی وەسیەت بە ماڵی خەڵك ئەوەیە:

١- كە وەسیەت وەكوكڕین وفرۆشتن نیە، چونكە بەبێ برامبەرە، بۆیێ ئەگەرخاوەن ماڵ رەزامەندیشی بدات پاش وەسیەت بەماڵێ خەڵك وەسیەتەكە هەر دروست نابی، بەلكو دەبی بەبەخشینێكی سەربخۆ بە لەلایەن خاوەن ماڵ[٣٩].

٢- بەڵگەی شافیعیەكان ئەوەیە: كەوەسیەت دروستە بەشتێ كە لەكاتی وەسیەت نەبوبێ،خۆهێشتان ماڵی خەڵك لەنەبوی باشترە، وەئەگەر بلێ:گەریوم بەخاوەنی، ئەوە دەبێت بەوەسیەتی هەڵواسراو بەمەرج،مەرجیش لەوەسیەت دروستە[٤٠].

تێبینی:

١- وەسیەتی ئەو كەسەی لەكاتی مردن بەقەدەر هەمو ماڵەكەی قەرزی لەسەرە جێبەجێناكرێ ، چونكە قەرزەكە ماڵەكە هەمو دەماڵێتەوە،هەر مەگەر خاوەن قەرزەكان لێی خۆشبن ئەوكاتە جێبەجێدەكرێ[٤١].

٢- مەرج نیە وەسیەتكار موسلمانبێ،چونكە وەسیەت چاكە وبەخششە، چاكەو بەخششیش لە نێوان موسولمان و ناموسولمان دروستە.

٣- مەرج نیەخێربێ، بەڵكو مەرجە گوناح نەبی،بۆیێ دروستە وەسیەت بكات بۆ موسلمان و بۆ نا موسلمان، بۆ نەداران و بۆ دەولەمەندان[٤٢].

## باسی سێەم : مەرجە كانی وەسیەتبۆكراو

وەسیەتبۆكراو هەندێ جاركەسێكی تایبەتیە،وەكوبەكر یا سلیمان ،وەهەندێ جار گروپێكە، وەكو فەقیر یا نەدار یا قوتابی، وەهەندێ جار شتێكیگشتیە،وەكو مزگەوت یا خەستەخانە ، بەو پیە مەرجەكانی دەگۆڕێ .

١- ئەگەر كەسێكی تایبەتیبوو مەرجە كانی ئەوانەی خوارەوەن:

### مەرجی یەكەم

دەبی لەكاتیوەسیەت هەبێ و زێندوبێ ،هەروها دەبی بمینێ تا پاش مردنی وەسیەتكار، كەواتە وەسیەت بۆ مردو دروست نیە،بەلاّم بۆ پێویستیەكانی مردوو یا بۆمیراتگرانێ دروستە، بۆیێ هەندێجاركێشە لەناوزانایان دروستدەبی لەسەر هەندێ وشەی وەسیەت، بۆنمونە كێشەیێك لە مەزەبی حەنەفیهەیە لەسەر ئەوە ئەگەر یەكێ بلێ:وەسیەتم كرد بەسێیەكی ماڵم بۆكفنی مردوان،ئەبویوسف دەڵێ: دروست نیە، چونكە بۆمردووە، بەلاّم موحەممەد دەڵێ:دروستە، چونكە بۆكفنە وبۆئەوكەسانەیە كفن كردنیان لەسەرە ،بەلاّم ئەگەر بلێ:بۆكفن كردنی مردوی نەداران، ئەوە هەمو دەڵێن:دروستە،چونكە بوخزمێئەو نەدارانەیە كەكفنكردنیان لەسەرە[٤٣]،هەروەها كێشەییك لەمەزەبی شافیعی هەیە لە سەر لێكدانەوەی ئەوقسەی رافیعی كەدەلێ:ئەگەر یەكێ وەسیەت بكات بەئاو، بۆلەهەموكەس پێویستتر مردو پێش بێدەستنوێژ وشمەك پیس دەكەوی[٤٤] ، هەندێ دەڵێن:ئەوە وەسیەتە بۆكەس وكاری مردووەكە، چونكە شوشتن لەسەر ئەوانە، هەندێ دەڵێن: وەسیەتەكە بۆسودی گشتیە، یانی ئەومردووانەی پێویستیان بەئاوە، نەك بۆمردوێكی دیاریكراوی تایبەتی[٤٥]، واپێدەچی ئەو بۆچونە لەلای زانایانی شافیعی بەهێزتربی، چونكە دەڵێن: پێویست ناكا میراتگری هەبێ تا قەبولی وەسیەتەكە بكات[٤٦]. لێرە مالیكیەكان لە هەمویان كراوەترن،چونكە دەڵێن:ئەگەر یەكێ وەسیەتی بۆمردوێكرد، ئەگەر دەیزانی كەسەكە مردووە، ئەوە وەسیەتەكە دروستە، چونكە مادام دەیزانی مردووە ئەوە مرازی یارمەتیدانی میراتگرانیتی یا مرازی دانەوەی قەردەكانیتی، ئەگەر مردووەكە قەرداربێ یا میراتكری هەبێی،بەلاّم ئەگەرمیراتكری نەبێ وقەرداریش نەبێ یا نەیدەزانی مردووە،ئەوە وەسیەتەكە پووچەڵە[٤٧]. وەسیەت بۆ بۆمنداڵی ناو سكی دایكی دروستە،چونكە بە هەبوو دائەندرێ،هەروها بەزیندوو دائەندرێ، بەو مەرجەی بەزیندویی لە دایك ببێ لەكەمترین ماوەی منداڵبوون ئەگەر ژنەكە لەگەڵ مێردی دابێ ، وەبەكەمتر لە درێژترین ماوەی

منداڵبون،ئەگەر ژنەكە مێردی مردبو یا تەلاقدرابو، لەرۆژی وەسیەتەوە تا رۆژی لەدایكبونی[٤٨]، چونكە بەوجۆرە بۆمان دەردەكەوی‌كە لەكاتی وەسیەت هەبووە و زیندوبوە، بەلاّم ئەگەر بەمردویی لەدایك بوو،ئەوە بۆمان دەردەكەوی كەلەكاتی وەسیەت زیندونەبووە،وئەگەرپاش ئەوماوەیەی باسمان كردلەدایك بوو ،ئەوە بۆمان دەردەكەوی كەلەكاتی وەسیەت نەبووە ، بەلاّم هەندێ لە حەنەفیەكان دەڵێن: مەرج نیە لەكاتی وەسیەت هەبوبێ، بەلكو مەرجە لەكاتی مردنی وەسیەتكار هەبوبێ[٤٩].

بەلاّم ئەگەر بڵێ:وەسیەتم كرد بۆ ئەو منداڵانەی لە داهاتولەو ژنە دەبن،ئەوە بەلای زۆربەی زانایان دروست نیە،بەلاّم لای مالكیەكان دروستە،هەروها لەلای شافیعیەكان لەڕوێكەوە دروستە[٥٠] .

یاسای خێزانی بەڕای زۆبەی وەرگرتووە،چونكە لەماددەی(٦٨)دەڵێ:((مەرجە كانی وەسیەتبۆكراو . ١- پێویستە لەكاتی وەسیەتكردن هەروها لەكاتی مردنی وەسیەتكاریشدا زیندوبێت بەڕاستی یا بەدانان))هەروها یاسای وەسیەتی میسری لەماددەی (٦)دەڵێ(( ٢- دەبێ وەسیەتبۆكراو هەبێ لە كاتی‌وەسیەت ئەگەر كەسێكی تایبەتی بێ))

## مەرجی دووەم

ئەبێ بشێی بۆخاوەن ماڵی،كەواتە دەبێ مرۆڤبێ وزیندوبێ، بە زیندوبونێكی بەڕاستی (حقیقە) یا بەدانان (تقدیری) وەكو منداڵی ناوسك،كەواتە وەسیەت بۆ داروبەرد وبەستەزمان دروست نیە،بۆیی ئەگەر یەكێ‌وەسیەت بۆبەستەزمان بكات،ئەوە لێكدانەوەی جۆراوجۆریان هەیە، ئەگەر خاوەنی هەبێ ئەڵێن:وەسیەتەكە بۆخاوەنیەتی، ئەوە بۆچونی حەنەفیەكان وغەزالی و بەغەوییە لە شافیعیان وشیعەی ئیمامیە[٥١] بەگێرەی ئەو بۆچونە ئەبێ خاوەنی بەستەزمانەكە وەسیەتەكە قەبول بكات، وەئەگەر فرۆشتی یا بەستەزمانەكە مرد وەسیەتەكە پوچەڵ دەبێتەوە،بەلاّم هەندێ دەڵێن:پێویست بەقەبولكردن ناكات، وەئەگەرفرۆشتیشی وەسیەت هەر دەمینی‌و،دەدرێ بەخاوەنە تازەكەی، ئەوە بۆچونێكە لای شافیعیەكان وحەنبەلیەكان[٥٢] بەلاّم وەسیەت دروستە بۆ ولاّغی جیهاد و بەستەزمانانی بەرەلاّ كراو بەلای مالیكی وشافیعی وحەنبەلی[٥٣] چونكە دەبێتە سودی گشتی، وەسودی گشتیش خاوەناتیەكەی حوكمیە،بۆیێ پێویست بەقەبول ناكات.

## مەرجی سێیەم

ئەبێ وەسیەتبۆكراوزۆر نەزاندراونەبی،وەكوئەوە كەبڵێ:وەسیەتم كرد بۆپیاوێ، چونكە نازانین چۆن وەسیەتەكەی بدەینێ یا نازانین بیدەین بەكێ،بەلاّم ئەگەربڵێ:وەسیەتم كرد بۆیەكێ لەو دووكەسە، بەلای ئەبوحەنیفە وەسیەتەكە پۆچەڵە،وبەلای ئەبویوسف بۆ هەردوكیانە هەریەكەو نیوە،وەبەلای موحەممەد وەسیەتەكە بۆیەكێكیانە میراتگران دەستنیشانی دەكەن بەویستی خۆیان[٥٤] .

## مەرجی چوارەم

ئەبێ وەسیەتبۆكراو میراتگری وەسیەتكارنەبێ،ئەومەرجە كێشەوقسەی لەسەرە،بۆیی سێ بۆچون لەبارەیەوە هەیە:

١- وەسیەت بۆمیراتگر دروست نیە،ئەوە بۆچونی حەنەفی ومالیكی و زاهیریانە[٥٥] ، چونكە پێغەمبەر -د- دەفەرموێ (( وەسییەت بۆ میراتگر نییە ))

٢- دروستە بەلاّم جێبەجێ‌ناكرێ بەبێ‌رەزامەندی میراتگرەكانی تر، ئەوە بۆچونی شافیعی و حەنبەلیانەو شەوكانی لە زەیدییەكان[٥٦] چونكە پێغەمبەر- د - دەفەرموی (( وەسیەت بۆ میراتگرنابی هەر مەگەر میراتگران حەزبكەن[٥٧] ))

٣- دروستە وهیچ جیاوازی لە نێوان میراتگر ونا میراتگر نیە،ئەوە بۆچونی شیعەی زەیدی و شیعەی ئیمامیە ، چونكە دروستییەكەی لە فەرمودەی ئیمامەكان هاتووە ، وەكو سەحیفەی محمدی كوڕی موسلیم و سەحیفەی ئەبو بەسیر[٥٨] .

یاسایەكان بەبۆچونی شیعەیان وەرگرتووە، چونكە یاسای خێزانی لەماددەی(٧٠) جیاوازی لەنێوان میراتگرو نا میراتگر ناكات ویاسای شارستانی( المدنی) لەماددەی(١١٠٨) دەڵێ: (( وەسیەت دروستە بۆمیراتگر و بۆنامیراتگر لەسێیەكی میرات)) هەروها یاسای وەسیەتی میسری لەماددەی(٣٧) دەڵێ:(( وەسیەت بەسێیەك دروستە بۆمیراتگر و بۆنامیراتگر))

تێبینی: میراتگری لە رۆژی مردنی وەسیەتكارەوە دادەندرێ، یانی ئەگەر كەسێ لەكاتی وەسیەت كردن میراتگربو بەلاّم لەكاتی مردن بێبەشبو بەهەرهۆیێ، ئەوە بە میراتگر دانادرێ بۆئەو مەبەستە، وەك ئەوە یەكێ هیچ منداڵی نەبی و وەسیەت بۆبرای

بکات پاشان لەکاتی مردن کوڕێکی‌بو،ئەوە وەسیەتەکە بۆ میراتگرنیە، چونکە لە کاتی مردن بێبەشبو بەهۆی کوڕی، یا بەپێچەوانەوە کەسێ کوڕ وبرای هەبو وەسیەتی بۆبرای‌کرد، بەلاّم پێش مردن کوڕەکەی مرد،ئەوە وەسیەتەکە بۆمیراتگرە، چونکە لە کاتی مردن بو بە میراتگر بەهۆی مردنی کوڕەکە.

## مەرجی پێنجەم

ئەبێ وەسیەتبۆکراو لەئاین هەڵگەڕاوە و کافری حەڕبی نەبی،هەمو زانایان رێکن لەسەر ئەوە کەوەسیەت دروستە بۆ ئەهلی زیممە یانی:ئەو دیان وجو و خاوەن ئایینانەی ناسنامەی دەوڵەتی ئیسلامیان هەیە، وەبۆئەوانەی‌کەمافیان هەیە هاتوچۆی دەوڵەتی ئیسلام بکەن، چونکە وەسیەت چاکەیە ومالّبەخشینە، وەچاکەش لەگەلّ ئەوانە دروستە، چونکە خوا دەفەرموێ :( خوا نارەزانیە لەچاکەکردن ودادگەرێ لەگەلّ ئەوانەی شەڕیان لەدژی ئیوە نەکردووە وە ئێوەیان لەماڵی‌خۆتان ئاوارە ودەربەدەر نەکردووە،بەڕاستی خوا داد پەروەرانی خۆشدەوێ)[٥٩]

بەلاّم ئەوکافرەێ دەولّەتەکەی پەیوەندی لەگەلّ دەولّەتی ئیسلام دوژمنایەتی وخراپەیە، یا لە ئاین وەرگەڕاوە ئایە وەسیەتی بۆ دروستە؟ لێرە دو بۆچون هەیە:

١- وەسیەتی بۆدروست نیە،ئەوە بۆچونی حەنەفی و مالیکی و رای بەهێزی شیعەی ئیمامی و قسەیێکی بێ هێزی شافیعی و حەنبەلیانە[٦٠].

٢- وەسیەتی بۆ دروستە، ئەوە بۆچونی بە هێزی شافیعیەکان وحەنبەلیەکانە، بەلگەشیان ئەوەیە لەعیکریمە دەگێڕنەوە کە سەفییەی خێزانی پێغەمبەر-د - حوجرەکەی خۆی فرۆشت بەمعاویە بەسەت هەزار و برایەکی جووی هەبو پێی گۆت:ئیسلام بە تامیراتم لێبگری ئەویش رازی نەبو پاشان وەسیەتی بۆکرد بەسێیەکی سەتهەزارەکە،هەروها دەگێڕنەوە:کە جارێ پێغەمبەر - د - پۆشاکێکی حەریری دابەئیمامی عومەر ئەویش عەرزیکرد:ئەوپۆشاکەت دامی و لەکاتی خۆی لەبارەی پۆشاکی عەتارید چیت فەرموی فەرموت،پێغەمبەر فەرموی: (( من بۆلەبەرکردنم نەدایێ)) جا ئیمامی عومەر برایەکی کافری هەبو لەمەککە دای بەئەو[٦١]

،کەواتە وەسیەت وبەخشین بۆ کافری حەربی دروستە،چونکە برایەکەی ئیمامی عومەر کافری حەربی بو،بەلاّم بەو مەرجەی بۆی‌دروستبی وەسیەتپێکراوەکە بەکار بێنی، کەواتە نابی وەسیەتپێکراوەکە قورئان بێ، چونکە بۆی دروست نیە دەستی بداتێ، یا چەکبی بۆکافری حەڕبی،چونکە یارمەتیدانە لە دژی موسولمانان[٦٢].

بەلاّم یاسای خێزای لەماددەی(٧١) دەلّێ:(( وەسیەت تەنها بەماڵی گواستراوە دروستە لەکاتی جیاوازی ئایندا )) کەواتە مەرجە بۆ وەسیەت بەماڵی نەگواستراوە وەسیەتکار و وەسیەتبۆکراو ئاینیان یەکبێ، ئەو مەرجە پێچەوانەی بۆچونی هەمو زانایانی فیقهی ئیسلامیە، بۆیی شایانی هەموار کردنە، یاسای وەسیەتی میسری باشی کردووە هیچ مەرجی دانەناوە لەماددەی (٩) کە دەلّێ: ((وەسیەت دروستە لەگەلّ جیاوازی ئایندا)).

جیاوازی ناسنامە یا رەگەزنامە:یاسای خێزانی لەماددەی(٧١) دەلّێ:(( وەسیەتی پێ - واتە بەماڵی نەگواستراوە- دروستە لەگەلّ رەگەزنامە جیاوازی بەو مەرجەی یاسای دەولەتی وەسیەتبۆکراو کاری هاوشێوە ئەنجام بدات)) ئەو مەرجە شتێکی تازە بابەتە، چونکە فیقهی ئیسلامی هەمو دەولەتەکانی ئیسلامی بەیەك رەگەزنامە دادەنێ، لەو بارەیەوە یاسای وەسیەتی میسری باشتر لەگەلّ فیقهی ئیسلامی دەگونجێ،چونکە لەماددەی (٩) دەلّێ: ((وەسیەت دروستە لەنێوان ئەوانەی کە رەگەزنامەیان جودایە مەگەر وەسیەتکار رەگەزنامەی دەولەتێکی ئیسلامیبێ و وەسیەتبۆکراویش رەگەزنامەی دەولەتێکی نا ئیسلامیبێ و یاسایەکەی قەدەغە بکات وەسیەت بکرێ بۆ کەسێکی وەکو وەسیەتکار)).

مەرجی شەشەم:

ئەبێ وەسیەتبۆکراو بکوژی وەسیەتکار نەبێ، یاسای خێزانی لە ماددەی(٦٧ف٢)دەلّێ:(( نا بێت بکوژی وەسیەتکارەکەبێت)) بەلاّم لەناو زانایانی فیقهی ئیسلامی کێشە هەیە لە سەر ئەو مەرجەو، سێ بۆچونیان هەیە:

١–کوشتن بەرگری لەوەسیەت دەکات وەکو میرات ئەگەر کوشتنەکە راستەوخۆبی، ئەوە بۆچونی حەنەفیەکانە، هەروەها قسەییکی شافیعی و حەنبەلیەکانەو،راییکی مالیکیەکانە ئەگەر وەسیەتکار نەیدەزانی وەسیەتبۆکراو بکوژییتی،وە بۆچونیکە لای شیعەی زەیدی و شیعەی ئیمامی[٦٣] .

٢– کوشتن بەرگری لەوەسیەت ناکات بەپیچەوانەی میرات،ئەوە بۆچونی پەسندی شافیعیەکان وزەیدیەکانە، وقسەییکە لای حەنبەلیەکان وشیعەئیمامیەکانە و، لیکدانەوەییکە لای مالیکیەکان[٦٤] .

٣– وەسیەت هەندی جار دروستە و هەندی جار دروست نیە،وەکو ئەو نمونەیە: ئەگەر یەکی وەسیەتکاری بریندارکرد بەبرینیکی کوشندە و، وەسیەتکاریش دەیزانی ودەیناسی و،لە هەمان کات وەسیەتی بۆکرد ئەوە دروستە ، بەلام ئەگەر پاش وەسیەت بۆکردن کوشتی ، ئەوە دروست نییە ،ئەوە بۆچونی پەسندی مالیکیەکانە، وەقسەییکە لای شافیعیان وحەنبەلیان وئیمامیانە[٦٥] .

هۆی ئەو بۆچونانە دەگەریتەوە بۆ دوو شت:

١– فەرمودەی‌پیغەمبەر –د –(( وەسیەت بۆبکوژ نیە)) لەبەر بی هیزی عەدالەتی ئەو کەسانەی ئەو فەرموودەیان گیراوەتەوە گومان هەیە لەوە کە فەرمودەی حەزرەتی پیغەمبەربی.

٢– ئایە وەسیەت لەمیرات نیزیکترە یا لەبەخشین؟ ئەوانەی دەلین:لەمیرات نیزیکترە دەلین:بۆبکوژ نابی وەکو میرات و،ئەوانەی دەلین:لەبەخشین نیزیکترە دەلین:بۆ بکوژ دەبی،چۆنکە بەخشین بۆ بکوژ دەبی.

## مەرجی وەسیەتبۆکراو ئەگەرگروپبی یا سودی گشتیبی

ئەو جۆرە وەسیەتبۆکراوە تەنها یەك مەرجی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەگوناح نەبی، جاخیربی وەکو وەسیەت بۆ نەدار و پیویستان یا بۆ مزگەوت و قوتابخانە وخەستەخانە وپرد دروستکردن و بۆ یارمەتی ریبواران، و بۆ ئالیکی بەستەزمانانی بی خاوەن،هەروها دروستە ئەگەر خیریش نەبی، وە کو: وەسیەتکرن بۆ دەولەمەندان، یا بۆ جۆلەکەودییانان چونکە گوناح نیە[٦٦] .

## باسی چوارەم :مەرجەکانی وەسیەتپیکراو

### مەرجی یەکەم

ئەبی‌سودمەندبی وسودەکەش موباحبی، کەواتە ئەوشتانەی سودیان نیە وەسیەتیان پی دروست نیە،وەهەروها ئەوشتانەی سودیان حەرامە، وەکو بەراز یا ئارەق،وەدەبی سودی مەکروهیش نەبی بەلای زوربەی زانایان،کەواتە هەرچی سودوەرگرتنی دروستبی وەسیەتی پی دروستە وەکو تاژی و سەگی پاسەوانی، چونکە راگرتن وبەخیوکردنیان دروستە،وەپیستی دەباغ نەکراو، چونکە بەدەباغ کردن سودبەخش دەبی، وەمرداربو، چونکە سودی هەیە بۆخۆراکی هەندی‌گیاندار،وەزبل، چونکە سودی هەیەبۆبەهیزبونی عەرد بۆچاندن،ئەوە بۆچونی شافیعیان وحەنبەلیان وئیمامیانە[٦٧] .

بەلام حەنەفیەکان دەلین:دەبی مالبی، بۆیی لای‌ئەوان وەسیەت بەزبل و پیستەی دەباغ نەکراو وگیانداری مردار دروست نیە[٦٨] .

یاسای خیزانی بەبۆچونی زۆربەی زانایانی وەرگرتووە چونکە لەماددەی(٦٩) دەلی:((مەرجە وەسیەتپیکراوەکە ...شیاوی بەخاوەن بون بیت))هەروها یاسای‌وەسیەتی میسری لەماددەی(١٠)دەلی:(( مەرجە وەسیەتپیکراو شایانی ئەوەبی ببی بەمیرات))

### مەرجی دووەم

ئەبی‌مافیکی تایبەتمەندبی بەوەسیەتکار، جا مالبی یا مال نەبی بەپیی شەرع، وەکو زبل و پیستی دەباغ نەکراو،چونکە مال نین بەپیی شەرع بۆیی کرین وفرۆشتنیان دروست نیە[٦٩] ،بەلام حەنەفیەکان لیرەش بەپیچەوانەی بۆچونی زۆربەی زانایان دەلین:دەبی مالبی و نرخداربی و وەسیەتکار خاوەنی‌بی[٧٠] .

تیبینی: چەندحیاوازیی لە نیوان خاوەن مال و خاوەن مافی تایبەتمەند هەیە، چونکە مافی تایبەتمەند هەمو ئەوشتانە دەگریتەوە کەلەژیر دەستی مرۆڤە،کەیفی خۆیەتی مالبی بە پیی شەع یامال نەبی وەك سەگ ومردار وزبل تا دووایی،بەلام خاوەن مال ئەوکەسەیە کەئەوشتەی لەژیر دەستیتی مالبی بەپیی شەرع ودەبتوانی بیفرۆشی، وەهەروها مافی‌تایبەتمەند ئەگەر ئەوشتانەبی کەمال نیە لەوەسیەت یا لەبەخشینی لە نەخۆشی‌مردن لەسییەکی مال حیساب ناکری،

بۆنمونه ئەگەر كەسێ وەسیەت بكات بەكۆمەڵە سەگێكی زۆر یا بەزبلێكی زۆر هەموی دەدرێ بەوەسیەتبۆكراو،چونكه ماڵ نیە تا بلێین:نابی لە سێیەكی ماڵ پتربی،كەواتە هەرچی ماڵبێ مافە،بەلام مەرج نیە هەرچی مافبێ ماڵبێ[٧١] .

## وەسیەتكردنی مرۆڤ بەئەندامێكی جەستەی خۆی

لەسەر ئەو دوو بۆچونە زۆر بابەتی گرنگ دەبیتە جێگای كێشە،بۆنمومە: وەسیەت كردنی مرۆڤ بەئەندامێكی خۆی بۆكەسێكی پێویست،ئەو وەسیەتە بەلای حەنەفیەكان دروستنیە،چونكە ئەندامی مرۆڤ مالی ئەونیە، یانی مروڤ خاوەنی ئەندامەكانی جەستەی خۆی نیە،كەواتە وەسیەتەكە دروستنیە.

بەلام بەبۆچونی زۆربەی زانایان ئەو وەسیەتە دروستە،چونكە ئەندامی جەستەی مرۆڤ مافی تایبەتماندە بە مرۆڤەكە،وەمافی تایبەتمەند وەسیەتی پێی دروستە ،هەروها ئەو كێشەیە لەبەخشینیش هەیە[٧٢] .

مرجی سێیەم:

ئەبێ شایانی ئەوەبی لەكەسێبگواسترێتەوە بۆكەسێیكی‌تر بەئارەزومەندی خۆیان،بەلام ئەومافانەی ناگواسترێنەوە وەكو مافی شوفعە یا هەڵبژاردن لەمەرجدا یا مافی تۆڵە ساندنەوە لە حەددی قەزف، ئەوانە وەسیەتیان پێی‌دروست نیە[٧٣] .

مەرجی چوارەم:

ئەبێ لەسێیەكی میراتی وەسیەتكار بتر نەبی، ئەو مەرجەش كێشەی‌لەسەرهەیە، كێشەكەش لە دوو بۆچون خۆی دەنوێنی:

١- وەسیەت لەسێیەكی میرات پتر نابی میراتگر هەبێ یا نەبێ و ئیزن بدەن یا ئیزن نەدەن، ئەوە بۆچونی مەزەبی زاهیریە،وە لە موزەنی وسوبكیش كەدوو زانای مەزەبی شافیعینە ئەوبۆچونە بیستراوە[٧٤] .

٢- وەسیەت بەلەسێیەك پتر لەسەر ئیزنی میراتگران رادەوەستی بۆپترەكە، ئەوەبۆچونی زۆبەی زانایانە:حەنەفی ومالیكی وشافیعی وحەنبەلی وزەیدی وئیمامی[٧٥] ،بەلگەی ئەوبۆچونەش ئەوەیە كە قەدەغەكردنەكە لەبەرخاتری سودی میراتگرە،كەئەوانیش بەویستی خۆیان لەمافی خۆیان خۆشبون قەدەغەكە نامینێ ، یاسای خێزانی بەوبۆچونەی وەرگرتووە لەماددەی(٧٠) هەروهایاسای وەسیەتی میسری لەمادده(٣٧).

لەسەر بۆچونی دووەم كە بۆچونی زۆربەی زانایانە پێویستە چەند خاڵێ روون بكرێتەوە بەوجۆرەی خوارەوە:

١- چی لەسەر ئیزنی میراتگر راوەستاوە؟دروستی وەسیەتەكە یا جێبەجێكردنی؟ لێرەشدا دوو بۆچون هەیە:

بۆچونی یەكەم:دەڵێ:دروسیەكەی راوەستاوە،ئەوە بۆچونی مالیكیەكانە وقسەیێكی بێهێزی شافیعی وحەنبەلیەكانە[٧٦] ، بەگێرەی ئەوبۆچونە ئیزنی میراتگر هەر بەناو ئیزنە ئەگەرنا بەخشینێكی سەر بەخۆیەو، پێویستە هەمو مەرجەكانی بەخشینی هەبێ یانی ئیزندەر لێهاتویی بەخشینی هەبێ، وبزانی میراتەكە هەموی چەندە، وەپتر لە سێیەكەكە دەكاتە چەند،چونكە بەخشینی نەزاندراو دروست نیە، ودەبێ قەدەغەكردنی لەبەر نەبونی(افلاس)لەسەر نەبێ،چونكە لەوحالەتە بۆی نیە ماڵ ببەخشی،وپێویستە وەسیەتبۆكراو پترەكە قەبول بكات، و وەریبگرێ،وەلەكاتی ئیزنەكە پترەكە دەبیتە مالی، نەك لەكاتی وەسیەت[٧٧] .

بوچونی دووەم:دەڵێ:جێبەجێكردنی راوەستاوە،ئەوە بۆچونی حەنەفیەكانە،وقسەی پەسندی شافیعی وحەنبەلیەكانە،ورایەكی بێهێزی مالیكیەكانە[٧٨] .

بەگێرەی ئەو بۆچونە ئیزنەكە لێ خۆشبونە،چونكە بەرگر لادەبا، بۆیی وەسیەتبۆكراو دەبێتە خاوەنی پترەكەو سێیەكەكە لەلایەن وەسیەتكارەوە،و پێویست بە قەبولێكی ترناكات،وئەگەر میراتگر قەدەغەكردنیشی لەسەربێ لەبەر نەبونی ئیزنەكەی هەر دروستە، چونكە لێخۆشبونە لە ماف، ولێخۆشبون لەماف بۆنەبوو (موفلیس) دروستە[٧٩] .

٢- كەی كاتی ئیزنداندێ؟ لێرەدا سێ بۆچون هەیە:

بۆچونی یەكەم:ئیزن دەبێ پاش مردنی وەسیەتكاربێ،چونەكە پێش مردنی وەسیەتكار میراتگر مافی نیە،وەتا ماف نەبی لێخۆشبون نابی،ئەوە رای زۆبەی زانایانە[٨٠] .

بۆچونی دووەم:ئیزنیپیش مردنیش كاردەكات،ئەوە قسەیەكی بێهێزە لای ئیمامیەكان[٨١].

بۆچونیسییەم:ئیزنی پیش مردن لەكاتی ساغی وەسیەتكار سودی نیە،بەلام لەكاتی نەخۆشی مردن كاری پیدەكری، بەومەرجەی میراتگرە ئیزندەرەكە لەژیر سایەوسودی وەسیەتكار نەبی، چونكەئەگەر لەژیرسایەی ئەوبی یا بەرژەوەندیوسودی لایئەوبی، لەوانەیە ئیزنەكەی لەناچاریبی،ئەوە بۆچونی پەسندی مالیكیەكانەو ، بۆچونیكی تریان دلی:ئیزن لەنەخۆشی مردن كاری پیدەكری بەبی مەرج، وەبۆچونیكی تر دەلین:ئیزنی پیشمردن كاری پی ناكری وەكو بۆچونی زۆربەی زانایان [٨٢].

ئەگەر هەندی میراتگرئیزنیاندا بەلام هەندیكیتر ئیزنیان نەدا یا لیهاتوییئیزندانیان نەبو؟ لەوكاتەپترەكە هەرلە بەشی ئیزندەرەكان جیبەجیدەكری بەگیرەی بەشەكانیان[٨٣]

٣- ئەگەر وەسیەت بەپتربولەسییەكی میرات و،هیچ میراتگری نەبوئیزن بدات؟لیرە زانایان دوو بۆچونیان هەیە:

بۆچونی یەكەم:ئەوەیە وەسیەتەكە جیبەجیدەكری چەندی هەبی تا ئەگەر هەموی میراتەكەش بگریتەوە،چونكە پتر لەسییەك قەدەغەبو لەبەربەرژەوەندی میراتگران،كەئەوان نەبون قەدەغەكردنەكە نامینی،ئەوەبۆچونی حەنەفی وحەنبەلیانە، وە بۆچونیكی لاوازە لای شافیعیانە[٨٤].

بۆچونی دووەم: پتر لەسییەك نابی كەوانە ئەگەر پتربوو لە سییەكی میرات وەسیەتەكە لەپترەكەپوچەل دەبیتەوە،چونكە میراتەكەی دەبیتە مافی موسلمانان و، كەس ناتوانی پترەكە ئیزن بدات، ئەوەش بۆچونی مالیكی وشافیعیانە[٨٥] .

یاسای خیزانی بەبۆچونی یەكەمی وەرگرتووە، چونكە لەماددەی(٨٨) دەلیّ:((ئەوانەی شایەنی میرات وەرگرتنن ئەوانەی خوارەوەن

١- میراتگری بەخزمایەتی و بە ژن ومێردایەتی ٢-ئەوەی بەدان پێدانان بونەتە خزم. ٣-وەسیەتبۆكراو بەهەموی مالّ. ٤-گەنجینەی دەولّەت)) لێرە وەسیەتبۆكراوی بەهەموماڵی خستیتە پێش گەنجینەی دەولّەت،هەروهالێرە هیچ ناكوكی نیە لەگەلّ ماددەی (٧٠) كەدەلّیّ:((دەولّەت میراتگری بێمیراتگرانە)) چونكە میراتگرە، بەلاّم وەكو میراتگری تایبەتی نیە لەپلە،چونكە لەپلەی چوارەمە.

وەیاسای وەسیەتی میسری هەمان رێبازی وەرگرتییە،چونكە لەماددەی(٣٧) دەلّیّ ((جێبەجیّ دەكریّ وەسیەتی ئەوانەی قەردارنین و میراتگریشیان نیەبەهەمو مالّ بەبیّ وەستان لەسەر ئیزنی گەنجینەی دەولّەت)).

٤- لەچ كاتیّ وەسیەتپێكراو دەنرخێندری بۆئەوە بزاندریّ كەسێیەكی میراتە؟ لەبەرئەوەی ئەو بابەتە دەگۆڕیّ بەپێی ئەوە كە وەسیەتپێكراوەكە شتە یاخود سودە،بۆیی لەكاتی باسكردنی ئەحكامەكان باسی دەكەین .

## بەشی دووەم: حوكم و ئاسەوارەكنی وەسیەت.

وەسیەتپێكراو هەندیّجار شتە وهەندیّجار سودە،هەروها وەسیەتبۆكراو هەندیّجار تاكە كەسێكە وهەندیّجار گروپە یا لایەنە ، وهەروها وەسیەت هەندیّجارپێویستە وهەندیّجار بەئارەزوورەزامەندی وەسیەتكارە،

### باسییەكەم: حوكم و ئاسەواری وەسیەت بەشت

ئەوشتەی وەسیەتی پیّدەكری یا شتێكی دەستنیشان كراوە بەدیتن یا بەئیشارە یا بەوەسفیكی تایبەت بەخۆی وەكو بلّیّ: وەسیەتم كرد بەو خانوە ئیشارەی بۆبكات یا ئەوخانوەی لەفلان گەڕەكەی نمرە ئەوەندەیەو ئەوەندە مەترەیە، یا بەشتێكی دەستنیشان نەكراوە، بەلاّم وەسف كراوە وەكوبلّیّ:وەسیەتم كرد بەعەلبە گەنمیكی رەشگولّ یا دە مەڕ.

### یەكەم: وەسیەت بەشتێكی دەستنیشان كراو

### ئەو جۆرە شتە ئەو حوكمانەی خوارەوەیان هەیە

١- ئەبیّ لەكاتی وەسیەتكردن هەبیّ،چونكە شتی نەبو دەستنیشان ناكریّ

٢- دەبی تایبەتمەندبیّ بەوەسیەتكار،كەواتە وەسیەت بەشتی خەلكی ناكریّ، تەنها لای شافیعیان نەبی ئەویش لەبۆچونێكی بیّهێز[٨٦] .

٣-ئەبیّمالّێكی نرخداربی بەگێرەی شەرع بەلای حەنەفیەكانەوە،بەلاّم زۆبەی زانایان ئەو مەرجە دانانین لەمەرجەكانی وەسیەتپێكراو.

٤- میرتگری وەسیەتکار مافی ئەوەیان نیە شتە وەسیەتپێکراوەکەبگۆرن بەشتێکی‌تربەبێ رەزامەندی وەسیەتبۆکراو.

٥- وەسیەت پۆچەڵ دەبیتەوە هەرکاتێ شتەوەسیەتپێکراوەکە بەدەستی‌وەسیەتکار یا بەهۆیەکی ناکاوی‌فەوتا،بەلأم ئەگەربەدەستی کەسێکی‌تر یابەهۆی گێنەدانی میراتگر فەوتا پاش مردنی وەسیەتکار، ئەوکاتە وەسیەتبۆکراو دەتوانی پاداش داوابکات ، هەروها ئەگەر هەندێکی فەوتاوهەندێکی مایەوە،وەسیەتەکە لەمایەوەکە بەردەوامە،بەلأم حوکمی پارچە فەوتاوەکە وەکو پێشووە[87] .

٦- ئەگەر دەرکەوت وەسیەتپێکراو مالی وەسیەتکار نەبووە بەلکو مالی کەسێکی تربووە، ئەوە وەسیەتەکە پوچەڵ دەبیتەوە و، وئەگەر دەرکەوت هەندێکی مالی‌خەڵك بووە، دیسان وەسیەتەکە لەئەوەندەی مالی خەڵکە پوچەڵ دەبیتەوە.

٧- وەسیەتپێکراو دەنرخێندرێ بۆئەوە بزاندرێ سێیەکی مالی وەسیەتکارە یا پترە لە سێیەك پاش مردنی وەسیەتکار، بەلای زۆربەی زانایان،بەلأم زاهیریەکان دەڵێن:نرخاندنی لەکاتی وەسیەتکردنە، وەئەوە قسەیێکی لاوازی شافیعیەکانە[88] .

٨- ئەگەر مالی وەسیەتکار هەموی فەوتا تەنها وەسیەتپێکراو مایەوە،وەسیەتبۆکراو مافی هەموی نیە تەنها مافی سێیەکی هەیە، چونکەوەسیەت نابی لەسێیەکی میرات پتربی، ئەوە بۆچونی زۆبەی زانایانە،بەلأم حەنبەلیەکان دەڵێن:مافی هەموی هەیە،چونکە لەبەر تەرخانکردنی بۆوەسیەتبۆکراو مافی میراتگرانی پێوە نەنووساوە[89]

## دووەم: وەسیەتکردن بەشتێکی وەسفدارکراو

ئەو جۆرە شتە حوکمەکەی دەگۆڕێ بەگێرەی گۆڕانی وەسەفەکە:

أ- ئەگەر هات و هەڵپەسێردرا بەجۆرێ وەکو ئەوەی بڵێ: وەسیەتمکرد بەمەڕێ لەمەڕەکانی خۆم یا بەکتێبێك لەکتیبە کانی خۆم، ئەوە تایبەتمەنددەبی بەوحوکمانەی خوارەوە:

١- ئایە مەرجە لەکاتی وەسیەتکردن هەبی؟ لێرە دوو بۆچون هەیە:

بۆچونی یەکەم دەڵێ:مەرجەلەکاتی وەسیەتکردن مەڕی هەبێ یاکتیبی هەبێ،چونکە ئەگەر نەیبێ قسەکەی وەکوقسەی بێی هۆشی لێدێو،وەسیەتی پێی دانامەزرێ،ئەوە قسەی حەنەفیەکانە بەگێرەی (زاهیر و لریوایە) وە قسەی مالیکیەکانە بەگێرەی بۆچونی دسوقی‌وشیخ عەدەوی‌وقسەی زوبەی حەنبەلیەکانە[90] .

.بۆچونی دووەم- دەڵێ:هەبونی‌مەرج نییە لەکاتی وەسیەتکردن، بەلکو هەبونی مەرجە لەکاتی مردنی وەسیەتکار، ئەوە قسەی شافیعیەکان وحەنەفیەکانە بەگێرەی (ریوایتی کەرخی) وە مالیکیەکانە بەگێرەی لێکدانەوەی شیخ علیش، وریوایەتێکە لە ئیمامی ئەحمەدەوە[91] .

هەروها هەمان کێشەهەیەئەگەر وەسیەتکار بڵێ:سەت دینار لە کیسی من بدەن بەفلانەکەس وکیسەکەی هیچی تیدانەبی، بەلأم ئەگەر بڵێ: سەت دیناری بدەنی لەمالی من وسەت دینارشی لە کیسەی نەبی لەوکاتی،ئەوە وەسیەتەکەدروستەولەپاش مردن سەت دیناری پێ دەدرێ لەسنوری سێیەکی‌میرات.

٢- ئەگەرهەمومەڕەکان مردن یا هەموکتیبەکان فەوتان پێش مردنی‌وەسیەتکار وەسیەتەکە چی لێدێ؟

بەگێرەی بۆچونی یەکەم وەسیەتەکەپووچەڵ دەبیتەوە،بەلأم بەگێرەی بۆچونی دووەم وەسیەتەکەوەکوخۆی دەمینێ تامردنی وەسیەتکار،لەوکاتی ئەگەرمەڕی هەبێ یا کتیبی هەبێ ئەوە وەسیەتەکە جێبەجێ‌دەکرێ،بەلأم ئەگەر لەوکاتی نەیبو،ئەوە وەسیەتەکە پووچەڵ دەبیتەوە.

٣- لەوکاتە ئەگەروەسیەتی کردبوبەبیست مەڕ ، ولەکاتی مردن تەنها بیست مەڕی هەبو، هەموی دەدرێ بەوەسیەتبوکراو ئەگەر لەسێیەکی ماڵەکە پتر نەبو،بەلأم ئەگەرپتربو،ئەوە بەقەدەرسێیەکی دەدرێتێ.

٤- بەلأم ئەگەر بڵێ:وەسیەتم کرد بەبیست مەڕ یا بیست کتیب لەمالی خۆم،لەوکاتە مەرج نییە مەڕ یا کتیبی هەبێ، چونکە ئەگەر هەبودەدرێ بەوەسیەتبۆکراو، ئەگەرنەشیبوئەوە بۆی دەکڕێ‌لەمیراتی‌وەسیەتکارلەسنوری‌سێیەکی‌میرات.

باسی دووەم:وەسیەت بەبەروبوم وسود:

بەروبومی ماڵ ئەوشتانەیەکەماڵ زیادی‌دەکات سالانە یا مانگانەیارۆژانە، وەکو:میوەجات و،بێچوو،خوری‌و،شیرو، گیاوگوڵی

خۆرسك،وبەرهەمی‌كشتوكالی.  جاوەسیەت بەوجۆرەشتانە حوكمی دەگۆری بەگێرەی گۆرانی دارشتنی وەسیەتەكە،یانی ئەگەر وەسیەتكارگوتی:وەسیەتم كرد بەبەرخی‌مەرەكانم یابەگوڵكی‌چێلەكانم، ئەوە تەنها ئەوبەرخ وگوڵكانە دەگریتەوە كەلەكاتی‌مردنی‌هەن، وەئەوانە ناگریتەوەكەپاش مردنی وەسیەتكار دەبن[٩٢].

بەلام ئەگەربلی:وەسیەتم كرد بەبەرخی ناوسكی‌ئەومەرە،ئەوە وەسیەتەكە بەنددەبی بەوبەرخەی كە هەیە لە كاتی وەسیەتكردن، بۆیی مەرجە بۆدروستبونی وەسیەت بەرخەكەزیندوبی لەوكاتدا، وبۆ ئەوەی بزاندری بەرخەكە هەبوەو زیندو بووە لەوكاتی، ئەبی لەدایك ببی پیش تیپەربونی‌كەمترین كاتی سكپری (حەمل) بەگیرەی رای شارەزایان وپسپۆرانی مەری[٩٣].

بەلام ئەگەر بلی:وەسیەتم كرد بەوبەرخانەی‌كەلەمەوپاش دەبن،لیرە دوو بۆچون هەیە:

بۆچونی یەكەم دەلی:ئەوجورە وەسیەتە بەندە بەو بەرخەی هەیەلەكاتی‌مردنی وەسیەتكار،وەئەوبەرخانە ناگریتەوە كەپاش مردنی پەیدادەبن،چونكە وەسیەت بەشتی هەبودەكری نەك بەشتی‌نەبو،ئەوە بۆچونی حەنەفیەكانە وبۆچونیكی لاوازی شافیعیەكانە[٩٤]. بۆچونی دووەم دەلی:هەموی دەگریتەوە ئەوەی هەیەو ئەوانەی پاشان دەبن تائەوسنورەی وەسیەتكار دادەنی بەكەیفی خۆی‌چەندسالی‌دابنی،ئەوە بۆچونی پەسەندی شافیعیەكانە وهەروها بۆچونی حەنبەلیەكان وئیمامیەكانە[٩٥].

وەهەروها وەسیەت بەخوری‌وبەشیری مەرهەمان راوبۆچون وهومان حوكمی هەیە[٩٦].

بەلام لەوەسیەت بەبەروبوومی درەختی رەز هەمویان ریكن لەسەر ئەوەی كەبەگیرەی ویست وخواستی وەسیەتكار سنوردار دەبی، یانی ئەگەر بلی: بۆ سالی ،ئەوە بۆساڵیكە وئەگەر بلی: بۆ هەتاهەتایی ، ئەوە بۆهەتاهەتاییە.

بەلام ئەگەر سنورداری نەكات بەلكو بلی: وەسیەتم كرد بەبەروبومی رەزەكەم، ئەوە تەنها ئەوبەروبومەدەگریتەوە كەلەكاتی‌مردنی وەسیەتكار هەیە[٩٧].

## وەسیەتكردن بەسود

سود ئەوشتانەی خوارەوە دەگریتەوە:حەوانەوە لەخانوو،سواری ماین و، لەبەركردنی جل وبەرگ و،بەكارهینانی شت و،كری وەرگرتنی ئەوشتانەی بەكری دەدرین.

وەسیەتكردن بەسود لەلای كۆی زانایان دروستە،تەنها زاهیر وئیبنوئەبی لەیلا وئیبنوشوبرومە دەلین:وەسیەت بەسود دروست نییە، بەلام قەفالی شاشی دەلی:بەلای ئیبنوئەبیلەیلا وەسیەت بەسود دروستە ئەگەركاتەكەی‌سنوردار‌كرابی بەلام ئەگەركاتەكەی سنوردارنەكرابی ئەوە دروست نیە وەكو بەكری دانە(ئیجارە)[٩٨].

ئەگەر یەكی‌وەسیەت بكات بۆكەسیك بەدانیشتنی لەخانویك، یابەبەكارهینانی‌ماینیك بۆسواری، یا بەكارهینانی هەرشتی بەكەلك بەكارهینانبی،مەرج نییە  لەكاتی وەسیەتكردن خانوی هەبی یامایینی هەبی، بەلكومەرجە لەكاتی مردنی شتەكەی هەبی، وەدەكری وەسیەتەكە سنورداربی بەكاتیك،وەكوسالیك یا دەسال یاچەند مانگی،وەدەكری سنوردارنەبی بەلكو هەتاهەتاییبی،بەلام ئەگەر سنوردار نەبو وهەتاهەتاییش نەبو،وەكوئەوە كەبلی: وەسیەتم  كرد بەدانیشتنی فلانەكەس لەخانوەكە، ئەوە حوكمەكەی چۆن دەبی؟ بەلای ئیمامی نەوەوی ئەوە حوكمی وەكوئەوەیە كەبلی:هەتاهەتایی[٩٩] .

أ- كاتی دەستپیكردنی سودوەرگرتن:

وەسیەتكار دەتوانی سنوری دەستپیكردنی سود وەرگرتن دابنی، یانی ئەگەر بلی: وەسیەتم كرد  مەحمود لەخانوەكە دابنیشی لە كاتی مردنم تاسالیك، پاشان ئەحمەد تیدابی سالیك، پاشان كەریم تیدابی سالیك،ئەوە پاش مردنی یەكەم جارمەحمود سود لە خانوەكە وەردەگری پاش سالیك ئەوكاتی تەواودەبی نۆرەی ئەحمەد دی ئەویش سالیك سودی لیوەردەگری پاشان نۆرەی كەریم دیت ئەویش سالیك سودی لیوەردەگری،هەروها دەكریت وەسیەت بۆ رەسول بكات تادەمری لەخانوەكە دابنیشی پاش مردنی ئەو برایم لەناوی دابنیشی تامردن هەركاتی رەسول مرد نۆرەی برایم دیت هەرچەندی خایاند كەیفی خۆیەتی[١٠٠]،

بەلام یاسای میراتی میسری لە ماددەی(٦١) دەلی: (( مافی دەستپیكردنی سود وەرگرتن دەبی لەماوەی سی‌وسی سالبی لەرۆژی مردنی وەسیەتكار)) كەواتە ئەگەریەكی‌لەوەسیەتبۆكراوان

ئۆرەی وەرگرتنی سودی دواكەوت لەماوەی(٣٣)ساڵ پاش مردنی وەسیەتكار مافەكەی دەسوتێ.

بەلام ئەگەر وەسیەتكار كاتی دەستپێكردنی سود وەرگرتنی دانەنابی ئەوە مافی سود وەرگرتن دەست پێدەكات لەرۆژیمردنی وەسیەتكار. لەوە چەندشتێ سەرهەڵدەدات یا پێویستدەكات، شتەكانیش ئەوانەن:

١- ئەگەر یەكێ وەسیەتی كرد فلانەكەس لەخانوەكەی دابنیشی ساڵێك پاشان خانوەكەی بەكرێ دا بۆماوەی ساڵێك یا پتر یەكسەر مرد، ئەوە وەسیەتەكەپوچەڵ دەبێتەوە،چونكە مافی سوود وەرگرتنەكە بۆساڵی یەكەمە لەپاش مردن، ئەویش لەدەستچو بە هۆی بەكرێ دانەكە بۆهەمان ماوە.

٢-ئەگەروەسیەتبۆكراو لەكاتی مردنی وەسیەتكار دیارنەبو تاكاتەكەی بەسەرچو، ئەوەمافی وەرگرتنی كرێی ساڵێكی هەیە لەسەر ئەوكەسەی دەستی بەسەرخانوەكەداگرتوە،بەلام ئەگەركەس دەستی بەسەردانەگرتبو ئەوەمافی كرێی نیە،بەلام بۆچونێ هەیە دەڵێ: مافی ئەوەی هەیە داوابكات ساڵێك سودی لێ وەربگرێ لەجیاتی ئەوساڵەی لەدەستی چووە[١٠١].

ب-كۆتایی ماوەی سودوەرگرتن:

ئەگەرسود وەرگرتنەكە بۆماوەیێكی دیاریكراوبو،وەكو مانگی یاساڵێ یا دە ساڵ،ئەوەكۆتاییدێت بەبەسەرچونی ماوەكە،ئەوكاتە سودەكە دەبێت بەمافی خاوەن مولكەكە.

بەلام ئەگەر هەتاهەتایی بوو، ئەوە كەی تەواودەبێ؟ لێرە دووبۆچون هەیە:

١- كۆتایی دێت بەمردنی وەسیەتبۆكراو، ونابێت بەمیرات بۆمیراتگران،ئەوە بۆچونی حەنەفیەكان وحەنبەلیەكانە وبۆچونێكیلاوازە لای شافیعیەكان[١٠٢].

٢-ئەو مافەدەمینی تاشتە وەسیەتبەسودكراوەكەبمینێ،بەلام ئەگەر شتەكە فەوتا نامینێ ،وەئەگەر هاتوپاش فەوتان جارێكیتر دروستكراوە ئەوە،وەكوئەوە كەخانوبی بروخێومیراتگر سەرلەنودروستیبكاتەوە، تەماشادەكرێ ئەگەربەهەمان كەرستەكۆنەكە دروستی كردەوە ئەوە مافی وەسیەتبۆكراو دەگەڕێتەوە و، دەتووانی سەرلەنوی سودیلێیوەربگرێ،بەلام ئەگەربەكەرستەی تایبەتی خۆی دروسێ كردەوە ئەوە مافی سوود

وەرگرتنی ناگەڕێتەوە[١٠٣] كەواتە ئەگەر وەسیەتبۆكراو مرد سودەكە بۆ میراتگری دەچی، ئەوە بۆچونی مالیكیەكانە وبۆچونی پەسندی شافیعیەكان وئیمامیەكانە،بەومەرجەی بەلگە نەبی لەسەرئەوە كەوەسیەتەكە تایبەتمەندە بە وەسیەتبۆكراو، بەلام ئەگەر بەلگەی تایبەتمەندی هەبو، ئەوە بە مردنی وەسیەتبۆكراو كۆتایی دێ[١٠٤].

یاسای وەسیەتی میسری لەماددەی(٦١) بەبۆچونی یەكەمی وەرگرتووە.

ئایە وەسیەتبۆكراو بەسود دەتوانی شتەكە بەكرێ بدات؟

ئەگەر یەكی وەسیەتی بۆكرا بەسودی خانوێك یا ماینێك یا هەر شتێك بۆی هەیە بەكرێی بدات؟ لێرە دوو بۆچون هەیە:

یەكەم دەڵێ: بۆی نیە بەكرێی بدات،چونكە سودەكەی بەلاش دەستكەوتیە ناتووانی بەكرێی بدات بە یەكێكی تر، ئەوە بۆچونی حەنەفیەكانە[١٠٥].

بۆچونی دووەم: دەڵێ: دەتوانی بەكرێی بدات،چونكە بووە بە خاوەنی سودەكە، وە هەر كەسێ خاوەنی شتێ بێی ئەتوانی ببەخشی و بەكرێی بدات و بیكات بە وەسیەت، مەگەر قسەی وەسیەتكار بۆنی ئەوەی لێبێ كە سودەكە تایبەتبێ بە وەسیەتبۆكراو، لەوكاتە بۆی نیە بەكرێی بدات، ئەوە بۆچونی مالیكیەكان وشافیعیەكان وحەنبەلیەكان وئیمامیەكانە[١٠٦] وەكو ئەوەی بڵێ: وەسیەتم بۆكردی بەسودی ئەومایەنە تاماوی، چونكە ووشەی تاماوی تایبەتمەندی دەگەیێنی، لەوكاتە بۆی نیە بەكرێی بدات[١٠٧].

لێرە ئیمامی ئەوەوی دەفەرموێ:باشتر وایە بگوترێ:ئەگەر وەسیەت بەسودی خانوبێ ئەوەئەتوانی بەكرێشی بدات و لەناویش دابنیشێ ،بەلام ئەگەروەسیەت بەدانیشتن بوو لەخانی،ئەوەناتونی بەكرێی بدات[١٠٨].

## وەسیەت بەكرێی خانووزەوی

دروستە كەسێ وەسیەتبكات بەكرێی خانوێك یا دوكانێك مانگانە یا ساڵانە بیدرێتێ،ئایەلەوحاڵەتە وەسیەتبۆكراو دەتوانێ خۆی لە خانوەكە دابنیشێ؟ لێرە دووبۆچون هەیە:

یەکەم: بەلی بۆی هەیە، چونکە ئەوە وەسیەتە بەسود ، دانیشتنیش لەخانو سودە، ئەوە بۆچونی زۆربەی زانایانە.

بۆچونی دووەم: دەلی: بۆی نیە خۆی لیی دابنیشی، چونکە زیانی هەیە بۆمردوی وەسیەتکار، زیانەکەش ئەوەیە ئەگەر دەرکەوت مردو قەرزارە ئەوە دەتواندری قەرزەکە لەکرییەکە بدریتەوە، بەلام ئەگەر خۆی لەناو خانوەکە دانیشتبو ناتواندری قەرزەکە بدریتەوە، ئەوە بۆچونی حەنەفیەکانە[109].

ئەوبەلگەیە بیهیزە،چونکە ئەگەر دەرکەوت قەرزارە ئەوە قەرزەکە لەسەر هەمومیراتەکەیە،کەواتە میراتگرکەقەرزەکەیان داوە ئەگەر شتی بەربەشی وەسیەتبۆکراو کەوت دەتواندری لەسودی داهاتولیی وەرگرنەوە .

## بژیوی وپیویستیەکانی ئەوشتەی وەسیەت بەسودی کراوە

بیگومان ئەومایەنەی وەسیەت بەسودی دەکری پیویستی بەئالییک وبەخیوکردن هەیە،هەروها ئەوخانوەی وەسیەت بەسودی کراوە پیویسی بەپاراستن وچاکردنەوە دەبی، ئینجا ئەوپیویستیانە لەسەروەسیەتبۆکراوەبەسود یالەسەرخاوەن مالەکەیە؟ لیرە دوو بۆچون هەیە: یەکەمیان دەلی: لەسەر وەسیەتبۆکراو بەسودەکە، چونکە سود وەرگرتن پەیوەندە بەمانەوەی شتەکە، وە مانەوەی شتەکەش بەندە بەوبەخیوکردن وپارە لی خەرج کردنە،ئەوە بۆچونی حەنەفیەکانە وقسەییکە لای حەنبەلیەکانەو ئیبن قودامە بەپەسندی دەزانی[110]. بۆچونی دووەمیان دەلی: ئەگەر وەسیەتەکە بۆماوەییکی دیاریکراوبوو ئەوە خەرجی لەسەرخاوەنەکەیتی،چونکە پیویستە لەسەر خاوەنی هەرشتی بەخیوی بکات و سەر پەرشتی بکات،بەلام ئەگەر وەسیەت بەسود تا هەتاهەتایی بوو ئەوە دووقسەیان هەیە: جاری دەلین: لەسەرخاوەن سودە وجاری دەلین:لەسەر خاوەن مالە، ئەوە بۆچونی شافیعیەکان وئیمامیەکان وقسەییکی حەنبەلیەکانە.

بەلام بۆئاودانی ئەو بیستانەی وەسیەت بەبەروبومی کرابی دەلین:لەسەر هیچ کامیان نیە وهەریەکی ئاوی بدات ئەوەی تر ناتوانی ریگەی لیی بگری،چونکە ئاودانی رەز وەك بەخیوکردنی مالات پیویست نیە،چونکە گیانلەبەرە وگیانلەبەریش واجبە هۆی ژیانی بۆ دابین بکری[111].

## باسی سێیەم : وەسیەتی پێویست

وەسیەتی پێویست ئەو جۆرە وەسیەتەیە هەرجێبەجێ دەکرێ وەسیەتکار وەسیەتی کردبێ یاوەسیەتی نەکردبێ،ئیمامی نەوەوی دەفەرموی: (( کەسێ بمرێوحەجی فەرزی لەسەربێ حەجەکەی بۆ دەگێڕدرێتەوە لەهەمومالّی با وەسیەتیشی نەکردبێ وەکو سکات و هەمو قەرز))[112].

پێناسەی وەسیەتیپێویست لەیاسا بەوجۆرەیە:ئەو وەسیەتەیە لەسێیەکی مالّی باپیر و داپیر جێبە جێ دەکرێ بۆمندالّی ئەو کوڕو کچانەیان کەپێش خۆیان مردون، لەکاتی بێبەشبوونیان، با وەسیەتیشیان نەکردبێ، بۆ ئەومەبەستە یاسای خێزانی لە ماددەی (٧٤) دەلّێ: ((ئەگەر کوڕیاکچ پێش مردنی باوکی یادایکی مرد ئەوە بەزیندو دائەندرێ لەکاتی مردنی ئەوان و بەشە میراتەکە بۆ مندالەکانی دەچی نێربن یا مێبن بەپێی شەرع لەسەر بنەمای وەسیەتی پێویست، بەلاّم نابی لەسێیەکی میراتەکەی تێپەڕێ))

ئەو حوکمانەی لەوماددەیە وەردەگیرێن:

١- ئەومندالاّنەی باوکیان یا دایکیان دەمرێ پێش باپیریان یاداپیریان مافی ئەوەیان هەیە کەبەشی باوکیان یاداکیان بدرێتی لەمیراتی باپیریان یاداپیریان.

٢- ئەومافەیان بۆدەچەسپێ لەرێگای باوك ودایکی خۆیان لەسەر بنەمای ئەوە کەبڕیاری ژیانیان دراوە، یا لەژیان ماوون بەبڕیار.

٣- ئەو مندالاّنە بەشی باوکیان یا داکیان وەردەگرن بەو مەرجە لە سێیەکی میراتی باپیریان یاداپیریان پتر نەبێ،بەلاّم ئەگەرپتربو ئەوە تەنها مافی سێیەکیان هەیە،پترەکە بۆ میراتگرەکان دەچی.

٤- مەرجە مندالّەکان بێبەشبن لەمیرات،چونکە ئەگەرمیراتگربن مافی وەسیەت وەرگرتنیان نیە،چونکە شەرع زانان دەفەرمون: ئەگەر کەسێ وەسیەت بکات بۆخزمانی،وەسیەتەکە تەنها بۆئەوخزمانەیە کەبێبەشن لەمیرات[113].

٥- یاسا بەئاشکرا نەیگۆتوە ئەگەر مندالّەکان کوڕوکچ بن بەیەکەوە چۆن بەشی باوکیان یادایکیان بەسەردا دابەش دەکرێ،بەلاّم لەداڕشتنی ووشەکانی یاسا بۆمان دەردەکەوی کەبەسەر کچ وکوڕدا دابەش دەکرێ بەیەکسانی،چونکە لەدەقێکدا دەلّێ: (( بەشەمیراتەکەی بۆ مندالّەکانی دەچی نێربن یا مێبن)) نەیگۆت:بۆمیراتگرانی دەچی، لە هیدایە دەلّێ: ((ئەگەر وەسیەتی

کرد بۆمندالّی فلان،وەسیەتەکەیان بەسەردابەش دەکرێ نێر ومێی وەکویەك،چونکە مندالّ نێر و مێی دەگرێتەوە وەکویەك،بەلاّم ئەگەر وەسیەتی کرد بۆ میراتگری فلان،ئەوە بەسەریان دابش دەکرێ بۆنێر دووبەشی مێی،چونکە بەکارهینانی ووشەی میراتگر نیشانەیە لەسەر ئەوەی کە دەیەوێ بەشکردنەکە وەکو میراتبێ))[114] یاساش ووشەی مندالّی بەکارهیناوە،نەك میراتگر.

هەروها دەلّێ: (( بەپێی شەرع لەسەربنەمای وەسیەت)) وەسیەتیش بەسەروەسیەتبۆکراوان دابەش دەکرێ وەکویەك[115].

بەلاّم یاسای وەسیەتی میسری بەپێچەوانە بەگێرەی میرات دابەشی دەکات،چونکە لەماددەی(٧٦)دەلّێ: ((یەسەریان دابەش دەکرێ وەك دابەشکردنی میرات))

٦- یاسا دەلّێ: (( بەشە میراتەکەی بۆمندالّەکانی دەچێ)) یانی هەرباسی مندالّەکانی کردووە،ئایە ئەووەسیەتە هەربۆ ئەوانە یا مندالّی مندالیش دەگرێتەوە؟ لێرە داپێویستە بۆفیقهی ئیسلامی بگەرێنەوە، حوکمی ئەو مەسەلەیە لە فیقهی ئیسلامیدا ڕوونکەینەوە، ئەویش بەو جۆرەیە، ئەگەر یەکێ وەسیەت بکات بۆخزمانی کامیان نێزیکترە بۆئەودەبێ،ئەگەر ئەوەی نێزیکتر میراتگربو یانەمابو،بۆئەوەی پاش ئەوە،بەوجۆرە تا دوایی[116]، کەواتە وەسیەتەکە بۆ مندالّی کوڕە یا کچە مردووەکەیە، ئەگەر مندالیان لەژیاندا نەمابو ئەوەبۆمندالّیمندالّیانە گەرەبن.

حیکمەت لەدانانی ئەویاسایەوبنەماکەی؟

ئەوماددەیەلەسالّی١٩٧٩ لکێندرابەیاسای خێزانی بەپێی هەموارکردنی سێیەم[117]. هۆیەکەش ئەوە بوو گازاندەیەکی زۆر هەبوو لەحالّەتی ئەو نەوانەی کەباوك یان دایکیان دەمرێ پێش باپیریان یاداپیریان، یالەگەلّ باوك وباپیریان بەیەکەوە دەمردن بە هۆی کارەساتی سوتان یاخنکان یا هەر کارەساتێکی تر، لەوکاتانە ئەو مندالآنە زۆر جار لەمیراتی باپیریان یا داپیریان بێبەش دەبن بە هۆی مام وپورەکانیانەوە، کەچی باوکیان لەوانەیە دەورێکی گرنگی هەبوبێ لە وەدەستهێنانی ئەومالّ وسامانە، هەروها لەوانەیە باپیریان حەزیکردبێ وەسیەتیان بۆبکات بەلاّم مردنی لەناکاو دەرفەتی نەدابێ[118] یا لەبەر هۆیەکی تایبەتی نەتوانی وەسیەتیان بۆ بکات.

بناغەو سەرچاوەی ئەویاسایە:

بناغەی ئەویاسایە دەگەڕێتەوە بۆمەزەبی زاهیری،بەگێرەی ئەوە کە ئیبن حەزم دەلّێ: (( فەرزە لەسەر هەمو موسولمانێك وەسیەت بکات بۆئەوخزمانەی بێبەش دەبن لەمیرات ... ئەگەرنەیکات دەبێ هەر بیاندرێتێ [119])) ئەویش پشت دەبەستی بەوبەلّگانەی خوارەوە:

١- خواد دەفەرموێ (نوسراوە لەسەرتان هەر کاتێك مەرگ بەسەر یەکێکتانی دادا گەر مالّی هەبێ وەسیەت بکات بۆ باوك ودایك ونیزیکەکانی خۆی بە جۆرێکی باش وشیاو، ئەوەش مافێکی پێویسستە لەسەر کەسانێکی لەخوا ترس) سورەتی بەقەڕە، ئایەتی:١٨٠ واتە بە گێرەی ئەو ئایەتە وەسیەت پێویستە بۆ دایك و باوك وخزمە نیزیکەکان، بەلاّم باوك ودایك وخزمە میراتگرەکان دەرچون بە فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ): (وەسیەت بۆ میراتگر نیە) بەلاّم ئەوانەی بێ بەش دەبن لە میرات هەروەکو خۆی پێویستە وەسیەتیان بۆ بکرێ.

٢- ئەبو قەتادە وئیسحاق وئەبو سلیمان دەلّێن: وەسیەتی پێویست بۆ ئەو خزمانە ماوە کە بێ بەشن لە میرات.

٣- لە تاوس وعبدالملکی کوڕی یەعلا دەگێڕنەوە کە فەرموویانە: کەسێك وەسیەت بکات بۆ بیانی وخزمەکانی لە وەسیەت بێ بەشبکات، وەسیەتەکە لە بیانیەکان دەستێندرێتەوە ودەدرێ بە خزمەکانی. هەروەها لە حەسەنی بەسڕی و سعیدی کوڕی مسیەب وجابری کوڕی عبدالله دەگێڕنەوە کە فەرموویانە: لەو حالّەتە دوو بەشی وەسیەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ خزمەکانی و بەشێك دەچیت بۆ وەسیەت بۆکراوە بیانیەکان.

٤- هەروەها ڕێسایەکی فیقهی دەلّێ: سەرۆك بۆی هیە شتی موباح پێویستبکات یا قەدەغەی بکات بەگێرەی بەرژەوەندی گشتی، وهەر کاتێك فەرمانی دەرکرد بەوجۆرە پێویستە خەلّکەکە لە فەرمانی دەرنەچن، لەو مەسەلەش فەرمانی دەرکردووە بە وەسیەتی پێویست، کەواتە خەلّکەکە لەسەری پێویستە کار بەو یاسایە بکەن[120].

## چەند نمونەیێك لەوەسیەتی پێویست

نمونەی یەکەم:یەکێ مرد لەپاشی بەجێما:کورەك ،کچەك ، کوری کچ

بنەچەی مەسەلەکە لە:٤ بەشەکان: ٢ ١ ١

لێرە کوری کچ بەشی دایکی وەردەگری،چونکە کەمترە لە سێیەك.

نمونەی دووەم:ژنێ مردلەپاشی بەجێما:کورەك ، کورێکی کور .

بنەچەی مەسەلەکە لە:٣ بەشەکان ٢ ١

لێرە کوریکور سێیەك وەردەگرێت،نەك بەشی باوکی،چونکە بەشی باوکی پترە لەسێیەك .

نمونەی سێیەم:یەکێ مرد لەپاشی بەجێما:کورێك، کچێك، کوریکور.

بنەچەی مەسەلە لە: ٣ لە: ٩ دەردەچی بەشەکان ٤ ٢ ٣

لێرەش کوری کور سێیەك وەردەگرێ لەبەر هەمان هۆ.

نمونەی چارەم:یەکێ مرد لەپاشی بەجێما: کورەك، کوریکور، کوریکچ.

بنەچەی مەسەلەکە لە: ٣ لە: ٩ دەردەچی ٦ ٢ ١

لێرە بەشی باوك ودایکیان نادرێتێ،چونکە نابێ بەشیان لەسێیەك پتربێ بەهەردووکیان ،چونکە وەسیەتە .

باسی چارەم:قەرابەستانەی وەسیەتبۆکراوان:

قەرابەستانەی وەسیەت دروست دەبێ هەر کاتێ بەشی وەسیەتبۆکراوان پتر بێ لەسێیەکی میرات،لەوکاتە ئەگەر میراتگر رازی بن هەموی جێبەجێ بکرێ ئەوەقەرابەستانی دروست نابێ، بەلام ئەگەر رازی نەبون ئەوە دروست دەبێ، ئینجا ئەگەر دروست بو چون مالەکە بەسەریاندا دابەش دەکرێ؟

لێرەدا تەماشای هێزی وەسیەتەکان دەکرێ کامیان بەهێزترە ئەویان پێش دەخرێ بەوجۆرەی خوارەوە:

١-وەسیەتی پێویست بەگێرەی ماددەی(٧٤)ی یاسای خێزان پێش هەمو وەسیەتێك جێبەجێ دەکرێ،چونکە برگەی(٢)لەهەمان ماددە دەلێ:( وەسیەتی پێویست پێش دخرێ لەسەر هەمو وەسیەتەکانیتر لەجێبەجێکردندا لەسێیەکیمیرات) کەواتە ئەگەر هەموسێیەکەی گرتەوە پاش جێبەجێکردنی، ئەوە وەسیەتەکانیتر پوچەل دەبنەوە،چونکە هیچ نەمابۆئەوانەی تر،وەکوئەونمونەیە:

یەکێ مرد و لەپاشی بەجێما:کورێك ، کورێکیکور ، وەسیەتیشی کردبو بۆئامۆزای بەچاریەکیمالەکەی .

بنەچەیمەسەلەکە لە: ٣ ٢ ١

لێرە کوری کور هەموو سێیەکە دەبات، چونکە کەمترە لەبەشی باوکی.

بەلام ئەگەر کەمتربو لەسێیەك ئەوە پاشماوەکەدەچیت بۆوەسیەتبۆکراوەکانیتر،وەکو ئەو نمونەیە:

یەکێمرد و لەپاشی بەجێما: ٣کور ، کورپکیکور ، وەسیەتیشیکردبو بۆئامۆزای بەچاریەکی مالەکەی .

بنەچەی مەسەلە لە:٣ رێکدەکەوی لە: ٩ ٦ ٢ ١

مایەوە، لێرە بەشی باوکی وەرئەگرێ، چونکە کەمترە.

ئەگەر وەسیەتی پێویست نەبو، بەلکو هەمویان جۆرەکانیتر بوون، لەو کاتە یاوەسیەتکان هەمویان مافی خوان یا هەمویان بۆ ئادمیزادن یا تێکەلاون، ئینجا ئەوکات، تەماشا دەکەین ئەگەر هەمویان بۆخوابن، وەکو ئەوە هەمویان واجباتبن، وەکو ئەوە بلێ: وەسیەتم کرد سێیەکی مال بدەن بەو زەکاتانەی لەسەرم ماوە، وەسێیەکێکی تر بدەن بەو سەرفترانەی لەسەرم ماوە، لەو کاتە یەك سێیەك بەسەر هەردووکیان دابەش دەکرێ، هەروها ئەگەر هەمویان سونەتبون.

بەلام ئەگەر هەند ێکیان واجببون وهەندێکیان سوننەتبون ئەوە واجبەکان پێش دخرێن.

بەلام ئەگەر هەمویان بۆئادەمیزادبون ئەوە بەخشینی کاتی نەخۆشی پێش وەسیەتەکانیتر جێبەجێ دەکرێ[١٢١]،چونکە زوتر بووە بەمولکی پێبەخشراو.

بەلام ئەگەر هەمویان وەسیەت بون ووەکو یەکتربون لەهێز، وەکوئەوە بلێ: وەسیەتمکرد بۆسلیمان بەسێیەکی مال و بۆخالید بەچاریەکی مال وبۆبەکر بەشەشیەکیمال،ومیراتگریش ئیزنیان نەدا بەپتر لەسێیەك،چۆن ئەوسێیەکەیان بەسەردابەش بکەین؟

لێرە دوو بۆچون هەیە: یەکەم دەلێ:بەشی هەمویان کەم دەکەینەوە هەریەکە بەگێرەی خۆی،ئەوەبۆچونی زۆریەی زانایانە[١٢٢].

دووەم دەلێ:کامیانی لەپێشەوە گۆتیە ئەویان پێشتر جێبەجێ د ەکرێ ئەگەر هیچ نەما ئەوەئەوانەیتر پۆچەل دەبنەوە،بەلام

ئەگەرشتێ ماوە بۆئەوەیەکە ریزی لەدوی ئەوە،بەوەجۆرە تاسێیەکەکە کۆتاییدێ،ئەوەبۆچونی زاهیریەکان وئیمامیەکانە[١٢٣].

## باسی پێنجەم:حوکم و لێکدانەوە هەندێ ووشەیە کە بەزۆری لە وەسیەتکردن بەکاردێن

١- ئەگەر بلّێ:وەسیەت مکرد بۆفلانکەس بەوەك بەشی کوڕم،بەشی کوڕێکی دەکەوی زۆربن یاکەمبن یانی ئەگەر دووکوڕی هەبێ وەسیەتبۆکراو بەسێهەم دائەندرێ،بەلأم ئەگەر هیچ کوڕی نەبێ وەسیەتەکە پوچەلّ دەبیتەوە.

بەلأم ئەگەر بلّێ: وەك بەشی کوڕم، ئەوە بەشی کوڕێکی دەکەوی ئەگەر کوڕیشی‌نەبی،چونکە وەکو ئەوە یە کەبلّێ:بەبەشی کوڕێك ئەگەر کوڕم هەبایە[١٢٤].

٢- ئەگەر بلّێ:وەسیەتم بۆفلانکەس کرد بەبەشی کوڕم ، ئەوە دوو بۆچون هەبە: یەکەم دەلّێ: دروست نیە،ئەوە بۆچونی حەنەفیەکان وشافیعیەکانە، چونکە بەشی کوڕ هەربۆخۆیتی ونادرێ بەکەسی تر، دووەم دەلّێ: دروستە، ئەوە بۆچونی مالیکیەکان وزوفەرە لە حەنەفیە کان، چونکە هەروەکو ئەوەیە کەبلّێ: وەسیەتم کرد بەوەك بەشی کوڕم[١٢٥].

٣- ئەگەر بلّێ:وەسیەتم بۆکردی بە وەك بەشی کچێکم،ئەوە ئەگەر کچێکی لەپاش بەجیبمینێ وەسیەتە بەسێیەك وەئەگەر دووکچی لەپاش بەجیبمینی ئەوە وەسیەتە بەچاریەك،چونکە لەگەلّ کچێ دەبێی بەدووکچ بەشی دوکچانیش دووسێیەکە،کەواتە سەهمێکی ئەدەینێ سێ سەهەم لەگەلّ دووکچ لەچار سەهم سەهمێکی ئەدەینێ ،چونکە بەشیان دووسێیەکە[١٢٦].

٤- ئەگەر بلّێ:وەسیەتم بۆکردی بەوەك بەشی کورێکم،وەسێ کوڕوسێ کچی هەبو،ئەوە دوو بۆچون هەیە: یەکەم دەلّێ:میراتەکە بەش دەکرێ بەسەر چار کوڕوسێ‌کچ،بەشی کوڕێك وەردەگری، دووەم: بۆچونی هەندێ لە مالیکیەکان دەلّێن: بەشی نیو کوڕ و نیو کچی دەدرێتێ[١٢٧].

٥-ئەگەر بلّێ:وەسیەتم بۆکردی بەوەك بەشی میراتگرێك،ئەوەدوو بۆچون هەیە:یەکەم دەلّێ:وەك بەشی کەمترین میراتگری ئەدرێتێ ئەوە بەلای زۆربەی زانایانە،وەکو ئەونمونەیە:

ژنێك مرد لەپاشی بەجێما: مێرد ، دایك ، دووخوشکی دایك وباوکی ، وەسیەتبۆکراو بەبەشی میراتگرێك .

بنەچەی‌مەسەلەکە لە:٦ دەکرێ بە: ٩ ٣ ١ ٤ ١

چونکە کەمترین بەش بەشی دایکە ئەویش یەکە، کەواتە یەکی ئەدرێ بە وەسیەتبۆکراو.

دووەم: بۆچونی مالیکیەکانەو دەلّێن:بەشی یەکێکە لەژمارەی سەرەکان،کەواتە لەومەسەلەیە پێنجێکی میرات وەردەگرێ[١٢٨].

٦- ئەگەر بلّێ:وەسیەتم کرد بەسەهمێك لەمالی خۆم،ئەوە چار بۆچون هەیە: ١- شافیعیەکان دەلّێن:میراتگرشتێکی دەدەنی بەکەیفی خۆیان زۆریاکەم، ٢- حەنەفیەکان دەلّێن:بەشی کەمترین میراتگری دەکەوی بەومەرجەی لەشەشێك پترنەبێ بەلای ئیمامی حەنەفی و، لە سێیەك پترنەبێ بەلای موحەممەد ئەبو یوسف، ٣- حەنبەلیەکان دەلّێن:شەشێەکی دەدرێتێ، ٤- مالیکیەکان دەلّێن:سەهمێکی هەیە لەبنەچەی‌مەسەلە پاش عەول ئەگەر مەسەلەی عەولی تێدابی[١٢٩]

٧- ئەگەر وەسیەتی‌کرد بۆمندالّی کوڕی،ئەوە کوڕوکچەکانی دەگرێتەوە،بەلأم مندالّی ئەوان ناگرێتەوە.بەلأم ئەگەر کوڕەکەی مندالّی نەمابون لەژیان ومندالّیان هەبو لەوحالەتە مندالّی مندالّی کوڕی دەگرێتەوە،چونکە مندالّ راستەوخۆ (حقيقت) بەو کەسانە دەگۆترێ کە لەو کەسە بوینە، بەلأم لابەلا (مجاز) مندالّی مندالیش دەگرێتەوە، بۆیێ ئەگەر مانا راستەوخۆیەکە دەستکەوت بەمانا لابەلایەکە بەکاری ناهێنین، بەلأم ئەگەر مانا راستەوخۆیەکەمان دەستنەکەوت بەمانا لابەلایەکە بەکاریدێنین،بۆئەوەقسەکە بەلاش نەچی[١٣٠].

باسی شەشەم:کەی وەسیەت پێکراو دەبێت بەمالّی وەسیەتبۆکراو،وچۆنیەتی جێبەجێ‌کردنی وەسیەت:

١-وەسیەتپێکراو دبیتە مالّی وەسیەتبۆکراو بەمردنی وەسیەتکار، ئەگەر وەسیەتبۆکراوشایانی ئەوەنەبوبەحەقیقەت ببێت بەخاوەن مالّ،بەلکو تەنها شایانی ئەوەبێ بەحوکمی ببێتەخاوەن مالّ، وەکوئەوە کەلایەنێکی‌چاکەخوازی‌بێ وەکو: مزگەوت وپرد ونەخۆشخانە، یاکۆمەلّەکەسێکی نیشانکراو بەوەسف(وەسەفداربن) وەکو:هەژار وقوتابی،چونکە خاوەنێتی ئەوانە حوکمیە،و خاوەنێتی حوکمیش پێویست بەقەبول کردن ناکات[١٣١].

## بەلاّم ئەگەر مرۆڤێكی دەستنیشان كراوبو بەتایبەتی، ئەوە دوو بۆچون هەیە

یەكەمیان دەلّێ:لێرەش وەكو ئەوانەی پێشتر بەمردنی وەسیەتكار دەبێت بەخاوەن مال وپێویست بەقەبول ناكات،ئەوە بۆچونی زوفەرە[١٣٢]. دووەمیان دەلّێ:خاوەنیەتی لەسەرقەبول كردنی خۆی یا وەلیەكەی رادەوەستی، وهەركاتێ قەبولكرد دەبی بەخاوەنی شتەكە.

بەلاّم كەی دەبی بەخاوەنی؟ لێرەش دوو بۆچون هەیە: ١- لەكاتی مردنی وەسیەتكار، ئەوە بۆچونی زۆربەی زانایانە،چونكە قەبول كردن خاوەنیەتی دروست ناكات ، بەلّكو تەنها ئاشكرا كەرە بۆ ئەوخاوەنیتیەی كەبەمردن دروستبووە، وەكو ئیجازەدانی ئەوكڕین وفرۆشتنەی كە مەرجی تێدابی[١٣٣]. ٢- دەلّێ: لەكاتی قەبول دەبی بەخاوەن،چونكە هەرخاوەناتیێك پێویستی بەقەبول هەبی پێش قەبول ناكەوی،ئەوە بۆچونی پەسندی حەنبەلیەكانە وقسەیێكی بێ هێزە لای شافیعیەكان ومالیكیەكان وئیمامیەكان[١٣٤].

٢- وەسیەت جێبەجێ دەكرێ لەوسێیەكەی دە مینێتەوە پاش خەرجی كفن شاردنەوە ودانەوەی قەرز،نەك لەسێیەكی هەمو میرات،ئینجا ئەگەر ئەووسێیەكە بەشی هەمو وەسیەتەكانی كرد ئەوە باشە،بەلاّم ئەگەر بەشی نەكرد بەلكو پێویستی بەپترەبو ئەوە لەسەر ویست وئارەزوی میراتگران رادەوەستی ئەگەر رازی بن هەموی جێبەجێ بكرێ ئەوە هەموی وەكوخۆی جێبەجێ دەكرێ،بەلاّم ئەگەر رازی نەبن ئەوە لەسێیەكە تێناپەڕی و بەگێرەی قەراپەستانە وەسیەت جێبەجێ دەكرێت،مەگەر ئەو شتانەی وەسیەتیان پیكراوە مالّ نەبن وەكو ئەوە وەسیەت بەهەموسەگەكانی بكات ئەوە جێبەجێ دەكرێ ئەگەر لەسێیەكی مالّیش پتربێ بەلای شافیعیەكان[١٣٥].

٣-چونیەتی لێكدانەوەی شتەكە لەسێیەكی مالّ؟

ئەگەر وەسیەت بكات بە عەلبە گەنمەك یا بیست مەڕ یا خانوێك،ئەوە لەسێیەكی مایەوە دەخەملێندرێ پاش قەرزدرانەوە،ئەگەر وەسیەتی كرد بەسێیەكی مەڕەگانی بەلاّم تاكاتی مردن نیوەیان مردن،ئەوە دوو بۆچون هەیە:

یەكەمیان دەلّێ:سێیەكی مەڕەكانی مایەوەی دەكەوی، ئەوە بۆچونی مالیكیەكان وزوفەر وسەوریە.

دووەمیان دەلّێ: هەموی دەدرێتێ بەومەرجەی لەسێیەكی هەمومالّەكە پترنەبی،ئەوە بۆچونی زۆربەی زانایانە[١٣٦].

ئەگەر وەسیەتی بەسێیەكی خانوێك كرد پاشان نیوەی خانوەكەخراپ بو لێرەش دوو بۆچون هەیە:یەكەمیان دەلّێ: سێیەكی مایەوەی دەدرێتێ، ئەوە بۆچونی مالیكیەكان وحەنەفیەكانە وریگایەكی لاوازە لای شافیعیەكان[١٣٧]،بۆچونی دووەم دەلّێ: سێیەكی هەمووی دەدرێتێ بەومەرجەی لەسێیەكی هەمو مالّەكە پترنەبێ،ئەوە بۆچونی پەسندی شافیعیەكان وحەنبەلیەكانە[١٣٨].

٤- ئەگەر وەسیەتی كرد بەسێیەكی مالّی،وهەندێ خۆی دەیزانی بەلاّم هەندێ مالّی تری هەبو نەیدەزانی، ئایە سێیەكی هەمو مالّەكەی دەگرێتەوە؟ لێرە دوو بۆچون هەیە: ١- مالیكیەكان دەلّێن:تەنها ئەوەدەگرێتەوە كە دەیزانی،چونكە لای ئەوان مەرجە وەسیەتكار بزانی وەسیەت بەچی دەكات، ٢- بەلاّم شافیعیەكان دەلّێن: هەمو مالّەكە دەگرێتەوە،چونكە گێ بەو مەرجە نادەن[١٣٩].

٥- چۆنیەتی نرخاندنی سود لە سێیەكی میرات؟ لێرە دوو یۆچون هەیە:

یەكەمیان دەلّێ:ئەوشتەی وەسیەت بەسودی كراوە دەنرخێنین ئینجا نرخەكەی بەراوورد دەكەین لەگەلّ هەمو مالّەكە بۆئەوە بزانین سێیەك دەردەچی یاپتر،ئەوە بۆچونی حەنەفیەكانە[١٤٠].

دووەمیان:جیاوازی دەكات لە نێوان وەسیەت بەسودی هەتاهەتای و لە نێوان وەسیەت بەسود بۆكاتێكی دیاریكراو،ئەگەر بۆ هەتاهەتایی‌بێ دوو قسەیان هەیە:قسەی یەكەمیان دەلّێ:شتەكە دەنرخێندرێ،ئەوە بۆچونی پەسندی شافیعیەكانە،قسەی دووەم دەلّێ: شتەكە جارێك دەنرخێندرێ بەسودەوە وجارێكی‌تر دەنرخێندرێ بەبێ سود، ئینجا نێوانیان چەندبوو ئەوە بەراوورد دەكرێ لەگەلّ میرات،ئەوە بۆچونی ئیمامی غەزالیە.

بەلام ئەگەر وەسیەت بەسودی كاتی بو، وەكو سالی یا دووسال، یانی هەتاهەتایی نەبو،ئەوەچەند ریگایەكیان داناوە

١- هەندی دەلین:وەكو ئەوەیە كە هەتاهەتاییی.

٢- هەندی دەلین:كریی ئەوماوەیە دەنرخیندری وبەراوورد دەكری لەگەل میرات.

٣- هەندیدەلین:شتەكە جاری دەنرخیندری بەگشتی وجاری تر دەنرخیندری بەبیسود، ئینجا نیوانیان چەند بوو بەراوورد دەكری لەگەل میرات، ئەوەیان پەسندترە لەهەمویان لای ئیمامی نەوەوی، ئەو دوو قسەیە ئەوە بۆچونی شافیعیەكان وحەنبەلیەكان وئیمامیەكانە[١٤١].

٦- ئەگەر لەكاتی جیبەجیكردنی وەسیەت میراتەكە هەندیكی لەبەردەست بووهەندیكیتریشی دووربو،چۆن جیبەجیدەكری؟ ئەگەر وەسیەتپی كراو لەسییەكی بەردەست پتر نەبو، ئەوە هەموی جیبەجی دەكری،بەلام ئەگەر لەسییەكی بەردەست پتربو، ئەوە بەقەدەر سییەكی بەردەستی دەدریتی ،وپاشان هەركاتی شتی لە مالە دوورەكە هاتە بەردەست، سییەكی دەدەنی ،بەوجۆرە تاهەموی وەردەگری، چونكە لەوانەیە ئەوەی دوورەكە لەناوبچی ونەگاتەدەست[١٤٢].

## كۆتایی

وەسیەت كۆتایی دی بەچەند شتی:

یەكەم: بەپەشیمان بونەوە:

وەسیتكار دەتوانی لەوەسیەت پەشیمان بیتەوە لەهەموی یالەهەندیكی، پەشیمان بونەوەش هەم بەقسە دەبی و هەم بەكردەوە دەبی:

### پەشیمان بونەوەی بەقسە

پەشیمان بونەوەی بەقسە،وەكوئەوەی بلی:لەوەسیەتەكە پەشیمان بومەوە یا پووچەلەم كردەوە یارەشم كردەوە،بەلام ئەگەر لییان پرسی وەسیەتت كردیە؟ لە وەلامدا گوتی: نەمكردووە، بەپەشیمان بوونەوە دادەندری لای هەندی زانایان، بەلام بۆچونی بەهیز ئەوەیە كەبەپەشیمان بونەوە داناندری[١٤٣].

ئەگەر لەپاش وەسیەتكردن گوتی:من مافی پەشیمانبونەوەم نیە لەو وەسیتە،ئایە مافی پەشیمان بونەوەی دەمینی یان نا؟ لیرە دوو بۆچون هەیە:بۆچونی زۆربەی زانایان ئەوەیە، كە مافی پەشیمان بونەوەی لیی ناستیندریتەوە بەوقسەیە، چونكە وەسیەت ناچەسپی تامردن، بۆیی تالەژیان مابی دەتوانی پەشیمان بیتەوە. بۆچونی دووەم: هەندی لەمالیكیەكان دەلین: ناتوانی پەشیمان بیتەوە، چونكە موسولمان دەبی مەرجی خۆی نەشكینی ئەویش بەوقسەیە مەرجی لەسەرخۆی كرد كەپەشیمان نە بیتەوە[١٤٤].

### پەشیمان بونەوەی بەكردەوە

١- ئەگەر وەسیەتپیكراو شتیكی تایبەتمەندبو، وەسیەتكار فرۆشتی، یا فەوتاندی، ئەوە وەسیەتەكە پوچەل دەبیتەوە،ئەگەر هەندیكی فرۆشت، ئەوە لەوبەشەی وەسیەتەكە پوچەل دەبیتەوە[١٤٥].

٢- ئەگەر ئەونامەیەی بدرینی كەوەسیەتەكەی تیدانوسیوە،ئەوە پەشیمان بونەوەیە لای مالیكیەكان[١٤٦].

٣- ئەگەر وەسیەتی كرد بەخانوی پاشان تیكی دا،ئەوە پەشیمان بونەوەیە لای شافیعیەكان،بەلام بەپەشیمان بونەوە داناندری لای حەنەفیەكان ومالیكیەكان،بەلام ئەگەر بەخۆی تیكچو، ئەوە وەسیەتەكە لەداروبارەكە پوچەل دەبیتەوە، بەلام لەعەرزەكە دەمینی بەلای زۆربەی زانایان،بەلام حەنبەلیەكان دەلین: لە عەرزەكەش پوچەل دەبیتەوە، چونكە پی ناگوتری خانو[١٤٧].

٤- شافیعیەكان دەلین:هەركردەوەییكی وەسیەتكار هەستی وازهینانی لەوەسیەت لیی دەكرا بەهەستیكیبەهیز، ئەوە بەپەشیمان بونەوە دائەندری جا ببیتە هۆی گورانی ناوی شتەكە یا نەبیتی[١٤٨]،كەواتە ئەگەر كردی بەبارمتەی قەرز(رهن) ئەوەپەشیمان بونەوەیە بەگیرەی پەسندترین بۆچونی شافیعیەكان،بەلام هەندی دەلین:نابیتە پەشیمان بونەوە[١].

٥- دانانی بۆفرۆشتن پەشیمان بونەوەیە بەلای زۆربەی زانایان، بەلام هەندی لە مالیكیەكان دەلین: بەپەشیمان بونەوە داناندری تانەی فرۆشی[١٤٩].

---

٦-هەركردەوەیێكی وەسیەتكار ببێتە هۆی گۆڕانی ناوی وەسیەتپێكراو، بەپەشیمان بونەوەدادەندرێ،وەكو ئەوە گەنمیێ وبیكات بەئارد یا بیچینێ، یا خوریبێ بیكا بەڕیس، یاپەموبێ و بی ڕێسی، یا قوماشبێ بیكات بەكراس، یا داربێ بیكات بەدەرگا.

ئەگەر وەسیەتی كرد بەتەنەكەیێ گەنمی تایبەتی پاشان تێكەلاوی كرد بەگەنمیكیتر، ئەگەر گەنمەكەیتر باشتربو، ئەوە پەشیمان بونەوەیە، بەلأم ئەگەرخراپتربو، ئەوە پەشیمان بونەوە نیە[١٥٠].

٧- ئەگەر وەسیەتی كرد بەپیستە پاشان غاراندی یا بەهێلكە پاشان لەبن مرێشك دایناوە یا وەسیەتیكرد بەعەرزەییێك پاشان خانوی لەسەركرد یا داری لێی چاند، ئەوە پەشیمان بونەوە یە بەلای زۆربەی زانایان،بەلأم مالیكیەكان بەپەشیمان بونەوەی دانانێن[١٥١].

٨- جاك كردنەوەی خانو بەپەشیمان بونەوە داناندرێ ،هەرمەگەر بەجۆرێكی واچای بكاتەوە ناوەكەی بگۆڕێ یانی بیكات بەخان یادوكان ئەوكاتە دەبێتە پەشیمان بونەوە بەلای شافیعیەكان،بەلأم حەنەفیەكان دەلێن:بەپەشیمان بونەوە دادەندرێ،چونكە زیادەی دێتەسەری لەمالی وەسیەتكار،وەئەوانیش دەلێن:هەر كردەوەیەك ببێتە هۆی زیادبونی وەسیەتپێكراو بەزیادەییكی واكە نەدەتواندرا تەسلیم بكرێ بەبێ ئەو زیادەیە، وەسیەت پووچەلْ دەكاتەوە[١٥٢].

٩- ئەگەر یەكی وەسیەت بكات بەشتێك بۆهێمن پاشان وەسیەتبكات بەهەمان شت بۆسلیمان، ئایا ئەوە پەشیمان بونەوەیە لە وەسیەتەكەی بۆهێمن؟ لێرە سێبۆچون هەیە:

یەكەم دەلێ:بەپەشیمان بونەوە داناندرێ تابەلگە دەستنەكەوی لەسەرئەوە كەمرازیپەشیمان بونەوە بووە،چونكە لەوانەیە مرازی بەشداربوونی هەردووكیان بێ لەوشتە،كەواتە هەردووك بەشدار دەبن لەشتەكە،ئەوە بۆچونی حەنەفیەكان ومالیكیەكان وشافیعیەكانە[١٥٣] . بۆچونی دووەم دەلێ:پەشیمان بونەوەیە لەوەسیەتی یەكەم،ئەوە بۆچونی عەتا وتاووسە.

بۆچونی سێیەم دەلێ:وەسیەتی دووەم دانامەزرێ ،بەلكو شتەكە هەموی بۆ وەسیەتبۆكراوی یەكەمە،ئەوە بۆچونی زاهیریەكانە[١٥٤].

### دووەم:مردنی وەسیەتبۆكراو پێش مردنی وەسیەتكار

وەسیەت پوچەلْ دەبێتەوە بە مردنی وەسیەتبۆكراو پێش وەسیەتكار،چونكە پێش چەسپانی مافەكەمرد،لێرە قسەیێلە حەسەنی بەسری دەگێڕنەوە كە فەرموێتی: پوچەلْ نابێتەوە، بەلأم بۆچونێكی زۆرلاوازە، چونكە بەمردن مرۆڤ زیممەی دەفەوتێ وشایانی ئەوەنابێ ببێتە خاوەنی ماف، وەسیەتپێ كراویش مافە[١٥٥].

سێیەم:نەویستن:

ئەگەر وەسیەتبۆكراو مرۆڤێكی گەورەو هۆشمەندبێ یانی شیاوێتی بەخشینی هەبێ، ئەگەرپاش مردنی وەسیەتكار بلێ: وەسیەتەكەم ناوێ،پوچەلْ دەبێتەوە،چونكە كەس ناكرێ بەخاوەن مافْ بەبێی رەزامەندی خۆی، تەنها لەمیرات نەبێی.

### چارەم: تەواوبونیكات

لە وەسیەت بەسورد بۆ كاتێكی دیاركراو، واتە: ئەگەر كەسێ وەسیەتی كرد بۆ یەكی تر كەسالێ لەخانوەكەی دابنیشێ، كە سالەكە تەواوبو، وەسیەتەكەش تەوادەبێ.

### پێنجەم: فەوتانی وەسیەت پێكراو

ئەگەرپاش مردن دەركەوت كە مالی وەسیەتكار هەموی مالی خەلكیە هیچی هیێ خۆینیە، یاقەرزارە بەقەدەر هەموماڵەكەی، یاهەمو ماڵەكەی فەوتا، وەسیەتەكە پوچەلْ دەبێتەوە ،چونكە جێبەجێ ناكرێ، ئەگەر بەشێكی فەوتا، ئەوە لەو بەشە پووچەلْدەبێتەوە.

### شەشەم

مردنی وەسیەتبۆكراو لەوەسیەت بەسودی هەتا هەتایێ لای حەنەفیەكان، بەلأم لای زۆربەی زانایان وەسیەتەكە پوچەلْ نابێتەوە، هەروەكو رابورد لەباسی وەسیەت بەسود، بەلأم ئەگەر وەسیەتەكە بۆ ماوەی ژیانی وەسیەتبۆكراو بوو، ئەوە بە مردنی تەواو دەبی.

هەشتەم:شێت بونی وەسیەتكار:

## حەفتەم: كوشتنی وەسیەتكار

ئەگەر وەسیەتبۆكراو وەسیەتكار بكوژێ، وەسیەتەكە پوچەڵ دەبێتەوە، ئەو مەسەلەیە كێشەی تێداهەیە هەروەكو رابورد لەباسی مەرجەكانی وەسیەتبۆكراو.

## هەشتەم: شێت بونی وەسیت كار

ئەگەروەسیەتكار شیاوێتی خۆی لەدەستدا پاش وەسیەتكردن، وەكو ئەوە: شێتبێ،وەسیەتەكە پوچەڵ دەبێتەوە لای حەنەفیەكان[١٥٦]، بەلاّم بەبۆچونی زۆربەی زانایان وەسیەتی پێی پوچەڵ نابێتەوە.

یاسای خێزانی عیراقی لەمادده(٧٢)هەروا یاسای وەسیەتی میسری لەماددەی (١٤) بە بۆچونی حەنەفیان وەرگرتووە، بەومەرجەی شێتیەكە تامردنی بەردەوامبێ.

## دەرەنجامەكانی ئەو باسە

پاش كۆتایی توێژینەوە گەیشتم بەو خالاّنەی خوارەوە:

١. ئەو ڕایەم بەلاوە پەسندە كە دەلّێت: وەسیەت بەلّێنێكی سادەیە تا وەسیەتكار لە ژیاندا بی ، بەلاّم پاش مردنی دەبیتە بەلّێنێكی چەسپاو ، میراتگر ناتوانن هەلّیوەشێننەوە ، بەلاّم ئەو ڕایەی دەلّێ : گرێبەندە (عقد) ڕایەكی لاوازە.

٢. ئەو ڕایەم پەسند كردووە كە دەلّێ: وەسیەت بۆ مالاّت (حیوان) دروستە ، چونكە ئەو جۆرە وەسیەتە بۆ سەرف كردنە بۆ بەخێوكردنی ئەو مالاّتە ، ئەویش جیهەتێكی خەیریە ، وەسیەتیش بۆ جیهەتی خەیری مەرج نییە وەسیەتبۆكراو توانای قەبوول كردنی هەبی.

٣. ئەو ڕایەم پەسند كردووە كە دەلّێ: وەسیەتی موسولمان بۆ كافر و وەسیەتی كافر بۆ موسولمان دروستە ، بەو مەرجەی چەك نەبێ، وشتی پیرۆز نەبی،چونكە وەسیەت لە بەخشین و دیاری نێزیكترە نەك لە میرات ، وەهەروەها یارانی پێغەمبەر (د.ر) زۆر جار وەسیەتیان كردووە بۆ خزمە كافرەكانیان.

٤. ئەو ڕایەم پەسند كردووە كە دەلّێ : وەسیەتپێكراو مەرج نییە مالّ بێت ، بەلّكو مەرجە ماف بی ، بۆیە ئەو ڕایەم پەسند كردووە كە دەلّێت: دروستە كەسێك وەسیەت بە ئەندامێكی جەستەی خۆی بكات ، وەكو چاو یا گورچیلە پاش مردنی ، چونكە جەستەی مرۆڤ مالّ نییە ، بەلاّم مافی مرۆڤەكەیە ، وەسیەتیش بە ماف دروستە.

# پەراویز

١. هەزار ، هەنبانە بۆرینە ل٩٢٣.

٢. الشربيني ، مغني المحتاج٣/٣٩ ، والرملي ، نهاية المحتاج٥/٣٣

٣. الكاساني ،البدائع٧/٣٣٣ ،والبابرتي،العناية في هامش شرح فتح القدير٨/٤٦٢.

٤. الكمال بن الهمام،شرح فتح القدير٨/٤١٦ ،والعاملي،مفتاح الكرامة٩/٣٦٣.

٥. ابن قدامة،المغني٦/١٥٤.

٦. البهوتي،شرح منتهى الارادات٢/٥٥٥، والشربيني، المصدر السابق ٣/٤٤.

٧. الشربيني٣/٤٤-٤٥ ،والبهوتي٢/٥٥٥-٥٥٦.

٨. الشربيني٣/ ٤٥ ،والبهوتي٢/٥٥٦.

٩. الكاساني،البدائع٧/٣٣٠.

١٠. استاذنا الدكتور حسن الشاذلي،نظرية الشرط ص١٣٥.

١١. البابرتي،العناية في هامش فتح القدير٨/٤٣٥ .

١٢. ابن حزم،المحلى٩/٣٨١ف ١٧٤٩.

١٣. الكمال، شرح فتح القدير٨/٤٣١.

١٤. الشيرازي ،المهذب١/ ٤٥٦.

١٥. البيضاوي،الغاية القصوى٢/٧٠٩.

١٦. قال تعالى ( كتب عليكم اذا حضر أحدكم الموت إن ترك خيرا الوصية للوالدين والأقربين بالمعروف حقا على المتقين) البقرة:١٨٠.

١٧. البيجوري ،حاشيته على شرح ابن القاسم٢/٨٤ .

١٨. قال تعالى ( من بعد وصية يوصي بها او دين غير مضار) النساء : ١٢.

١٩. قال رسول الله (ص) ((ما حق امرئ مسلم له شئ يوصي فيه يبيت ليلتين إلا ووصيته مكتوبة عنده)) رواه الامام مالك في الموطأ، المنتقى شرح الموطأ ٦/١٤٥.

٢٠. الكاساني ، البدائع٧/٣٣٠.

٢١. الكاساني،البدائع٧/٣٣١-٣٣٢. والدردير،الشرح الكبير٤/٤٢٤.والقفال الشاشي،حلية العلماء٦/٧٥.وابن قدامة،المغني٦/٤٤٠-٤٤١.والشوكاني،السيل الجرار٤/٤٥٩.والشيخ علي الخفيف،مختصر أحكام المعاملات الشرعية ص٧٤.

٢٢. الرملي، النهاية٥/٥١-٥٢. وابن قدامة،المغني٦/٤٨٨ .والعاملي،مفتاح الكرامة٩/٣٦٥-٣٦٦و٣٧٩

٢٣. الرملي ٥/٥٢ . وابن قدامة ٦/٥٢٩ .والدردير ،الشرح الكبير ٤/٤٢٥

٢٤. الشبراملیسي، حاشيته على النهاية ٥/٥٣ . والعاملي ٩/٣٩٣ .

٢٥. الاستاذ الدكتور مصطفى الزلمي،الاحوال الشخصية / احكام الميراث و الوصية ص٢٢ هامش ١-٢

٢٦. یانی نرخی‌دیناری ئەو سالەی قانون داندرا کە دەکات سالی ١٩٥٩

٢٧. الدكتور مصطفى الزلمي ص٢١ هامش ٦

٢٨. الكناني، العقد النظم للحكام ٢/١٦٠. والدردير، الشرح الكبير ٤/٤٢٢. والبهوتي، شرح منتهى الارادات ٢/٥٣٨. ابن قدامة، المغني ٦/٥٢٧. والشربيني، مغني المحتاج ٣/٣٩. والعاملي، مفتاح الكرامة ٩/٣٨٨.

٢٩.الكاساني، البدائع ٣٣٤/٧. والبابرتي، العناية ٤٣٢/٨. والشيرازي، المهذب ٤٥٧/١. وابن حزم، المحلى ٤٠٣/٩ف١٧٦٢ .والشوكاني، السيل الجرار ٤٤٤/٤. والعاملي، مفتاح الكرامة ٣٨٨/٩.

٣٠.ابن قدامة،المغني ٥٢٧/٦.والامام مالك ،الموطأ في هامش المنتقى ١٥٤/٦

٣١.ابن قدامة ،المغني ٥٢٧/٦–٥٢٨.والشيرازي ،المهذب ٤٥٧/١.

٣٢.الرملي،نهاية المحتاج ٣٤/٥. والبابرتي المصدر السابق ٤٣٣/٨

٣٣.المرغيناني ، الهداية مع فتح القدير ٤٣٢/٨

٣٤.الباجي، المنتقى ١٥٤/٦–١٥٥ .والدردير،الشرح الكبير ٤٢٢/٤ .وابن قدامة،المغني ٥٢٨/٦ .والشيرازي،المهذب ٤٥٧/١ .وابن حزم ،المحلى ٤٠٥/٩ .والعاملي،مفتاح الكرامة ٣٩١/٩.

٣٥.الكاساني،البدائع ٣٣٥/٧

٣٦.المرغيناني، الهداية مع فتح القدير ٤٥٨/٨. والكاساني ٣٧١/٧. والزيلعي، تبيين الحقائق ١٩٤/٦. والبهوتي، المصدر السابق ٥٥٥/٢. والدردير، الشرح الكبير ٤٢٢/٣.

٣٧.النووي ،الروضة ١٩١/٥–١٩٢ .

٣٨.البلقيني،حاشيته على الروضة ١٩١/٥ هامش - ١ -

٣٩.المرغيناني،المصدر السابق ٤٥٤/٨ .والدسوقي،حاشيته على الشرح الكبير ٩٨/٤و٤٢٢ .والبهوتي ٥٥٥/٢

٤٠.النووي والبلقيني،المصدر السابق ١٩١/٥–١٩٢ مع هامش ١ .

٤١.الرملي ٣٤/٥.والمرغيناني ٤٣٢/٨.والشلبي ،حاشيته على تبيين الحقائق ١٨٥/٦.والبهوتي ٥٤٢/٢.والدردير ٤٢٢/٤.والعاملي ٣٩٢/٩.وقانون الوصية المصرية المادة (٣٨)

٤٢.النووي،المصدر السابق ١٧٢/٥.والبهوتي،المصدر السابق ٥٣٨/٢.

٤٣.السمر قندي،عيون المسائل ص٣٣٢ف١٦٤٨

٤٤.الرافيعي،فتح العزيز في هامش المجموع ٢٤٥/٢

٤٥.البيجوري،حاشيته على شرح ابن القاسم ٨٩/٢.

٤٦.الزركشي،خبايا الزوايا ص٣٣٣،نسألة ٣٦٠

٤٧. الدسوقي ،حاشيته على الشرح الكبير ٤٢٦/٤

٤٨.الرملي ٣٦/٥. وابن قدامة ٤٧٥/٦.والزيلعي١٨٦/٦.

٤٩.البابرتي، العناية في هامش فتح القدير ٤٣٤/٨.والكاساني ٣٣٦/٧.

٥٠.الدسوقي ،المصدر السابق ٤٢٣/٤. والنووي،الروضة ١٧٤/٥.

٥١.السمر قندي،عيون السائل ص٣٢٨.والنووي،الروضة ١٧٨/٥. والعاملي ٤٠٥/٩

٥٢.النووي ،الروضة ١٧٨/٥–١٧٩.والبهوتي ٥٥٣/٢.والرملي ٣٨/٥

٥٣.عليش،شرح منح الجليل ٦٤٤/٤.والقليوبي،حاشيته على شرح المنهاج ١٥١/٣.والبهوتي ،شرح منتهى الارادات ٥٥٠/٢

٥٤. الكاساني ٣٤٢/٧

٥٥.الكاساني ٣٣٧/٧.والبابرتي،المصدر السابق ٤٢٦/٨.وابن حزم ،المحلى ٣٨٦/٩.والدسوقي،المصدر السابق ٤٢٧/٤. والكناني ،المصدر السابق ١٦٠/٢

٥٦.الرملي ،٥/٤٠.وابن قدامة ٦/٤١٩ و الشوكاني ، السيل الجرار ٤/٤٦٩

٥٧.حديث (( لاتجوز وصية لوارث إلا أن يشاء الورثة)) رواه الدار قطني في سننه ٤/١٥٢.ونيل الاوطار ٦/٤٦.وفتح الباري ٥/٣٧٢.

٥٨. العاملي،مفتاح الكرامة ٩/٤٠٩.والشوكاني، السيل الجرار ٤/٤٦٧-٤٧١،ونيل الاوطار ٦/٤٧.

٥٩. ( لاينهاكم الله عن الذين لم يقاتلوكم في الدين ولم يخرجوكم من دياركم أن تبروهم وتقسطوا اليهم إن الله يحب المقسطين)سورة الممتحنة:. الاية : ٨.

٦٠.البابرتي،المصدر السابق ٨/٤٢٩.والكاساني،البدائع ٧/٣٤١.والدردير،الشرح الكبير ٤/٤٢٧.والعاملي،المصدر السابق ٩/٤٠٧ . والرملي ، النهاية ٥/٣٩-٤٠.وابن قدامة،المغني ٦/٥٣٠-٥٣١

٦١. ابن قدامة، المغني ٦/٥٣٠-٥٣١ .

٦٢. النووي، الروضة ٥/١٧٩. والرملي ٥/٣٩-٤٠. وابن قدامة ٦/٥٣١.

٦٣. المرغيناني، الهداية مع فتح القدير ٨/٤٢٤. والكاساني، البدائع ٧/٣٣٩. والنووي، الروضة ٥/١٨٠. وابن قدامة، المغني ٦/٥٤٠. والدردير، الشرح الكبير ٤/٤٢٦. والشوكاني، السيل الجرار ٤/٤٥٣. والعاملي، مفتاح الكرامة ٩/٤٢٤.

٦٤. النووي ٥/١٨٠.وابن قدامة ٦/٥٤٠.والشوكاني ٤/٤٥٣.والعاملي ٩/٤٢٤.والدردير ٤/٤٢٦.

٦٥. الدردير،والنووي،وابن قدامة،والعاملي، المصادر السابقة

٦٦.البهوتي،المصدر السابق ٢/٥٣٨.وعليش،شرح منح الجليل ٤/٦٤٤.والشربيني،مغني المحتاج ٣/٤٠.

٦٧.النووي ٥/١٩١.والرملي ٥/٤٢-٤٣.وابن قدامة ٦/٥٨٤.والعاملي ٩/٤٤١-٤٤٢

٦٨.الكاساني،البدائع ٧/٣٥٢.

٦٩. النووي ٥/١٨٩.والبهوتي ٢/٥٥٥.والعاملي ٩/٤٤١-٤٤٢.

٧٠.الكاساني ٧/٣٥٢.

٧١. الزركشي،المنثور في القواعد ٣/٢٣٤-٢٣٥

٧٢.بۆ زیاتر زانین بروانه باسەکەی من بەناوی حکم نقل وغرس الاعضاء البشرية في الفقه الاسلامى والقانون ص ٢٩-٣٠و٣٩-٤٣و٥٥.

٧٣. النووي ٥/١٨٩. والبيجوري، المصدر السابق ١/٨٥.

٧٤. ابن حزم ،المحلى ٩/٣٨٧ف١٧٥٣.والشوكاني،نيل الاوطار ٦/٤٧.

٧٥. البابرتي، المصدر السابق ٨/٤٢٠-٤٢١. والدسوقي، المصدر السابق ٤/٤٢٧. والرملي، النهاية ٥/٤٤. وابن قدامة، المغني ٦/٤٢٧. والشوكاني، نيل الاوطار ٦/٤٧والسيل الجرار ٤/٤٤٥-٤٤٧. والعاملي، المصدر السابق ٩/٤٤٢.

٧٦. الدسوقي،المصدر السابق ٤/٤٢٧.والرملي ٥/٤٤.وابن قدامة ٦/٤٢٧.

٧٧. الدسوقي،المصدر السابق ٤/٤٢٧.والنووي،الروضة ٥/١٨٣.وابن قدامة ٦/٤٢٩.

٧٨. البابرتي،المصدر السابق ٨/٤٢٤.والرملي ٥/٤٤.وابن قدامة ٦/٤٢٧.وابن السلموني،المصدر السابق ٢/١٦٠.

٧٩.البابرتي،المصدر السابق ٨/٤٢٤.ونووي ٥/١٨٣.وابن قدامة ٦/٤٢٩.

٨٠. البابرتي،المصدر السابق ٨/٤٢١.وابن قدامة ٦/٤٢٨.

٨١. العاملي،مفتاح الكرامة ٩/٤٥٢.

٨٢. ابن السلموني،المصدر السابق ٢/١٦٠.

٨٣. المرغيناني،الهداية مع فتح القدير ٨/٤٢٨.

٨٤. السيد الشريف،شرح السراجية،تحقيق محمد محى الدين ص١٦.والبهوتي،الروض المربع ص٣٤٦-٣٤٧.وابن قدامة ٥٣٥/٦ .والنووي ١٨١/٥.

٨٥. الدسوقي،المصدر السابق ٤٥٨/٤.والنووي ١٨١/٥.والقفال الشاشي،حلية العلماء ٦٩/٦.

٨٦. النووي،الروضة ١٩١/٥-١٩٢

٨٧. ابن قدامة، المغني ٥٨٧/٦.

٨٨. ابن حزم ،المحلى ٣٩١/٩ف١٧٥٤.والرملي،النهاية ٤٤/٥-٤٥

٨٩. ابن قدامة ٥٨٦/٦

٩٠.المرغيناني:الهدايةمع شرح فتح القدير ٤٥٠/٨ .والزيلعي،تبيين الحقائق ١٩١/٦ .والدسوقي،حاشيته على الشرح الكبير ٤٤٠/٤ .وابن قدامة،المغني ٥٨١/٦-٥٨٢

٩١.الرملي،نهاية المحتاج ٥٦/٥ .والبلقيني،حاشيته على الروضة ٢٣١/٥هامش-١-.والكاساني،البدائع ٣٥٥/٧ .والشيخ عليش،منح الجليل ٦٦٩/٤ .وابن قدامة،المغني ٥٨٢/٦

٩٢. الكاساني ٣٥٤/٧ .والزيلعي ٢٠٤/٦ .وابن قدامة ٤٧٤/٦ .والنووي ١٨٩/٥-١٩٠.والشوكاني ٤٥٨/٤ .

٩٣. الرملي ٤١/٥ .وابن حجر،تحفة المحتاج ١٧/٧

٩٤. الزيلعي،تبيين الحقائق ٢٠٤/٦ .والرملي،نهاية المحتاج ٤٢/٥ .

٩٥.النووى،الروضة ١٩٠/٥ .وابن قدامة،المغني ٤٧٤/٦و٤٧٧ .والعاملي،مفتح الكرامة ٤٤٣/٩ .

٩٦. النووي ١٩٠/٥ .والزيلعي ٢٠٤/٦ .

٩٧.الزيلعي ٢٠٤/٦ .والرملي ٤٢/٥ .وابن قدامة ٤٧٧/٦ .والعاملي ٤٤٣/٩ .

٩٨. ابن حزم،المحلى ٣٩٣/٩ .وابن رشد،بداية المجتهد ٣٣٥/٢ .والكاساني،البدائع ٣٥٤/٧ .والقفال،حلية العلماء ١٢٣/٦ .

٩٩.النووي ١٩٠/٥

١٠٠. الرملي ٦٩/٥ .وابن قدامة ٤٧٨/٦ .

١٠١.الرملي مع حاشية الشبراملیسي ٦٩/٥ .

١٠٢. الزيلعي ٢٠٣/٦ .والكاساني ٣٥٣/٧ .وابن رجب،القواعد ص١٩٦ القاعدة ٨٦ .والقفال الشاشي ١٢٥/٦ .

١٠٣. النووي ،روضة الطالبين ٢٦٦/٥ .

١٠٤. الدسوقي ٤٤٨/٤ .والشيخ عليش،شرح منح الجليل ٦٨١/٤ .وابن حجر الهيتمي،تحفة المحتاج ٦٢/٧-٦٣ .والرملي ٦٧/٥ .والعاملي ٥٠٥/٩ .

١٠٥.أحمد الشلبي،حاشيته على تبيين الحقائق ٢٠٣/٦

١٠٦.الشيخ عليش ٦٨١/٤ .وابن حجر الهيتمي ٦٢/٧ .والرملي ٦٧/٥ .وابن قدامة ٤٧٨/٦ .والعاملي ٥٠٥/٩

١٠٧. النووي ٢٥٦/٥ .

١٠٨. النووي ٢٥٧/٥ .

١٠٩.أحمد الشلبي ٢٠٣/٦ .

١١٠. الكاساني ٣٥٥/٧ .والشلبي ٢٠٣/٦ .وابن قدامة ٤٧٩/٦ .

١١١. الرملي ٦٩/٥ .وابن حجر ٦٤/٧-٦٥ .وابن قدامة ٤٧٩/٦ .والعاملي ٥١٩/٩ .

١١٢. النووي، روضة الطالبين ٥/٢٦٩ .

١١٣. النووي ٥/٢٤٧ .والرملي ٥/٦٦ ،والزيلعي ٦/٢٠١ .والشيخ عليش ٤/٦٥٨ .والدردير،الشرح الكبير ٤/٤٣٢ .

١١٤. المرغيناني،الهداية مع فتح القدير ٨/٤٧٦-٤٧٧ .والزيلعي ٦/٢٠٢ .

١١٥. ابن قدامة ٦/٥٤٩ .ابن حجر ٧/٥٩ .والدردير ٤/٤٣٢ .والعاملي ٩/٤١١ .

١١٦. الرملي ٥/٦٦ .والبابرتي،العناية في هامش فتح القدير ٨/٤٧٦ .

١١٧. الوقائع العراقية ٢٧١٦في١٨//٦/١٩٧٩ .

١١٨. الشيخ عبد الرحيم الكشكي،الميراث المقارن ص١٣٥ الطبعة الثالثة/بغداد٩٧٩/دار النذير.

١١٩. المحلى ٩/٣٨٣ف١٧٥١ .

١٢٠. قال تعالى (كتب عليكم اذا حضر أحدكم الموت ان ترك خيراً الوصية للوالدين والأقربين بالمعروف حقا على المتقين) وجه الاستدلال بالآية:أنها تدل على فرضية الوصية،فخرج منها الوالدان والأقربون الوارثون،وبقي من لايرث منهم على هذا الفرض،كما استند إلى ما روي عن قتادة حيث قال: نسخ منها الوالدان وترك الأقارب ممن لايرث،ونسب هذا الرأى إلى إسحاق وأبي سليمان،المحلى ٩/٣٨٤ -٣٨٥ .وقال ابن قدامة: ((ونقل عن طاوس والضحاك وعبد الملك بن يعلى:من أوصى لغير أقاربه وتركهم،ينتزع عنهم ويرد إلى قرابته،وعن سعيد بن المسيب والحسن وجابر بن زيد:للذي أوصى له ثلث الثلث والباقي يرد إلى قرابة الموصي،لانه لوأوصى بماله كله لجاز منه الثلث والباقي رد على الورثة،وأقاربه الذين لايرثون في إستحقاق الوصية كالوثة في استحقاق المال كله)) المغني ٦/٤١٨ .كما استند بعض المتاخرين إلى القاعدة الفقهية التي تفيد:أن لولي الأمرأن يأمربالمباح لما يراه من المصلحة العامة، ومتىأمر به وجبت طاعته، وهذا أمر بوجوب هذه الوصية، فنشأ بأمره حكم يجب على الكافة أن يعملوا به وإلا كانت وصاياهم مردودة، عبدالرحيم الكشكي، الميراث المقارن ص١٣٦هامش-١-.

١٢١. النووي ٥/٢٠٨ .

١٢٢. ابن قدامة ٦/٤٦٦-٤٦٧ .

١٢٣. ابن حزم ،المحلى ٩/٤٠٦ف١٧٦٤ .والعاملي ٩/٤٦٥ .

١٢٤. النووي مع ملاحظة حاشية البلقيني ٥/٢٨١ .والزيلعي ٦/١٨٨ .والعاملي ٩/٥٥٧ .

١٢٥. البلقيني،حاشيته على روضة الطالبين ٥/٢٨١هامش -٢-.والزيلعي ٦/١٨٨ .والشيخ عليش ٤/٦٧٩ .

١٢٦. النووي ٥/٢٨١ .والقفال،حلية العلماء ٦/١٠٧ .

١٢٧. النووي ٥/٢٨٢ . والشيخ عليش ٤/٦٨٠

١٢٨. النووي ٥/٢٨٣ .وابن قدامة ٦/٤٤٨ .والشيخ عليش ٤/٦٨٠

١٢٩.النووي ٥/٢٨٤ .والكاساني ٧/٣٥٦ .وابن قدامة ٦/٤٤٥ .والشيخ عليش ٤/٦٨٠ والدسوقي ٤/٤٤٧ .

١٣٠. الكاساني ٧/٣٤٥ .والعاملي ٩/٤٣٧ .

١٣١. تقسيم التمليك الى تمليك حقيقي وتمليك حكمي اصطلاح جيد استعمله الشيخ عليش من المالكية حيث قال:( ولافرق بين من يملك حقيقةكإنسان أوحكما كمسجد وقنطرة وخيل جهاد ونعم مسبلة) شرح منح الجليل ٤/٦٤٤.

١٣٢. الكاساني، البدئع ٧/٣٣١-٣٣٢ .

١٣٤. الكمال،فتح القدير ٨/٤٣٢ .والزيلعي ٦/١٨٤ .وابن حجر ،تحفة المحتاج ٧/٣٩ .والشيخ عليش ٤/٦٤٥ .والعاملي ٩/٣٨٣-٣٨٤ .

١٣٥. البهوتي،شرح منتهى الارادات ٢/٥٤٣ .وابن قدامة ٦/٤٤٠-٤٤١ .والرملي ٥/٥٤ .والدسوقي ٤/٤٢٤ .والعاملي ٩/٣٨٣ .

١٣٦. النووي ٥/١٩٥ .

١٣٧.الشيخ عليش ٤/٦٦٩ .والزيلعي ٦/١٨٩ .والقفال ٦/٨٩ .

١٣٨. الكمال ٨/٤٤٧ .والزيلعي ٦/١٨٩ .والشيخ عليش ٤/٦٦٩ .

١٣٩. النووي ٥/٢٧٩ .وابن قدامة ٦/٥٨٧ .

١٤٠. ابن السلمون الكناني،العقد المنظم للحكام ٢/١٦١ .وابن رشد،بداية المجتهد ٢/٣٣٨ .

١٤١. الدكتور مصطفى الزلمي،المصدر السابق ص٦٩ .

١٤٢. النووي ٥/٢٦١-٢٦٢ .والعاملي ٩/٥١٥و٥١٧ .

١٤٣. الكاساني ٧/٣٣٥ .والرملي ٥/٤٧ .وابن حجر ٧/٢٨ .والعاملي ٩/٤٧٠ .والدكتور مصطفى الزلمي ص٥٦ .

١٤٥.النووي مع حاشية البلقيني ٥/٣٦٣-٣٦٤ .والبابرتي،العناية في هامش فتح القدير ٨/٤٣٨ .

١٤٦. الدردير،الشرح الكبير ٤/٤٢٨ .والشيخ عليش ٤/٦٥١ .وابن السلمون الكناني ٢/١٦٣ .

١٤٧. الزيلعي ٦/١٨٦-١٨٧ .والنووي ٥/٣٦٤ .والشيخ عليش ٤/٦٥١ .وابن قدامة ٦/٤٨٦ .

١٤٨.ابن السلمون الكناني ٢/١٦٣ .

١٤٩. النووي ٥/٣٦٨ .والكمال،شرح فتح القدير ٨/٤٣٨ .وابن قدامة ٦/٤٨٧ .والشيخ عليش ٤/٦٥٥ .والعاملي ٩/٤٨٩ .

١٥٠. الرملي،نهاية المحتاج ٥/٧٧ .

١٥١.النووي،الروضة ٥/٣٦٤ .وابن قدامة،المغني ٦/٤٨٦-٤٨٧ .

١٥٢. النووي ٥/٣٦٧ .وابن قدامة ٦/٤٨٦ .والدسوقي،حاشيته على الشرح الكبير ٤/٤٣٠ .والشيخ عليش ٤/٦٥٣و٦٥٥ .

١٥٣.النووي ٥/٣٦٧-٣٦٩ .وابن قدامة ٦/٤٨٧ .والشيخ عليش ٤/٦٥٢ .

١٥٤. الشيخ عليش ٤/٦٥٣و٦٥٥ .والمصادر السابقة

١٥٦. يرى الحنفية:أن كل فعل لو فعله الانسان في ملك غيره بغير إذن مالكه ينقطع به حق المالك يعتبر رجوعا في الوصية،وكذا كل فعل يوجب زيادة في الموصىبه ولايمكن تسليمها الابه،وكذا كل تصرف أوجب زوال الملك،الزيلعي،تبيين الحقائق ٦/١٨٦ .

١٥٧. النووي مع ملاحظة حاشية البلقيني ٥/٣٦٥ .والدردير ٤/٤٢٩ .والكمال ٨/٤٤١ .

١٥٨. القفال،حلية العلماء ٦/١٣٣ .

١٥٩. القفال ٦/٧٧

١٦٠. الكاساني،البدائع ٧/٣٩٤ .

# سەرچاوەکان

١- ابن حجر الهيتمي: شهاب الدين احمد بن محمد ت ٩٧٤هـ.
تحفة المحتاج،طبعة دار صادر بلا سنة.
٢- ابن حجر العسقلاني: الحافظ احمد بن علي ت ٨٥٢ هـ .
فتح الباري شرح صحيح البخاري، دار المعرفة مصورة على الطبعة الاولى،بولاق/مصر سنة ١٣٠١ ه
٣- ابن حزم:ابو محمد علي بن احمد ت ٤٥٦هـ.
المحلى،مطبعة الامام/مصر بلاسنة
٤- ابن رجب : ابو الفرج عبدالرحمن بن رجب الحنبلى ت ٧٩٥هـ.
القواعد ، طبعة دار المعرفة \ بيروت بلا سنة .
٥- ابن رشد :ابو الوليد محمد بن احمد ت ٥٩٥ هـ .
بداية المجتهد ،طبعة دار المعرفة.
٦- ابن قدامة : موفق الدين ابو محمد عبدالله بن احمد ت ٦٢٠ هـ .
المغني ، الطبعة الاولى / مطبعة المنار / مصر ١٣٤٧هـ .
٧- الامام: مالك بن انس الاصبحي ت ١٧٩ هـ .
الموطأومطبوع في هامش المنتقى.
٨- الباجي : القاضي سليمان بن خلف الباجي ت ٤٩٤ هـ.
المنتقي شرح الموطأ ، طبعة دار الكتب العربية / بيروت / مصورة على طبعة ١٢٣٣ هـ مصر .
٩- البابرتي : اكمل الدين محمود بن محمد البابرتي ت ٧٨٦ هـ.
العناية في شرح الهداية ، في هامش شرح فتح القدير .
١٠- البلقيني : سراج الدين عمر بن رسلان ت ٨٠٥هـ .
تعليقاته على روضة الطالبين للنووي مطبوعة في هامشه .
١١- البهوتي : منصور بن يونس الحنبلي ت ١٠٥١ هـ .
شرح منتهى الارادات ، طبعة دار الفكر بلا سنة .
١٢- البيضاوي : عبد الله بن عمر ت ٦٨٥ هـ...
الغاية القصوى،تحقيق علي محي الدين القرداغي ،طبعة دار النصر/القاهرة/سنة ١٩٨٢.
١٣- البيجوري : الشيخ ابراهيم
حاشية على شرح ابن القاسم ،مطبعة مصطفى البابي/مصر سنة١٣٤٣هـ
١٤- الخفيف : الشيخ علي .
مختصر احكام المعاملات الشرعية ،مطبعة السنة المحمدية/القاهرة سنة ١٩٤٩ .
١٥- الدردير : احمد بن محمد العدوي ت ١٢٠١ هـ .
الشرح الكبير ،المطبعة الازهرية/ مصر سنة ١٩٣٤ .
١٦- الدسوقي: شمس الدين محمد عرفة.
حاشيته على الشرح الكبير مطبوعة في الهامش .

١٧- الرافعي : عبد الكريم بن محمد ت ٦٢٣ هـ .
فتح العزيز شرح الوجيز ، مطبوع مع المجموع طبعة دار الفكر .
١٨- الرملي : محمد بن احمد ت ١٠٠٤ هـ .
نهاية المحتاج ، المطبعة البهية المصرية سنة ١٣٠٤ هـ .
١٩- الزيلعي : فخر الدين عثمان بن علي ت ٧٤٣ هـ .
تبيين الحقائق ، طبعة دار المعرفة / بيروت بلا سنة .
٢٠- الزركشي : بدرالدين محمد بن بهادر ت ٧٩٤هـ.
خبايا الزوايا ،طبعة وزارة الاوقاف / الكويت سنة ١٩٨٢.
المنثور في القواعد ، تحقيق الدكتور تيسير فائق ، الطبعة الثانية كويت ١٩٨٢م.
٢١- الزلمي : الدكتور مصطفى .
الاحوال الشخصية / احكام الميراث و الوصية ،بغداد سنة ١٩٨٨.
٢٢- السمرقندي: ابو الليث نصر بن محمد من فقهاء القرن الرابع .
عيون المسائل ، مطبعة اسعد / بغداد سنة ١٩٦٧ .
٢٣- السيد الجرجاني :علي بن محمد ت ٨١٤ هـ .
شرح السراجية ، مطبعة مصطفى البابي / مصر سنة ١٩٤٤ .
٢٤- الشاذلي : الدكتور حسن علي .
نظرية الشرط، دار الاتحاد العربي للطباعة ، القاهرة ، بلا سنة.
٢٥- الشبراملیسي : نورالدين علي بن علي ت ١٠٨٧ هـ .
حاشيته على نهاية المحتاج ، مطبوعة في الهامش.
٢٦- الشربيني : شمس الدين محمد بن احمد الخطيب ت ٩٧٧هـ .
مغني المحتاج ، طبعة دار الفكر بلا سنة .
٢٧- الشلبي : احمد
حاشيته على تبيين الحقائق ،مطبوعة في الهامش .
٢٨- الشوكاني : علي بن احمد ت ١٢٥٠ هـ .
السيل الجرار المتد فق على حدائق الازهار ،طبعة المجلس الاعلى للشؤون الاسلامية / مصر سنة ١٩٨٢ .
نيل الاوطار شرح منتقى الاخبار ،مطبعة مصطفى البابي / مصر بلاسنة .
٢٩- الشيرازي: ابو اسحاق ابراهيم بن علي ت ٤٧٦ هـ .
المهذب ،الطبعة الثانية / مصطفى البابي /مصر سنة ١٩٥٩ .
٣٠- العاملي : محمد جواد بن محمد العاملي ت ١٢٢٦هـ.
مفتاح الكرامة في شرح قواعد العلامة ، طبعة دار احياء التراث العربي بلا سنة .
٣١- عليش : الشيخ محمد بن احمد الملقب بعليش ت ١٢٩٩ هـ.
شرح منح الجليل على مختصر العلامة خليل ، طبعة دار صادر ، بلا سنة طبع .

٣٢- القفال الشاشي : سيف الدين ابو بكر محمد بن احمد
حلية العلماء ، طبعة مكتبة الرسالة /الاردن سنة ١٩٨٨.
٣٣- القليوبي : شهاب الدين احمد بن محمد ت ١٠٦٩ هـ ،
حاشيته على شرح المنهاج للمحلي ، المطبعة الميمنية المصرية سنة ١٣٠٦ هـ.
٣٤- الكاساني : علاء الدين ابوبكر مسعود بن احمد ت ٥٨٧ هـ .
بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع ، طبعة دار الكتاب العربي / الطبعة الثالثة ١٩٨٢م .
٣٥- الكشكي : عبدالرحيم
الميراث المقارن / الطبعة الثالثة / بغداد ١٩٧٩م .
٣٦- الكمال بن الهمام : محمد بن عبد الواحد ت ٨٦١هـ .
شرح فتح القدير ، الطبعة الاولى / بولاق مصر سنة ١٣١٥ هـ .
٣٧- الكناني : ابو محمد عبدالله بن عبدالله بن سلمون .
العقد المنظم للحكام ،مطبوع في هامش تبصرة الحكام لابن فرحون / الطبعة الاولى / المطبعة الشرقية / مصر سنة ١٣٠١ هـ .
٣٨- الكزنيي : الدكتور محمد احمد .
حكم نقل و غرس الاعضاء البشرية ، مطبعة جامعة صلاح الدين / اربيل سنة ١٩٩٩ .
٣٩- المرغيناني : برهان الدين علي بن ابي بكر ت ٥٩٣ هـ .
الهداية ، مطبوعة مع فتح القدير .
٤٠- النووي : محيي الدين بن شرف ت ٦٧٦هـ .
روضة الطالبين و عمدة المفتين ، طبعة دار الفكر سنة ١٩٩٥.